# جەماعەتەکەی کەرکوك

ساڵی بیستو یەکەم ـ ژمارە (5875) دووشەممە ١٠/٩/٢٠١٢



# گرووپی کەرکوک و گۆڕینی چەمکی ناسنامەی نەتەوەیی



**ئازاد ئەحمەد/ بەریتانیا**

فرە کەلتووری، فرە نەتەوەیی، فرە زمانی، لەو ڕەگەزانەن کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێگەیاندنی ئەدیبانی «گرووپی کەرکوک»دا بینی. لەناو ئەو گرووپەدا کورد هەبوو؛ یوسف حەیدەری، زوهدی داودی، محێدین زەنگەنە، سەلاح فایق...کلدۆ ئاشوور؛ سەرگۆن پۆڵس، جان دەمۆ، قەشە یوسف سەعید... عەرەب؛ فازڵ عەزاوی، جەلیل قەیسی، ئەنوەر غەسانی، موئەیەد ڕاوی... تورکمان؛ قەحتان هورمزی... بەڵام ئەم جۆرە دابەشکردنە لەسەر بنەمای نەتەوەیی، بۆ کەسانێک لە شارێکی کۆزمۆپۆلیتیی وەکو کەرکوک دا پەروەردە بووبن، کارێکی هێندە ئاسان نی یە. گەر پێستی هەر کامێک لەو گرووپە هەڵدەیتەوە چەندین نەتەوە و ڕەگەز و کەلتووری جۆراوجۆر ئەدۆزیتەوە. بۆ نموونە، جەلیل قەیسی؛ باوکی عەرەب و دایکی کورد و ژنەکەی ئەرمەنی بوو و لە گەڕەکێکی تورکمان دا ئەژیان. جەلیل هەموو زمانەکانی کەرکوکی ئەزانی. موئەیەد ڕاوی؛ باوکی عەرەب و دایکی ئاشووری بوو و ژنەکەی کوردە. هەموو زمانەکانی کەرکوک بە نووسین و خوێندنەوە و ئاخاوتن بەپاراوی ئەزانیێ، لەبەر ئەوەی لە قوتابخانە کوردی یەکانی دەوروبەری کەرکوک مامۆستا بووە. ئەنوەر غەسانی؛ دایکی عەرەب و باوکی بەڕەگەز تورک بووە، ئەویش بەهەمان شێوە هەموو زمانەکانی ئەزانی. لە ئیمەیلێکدا بۆی نووسیم:»ئەکرێ ناسنامەی نەتەوەیی خۆم بە عەرەب و کورد و تورکمان و شتی دیش بناسێنم». ئەنوەر گەلێ شیعری بۆ کورد نووسیوە؛ شێخ مەحمود و شەقڵاوە و... فازڵ عەزاوی؛ عەرەبی و تورکمانی.. ئەدیبە کوردەکانی ناو گرووپەکەش، بەهەمان شێوە، هەموو زمانەکانیان ئەزانی.

ئەوەی جێی پرسیار بوو لەلام و هەمیشە بیرم لێ ئەکردەوە ئەوە بوو، ئاخۆ ئەدیبانی گرووپی کەرکوک، ڕۆژانە کە بەیەک ئەگەیشتن، زمانی ئاخاوتنیان چی بوو؟. ئەم پرسیارەم لە زوهدی داودی کرد، وتی: بە هەموو زمانێک ئەدواین. لە عەرەبی یەوە ئەمانگۆڕی یە کوردی، ئنجا ئەمانکرد بە تورکمانی، بێ ئەوەی بەخۆمان بزانین. بێگومان، لە دوا سەردانما بۆ ئەڵمانیا، ئەمەم بەچاوی خۆم بینی، کاتێ نوورەدین ساڵحی و زوهدی داودی، کە هەردووکیان کوردن، بە تورکمانی ئەدوان، کە بابەتێکی دی هاتە پێشەوە، کردیان بە کوردی، پاشان کردیانەوە بە تورکمانی. کاتێ لەگەڵ فازڵ عەزاوی دا یەکیان گرتەوە چاکو چۆنییان بە تورکمانی کرد، پاشان کە باسی ئەدەبیات هاتە پێشەوە کردیان بە عەرەبی.

..

جگە لەم زمانانە، بەهۆی نزیک بوونیان لە کۆمپانیای نەوتەوە، هەموو خۆیان فێری زمانی ئینگلیزی کرد، کە ڕۆڵێکی سەرەکیی هەبوو لە گەشە پێدانی ئەدەبەکەیان و ئەو نوێخوازی یەی لەشیعرو چیرۆک و شانۆی عێراقی دا هێنایانە ئاراوە. هەندێکیان ڕاستەوخۆ لەو کۆمپانیایەدا کاریان ئەکرد و لەگەڵ ئینگلیزەکان تێکەڵ بوون؛ جەلیل و ئەنوەر. هەندێکیشیان کەسوکاریان لەو کۆمپانیایەدا کاریان ئەکرد؛ برایەکی سەرگۆن و باوکی موئەیەد و کەسوکاری جان. سەرگۆن بەو ڕۆمانانەی «کتێبی گیرفان»Pocket Bookخۆی فێری ئینگلیزی کرد کە کرێکارە ئینگلیزەکانی کۆمپانیای نەوت پاش خوێندنەوەیان فڕێیان ئەدان، ئەنوەر پۆڵسی برای سەرگۆنیش ئەیهێنانەوە ماڵ. سەرگۆن و هاوڕێکانی، وەک ئاشکرایە، بەهۆی خوێندنەوەی ئەدەبی جیهانی بە زمانی ئینگلیزی و، بەهۆی کاریگەرییان بە «گرووپی بیتنیکس» Beat Generation؛ ئاڵن گینسبێرگ و جاک کیرواک و لۆرەنس فیرلەنگێتی و ئەوان، توانییان لە شەستەکان دا ڕووی ئەدەبی عێراقی بگۆڕن لە کلاسیکەوە بۆ مۆدێرن. جۆرێکی نوێیان لە پەخشانە شیعر داهێنا جیاواز بوو لەوەی گۆڤاری» شعر»ی ئەدۆنیس و یوسف ئەلخال و ئونسی ئەلحاج و ئەوان... گرووپی کەرکوک لەڕاستی دا چەمکی ناسنامەی نەتەوەییان گۆڕی و چەمکێکی نوێ و ئەفسووناوییان داهێنا کە ئاڵتەرنەتیڤی ئەو چەمکە کۆنە نی یە، بەڵکو چەمکێکی ئینسانی یە. فازڵ عەزاوی لە کتێبی «الروح الحیە — جیل الستینات فی العراق»دا خاڵێکی دیمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە لەبارەی ئەو بیروباوەڕە ئینسانی یەی گرووپی کەرکوکی تیادا گۆش کرا، ئەڵێ: «لەبەر ئەوەی لە منداڵییەوە بە گیانی برایەتی پەروەردە بووین و فێر کراین تەنیا باوەڕ بە تاکی مرۆڤ بهێنین بێ گوێدانە پاشینەی نەتەوەیی یان ئایینی یاخود چینایەتی کە پێمان وابوو ئەو ڕەگەزانە تەنیا ڕێکەتن و هیچ ناگەیەنن، وای بۆ ئەچووین کە حیزبی بەعس حیزبی عەرەبە، پارتی حیزبی کوردانە، تۆرانی حیزبی تورکمانە، ئێمەش ئەمەمان بەهیچ جۆرێک بۆ قەبووڵ نەئەکرا، بەڵام حیزبی شیوعی بە بۆچوونی ئێمە تەمسیلی یەکێتی عێراقی ئەکرد؛ جیاوازی نی یە لەنێوان موسڵمان و کرستیان، یان عەرەب و کوردو تورکمان لەلایەک، لەلایەکی دیش لەسەر ئاستی عەرەبی و جیهانی دا جیاوازی نی یە لەنێوان گەلێک و گەلێکی دی و نەتەوەیەک و نەتەوەیەکی دیدا»، بۆیە پەیوەندییان بە حیزبی شیوعی عێراقی یەوە کرد.

---



# گرووپی کەرکووک

**سەباح ئیسماعیل**

لە دوادوایی ساڵانی پەنجاکاندا و دواتر گەرموگوڕتر و بەجۆشتر و کامڵتر لە ساڵی ١٩٦٤ـەوە کۆمەڵێک لاوی خوێن گەرم و عاشق بەئەدەب، لە ڕێگەی ئەدەبەوە و هەر بۆ ئەو مەبەستەش یەک بەیەکتر ئاشنا بوون و دواییش هەموویان بوونە دۆست و هاوەڵ و هاوڕێی یەکتر.

لە ساڵی ١٩٥٩دا ڕاپەڕینی گاورباغی لە شاری کەرکووکدا لەلایەن کرێکارانی کۆمپانیای نەوتەوە ئاگاداربوونەوە و ڕاچەنینێکی شۆکئامێز بوو بۆ دانیشتووانی ناوچەکە و بەتایبەت ئەوانی چەقی ناو شاری کەرکووک. بوونی کۆمپانیایەکی گەورەی وەکو کۆمپانیای نەوتی کەرکووک لە شارەکەدا بۆ خۆی ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا. هەر لەو کاتەشدا بوونی ڕۆڵی چالاکی حزبی شیوعی لە شارەکەدا و گەشەسەندنی بیری مارکسیزم و بیری بوونگەرایی لە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی کتێبەکانی ژان پۆڵ سارتەرەوە و هاندان و پەرەدان بەکلتووری خوێندنەوە، هەموو ئەمانە بەسەر یەکەوە، وایان کرد ڕۆشنبیران و نووسەرانی شارەکە نەک هەر ئاگاداری ئەدەبی عەرەبی بن، بەڵکو وای لێ کردن ئاگاداری زمانەکانی تری وەکو ئینگلیزی و لەڕێی نووسەرە تورکمانەکانەوە ئاگاداری تورکییش بن. بۆ نموونە کەسێکی وەکو فازڵ عەزاوی هەندێک ڕۆمانی بەزمانی تورکی دەخوێندەوە. هەموو ئەم تازە نووسەرانە، کە خولیای تازەگەری دایگرتبوون و دەیانویست بەنووکی تیژی خامەکانیان دنیا ئاگادار بکەنەوە و ئینجا بیگۆڕن و وڵاتی شیعر، یا بەگشتی وڵاتی ئەدەب لەسەر کەلاوەی ئەدەبی باو بنیات بنێن، تا لە ڕێگەیەوە گۆڕانکاریی گەورە بەرپا بکەن.

بەشێکیان لە گازینۆ نەسری شەقامی کۆماری و هەندێکیشیان لە گازینۆ مەجیدیەی تەنیشت کتێبخانەی گشتییەوە دادەنیشتن. گازینۆکان لە هەر شوێنێک بووبن لە شێوەی ساڵۆنەکانی میسر و فەڕەنسا ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسییان بینیوە. ئەمە وایکرد ئەو نووسەرانەی هەردوو گازینۆکە یەک بگرن و سەبارەت بەئەدەب لە مشتومڕ و گفتوگۆیەکی بەردەوامدا بن، تاکو لە ڕێگەی ئەم دانیشتنانەوە بۆیان دەرکەوت ڕایەکانیان لێک نزیکن و خەمەکانیشیان هەمان خەمن، ئەویش خەمی نوێکردنەوەیە، بێ ئەوەی شتێک هەبێت بەناوی زمان یا نەتەوەوە لێکیان دوور بخاتەوە.

ئەمانە پێکهاتەیەک بوون لە عەرەب و تورکمان و کورد و سریانی و ئەرمەنی. تێیاندا هەبوو جگە لە عەرەبی و زمانی خۆی، کوردی و تورکمانی و سریانیشی دەزانی. بۆیە کە قسانیان دەکرد تەنیا بەعەرەبی نەدەدوان، بەڵکو بەکوردی، یا بەتورکمانییش دەدوان.

هەڵبەت ئەم جیاوازی نەکردنە لەو کاتەدا سیمای شاری کەرکووک و خاڵی یەکگرتن و تۆکمەکردنی پێوەندیی نێوانیان بوو، ئینجاش نهێنیی مانەوەیان، ئەگەرچی بەداخەوە لەو کاتەدا، لە ساڵی ١٩٥٩دا ڕووداوێکی دڵتەزێنی شۆفێنییانە، کە بەهەراکەی کەرکووک بەناوبانگە ڕوودەدات، بەمەبەستی ئاژاوەنانەوە لەنێوان پێکهاتەکانی شارەکەدا و هەندێک دەبنە قوربانی و هێندەشی نامێنێ لەلایەن قەحتان هورمزییەوە درزێک بکەوێتە ناو گرووپەکەوە، لەبەر ئەوەی بەقەولی هورمزی ئەوان لە کوشتوبڕی تورکمانەکاندا هاوخەمییان دەرنەبڕیوە، بەڵام ئەمە درێژە ناکێشێ و خۆشبەختانە زوو دادەمرکێتەوە و لە سنووری زویربوونێک تێپەڕ ناکات.

ئەم کۆمەڵەیە، یا ئەم گرووپە، یا ئەم دەستەیە، یاخود ئەم بزووتنەوەیە (ناتوانین ناوێکی پڕ بەپێستی خۆیانیان لێ بنێین، چونکە

مانیفێستێ، یا ڕۆژنامەیەک،
نەبوو. ئەو ناوەیشی لێیان
بەغداوە بووە) پێکهاتبوو لە
موئەیەد ئەلڕاوی (١٩٣٩)
و جەلیل قەیسی (١٩٣٧-
(١٩٣٤-١٩٩٣) و ئەنوەر
قەحتان هورمزی (١٩٣٦-١٢
و جان دەمۆ (١٩٤٣-٢٠٠٣)
٢٠٠٧) و سەلاح فایەق (٤٠
(١٩٣٦-٢٠١٢) و فاروق مس
ئیدی بەهەموویان پێکهاتەی
تەسبێح چێ کردبوو لە دەنک
و شانۆنامە و ڕۆمان و ڕە
شێوەکاری و خۆشنووسی ه
تا ئێستا لێکۆڵەران لەسەر
کەرکووک کۆک نین، بۆ نم
ئەلعەزاوی، عەبدوللەتیف ب
و محێدین زەنگنە (١٩٤٠-
دادەنێن و تێیشیاندا هەیە
داودی لە دەرەوەی گرووپ
تەنیا لێیانەوە نزیک بووە
زوهدی داودی لە وتارێکیدا
دەڵێت :
«بەم شێوەیە خۆم لە ئەڵ
بینییەوە، کە دژ بەسەردەمی
ئاستی عێراقدا بە (گرووپی ک
لەم قسانەی داودییەوە دەگە
نەک هەر ئەدەبی بووە،
پاڵپشتیی ئەمەش فاروق مس
گرووپەکە شیوعی بوون،
هەبوو. (٢)
بۆیە مایەی سەیر نییە زۆریا
و چەند ساڵێکیان تێدا چەشت
هەمیشە لە ئێش و ئازارەکان
بەرابەر ڕێژیمە دیکتاتۆرییەک
نەوەستاون، بە



# ... خۆری ئاوانەبوو



یا گۆڤارێکی تایبەت بەخۆیان
ی نراوە لەلایەن نووسەرانی
:
و فازڵ ئەلعەزاوی (١٩٤٠
٢٠٠٦) و یوسف حەیدەری
غەسانی (١٩٣٧-٢٠٠٩) و
٢٠) و زهدی داودی (١٩٤٠
و سەرگۆن پۆڵس (١٩٤٤-
١٩) و قەشە یوسف سەعید
تەفا (١٩٤٦).
ەکی ئەدەبییان لە شێوەی
کی هۆنراوە و چیرۆک و وتار
خنە و وەرگێڕان و هونەری
ۆنرابووەوە.
ژمارەی ئەندامانی گرووپی
وونە زوهدی داودی و فازڵ
ەندەر ئۆغلۆ (١٩٣٧-٢٠٠٨)
٢٠١٠) بەئەندامی گرووپەکە
نووسەرێکی وەک زوهدی
ەکە دادەنێت و دەڵێت ئەو
و لەناو گرووپەکەدا نەبووە.
بۆ مەرگی قەحتان هورمزی،

قەیەکی ئەدەبی _ سیاسیدا
پاشایەتی بوو، پاشان لەسەر
کەرکووک) ناسرا». (١)
ینە ئەو ئەنجامەی گرووپەکە
بەڵکو سیاسییش بووە. بۆ
تەفا دەڵێت: هەموو ئەندامانی
یا مەیلی مارکسییانەیان

ن میوانی بەندیخانەکان بوونە
ووە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە
ی میللەتەوە نزیک بوونە و لە
اندا دۆش دانەماون و بێدەنگ
ەڵکو بەردەوام قسەی خۆیان
هەبووە.
ڕ ە نگە

لەسۆنگەی ئەمەشەوە بووبێت ئەندامانی گرووپەکە تەرتە و وەرتە بوون و هەر یەکە و لە وڵاتێکدا گیرساوەتەوە و چون ئەرستۆ بەدانایی شاری جێهێشت و لەترسی ئەوەی نەکو بەدەردی سوقراتی فەیلەسووف بچێت، گوتی: «ئەو فرسەتە ناداتە ئەسینا، کە گوناهێکی دی دژ بەفەلسەفە بکات. هیچ ترسنۆکییەکیش لەم کارەیدا نییە»، (٣)ئەمانیش بەهێمنی نەکو بەدەردی کرێکارانی مانگرتووی گاورباغی بچن، بۆ یەکجاری شارەکەیان جێهێشت.

لەنێویاندا تەنیا جەلیل قەیسی نەبێت، تا سەری نایەوە کەرکووکی جێنەهێشت و لە کەرکووکدا مایەوە و هەر لە ئارانجا، یا ئارابخا (ناوی کۆنی کەرکووک)یشدا سەری نایەوە.

کەچی ئینجاش ئەدەبی جەلیل قەیسی ئەو پیاوەی هەمیشە خۆی گرمۆڵە کردبوو و لە گۆشەنشینییەکەیدا جیهانێکی دەگمەن و ناوازەی خوڵقاندبوو و سروودی خۆی بۆ بەدیهێنانی کامەرانی و بەختەوەریی مرۆڤەکان دەگوتەوە، زوو سنووری ناوچەیی و پاشان عێراقی بەزاند و لەودەمی تەمەنی ٣٠ ساڵ بوو، ساڵی ١٩٦٧ کۆمەڵە چیرۆکی (حیلکەی ڕێبواران بەدەوری جیهاندا)ی لە بەیرووت بەچاپ گەیاند.

جەلیل قەیسی سەبارەت بەدوورەپەرێزییەکەی دەڵێت: «ئەوا پتر لە سی ساڵە من لە قۆزاخەی تەنیاییدام.. بەشێوەیەکی درامیی تێکەڵ بەسادی بەدەوری خۆمدا لێم داوە. گومانم لەوە هەیە هەر هێزێک بتوانێت لێی دەرمهێنێ، چونکە بووەتە بەهەشتی من.. گۆشەنشینی پیرۆزییەکی تایبەتی هەیە، ئەگەر مرۆڤ بزانێت چۆن لەسەر خاچی کۆژانەکانی ڕاکشێت.... (تا دەگاتە) کەسێکی باشی وەکو من تا ڕادەی لاوازی و پێویستییەکی شێتانەی بەجیهانی ئەفسووناوی هەیە، ناتوانێت بەئارامی لەگەڵ ئەوانی تردا هەڵکات.. تەنیاییەکەی من دەروونی و فەلسەفییە، لەبەر هەندێ پەنای بۆ دەبەم، چونکە تێیدا دەگەشێمەوە.. هەرچی ناوبانگە ئەوا بەلای منەوە مایەی پێکەنینە.. من لە دوورەپەرێزیدا هەست بەخۆم دەکەم.. ناوبانگ وشەیەکی پێکەنین هێنەرە!!...). (٤)
مخابن ئەگەر ئەم گرووپە کاریان بۆ خۆیان بکردایا و بڵاوکراوەیەکی تایبەت بەخۆیان هەبووایا و باڵی بەرینی ڕەخنە بەسەریاندا بشەکایەتەوە و بەرهەمەکانی یەکتریان بۆ زمانەکانی تر وەربگێڕایا و ئاراستەیەکی دروستیان هەبووایا، دوور نەبوو پتر بناسرانایا و بەرهەمەکانیان سنووری عێراقیان ببڕیایا و بگەیشتنایەتە وڵاتانی عەرەب و لەوێوە ڤیزەی پەڕینەوەیان بۆ وڵاتانی جیهان بەدەست بهێنایا.

زەلامەکە لە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکەدا
کەوت
کابرا کەوتە سەرچۆکان.
ئاخۆ تا ئەم ڕادەیە شەکەت بوو
تاکو توانای وەستانی لەدەست دابێت؟
داخۆ گەیشتە ئەو بەنداوەی
شەپۆلی ڕیاکاری تەمەن تێیدا دەشکێت؟
داخۆ چەکووشی غەم بەسەریدا زاڵ بووە؟
ئایا زریانی ئازار بوو؟
ڕەنگە کارەساتێک بووبێت
کەس بەرگەی نەگرتبێت... (٥)

شوێن لای نووسەرانی گرووپەکە مانا جوگرافییەکەی تێپەڕاندبوو و مانای تری دەبەخشی، بۆیە هەمیشە و وێڕای دوورکەوتنەوەیان لە کەرکووکەوە و لە دووری هەزاران میلەوە وەک باڵندەیەک لە زێدی خۆی دابڕابێت گۆرانییان بۆ دەچڕی و هەمیشە کەرکووک ئیلهامبەخشی نووسین و داهێنانەکانیان بووە و لە هەر کوێیەک هەڵخلیسکابن خۆیان بەکەرکووکەوە گرتووە.

سەلاح فایەق کاتێک لە وڵاتێکی دەرەوە و دوور لە کەرکووک شیعر دەهۆنێتەوە، دەنووسێت:
گەر ئێستا لە کەرکووک دەبووم
سەردانی گۆڕی پیاوچاکێکم دەکرد و
پەڕۆیەکی ڕەنگاوڕەنگم بەدیواری
گۆڕە لەمێژینەکەیەوە هەڵدەواسی.

قەشە یوسف سەعید، کە بەر لە هەموو ئەندامانی گرووپەکە کەوتبوو و شانۆنامەیەکی بەناوی (یەکەمین کوشتارگە)ـەوە لە ساڵی ١٩٥٨دا بڵاوکردەوە، لە دیمانەیەکیدا لە ساڵی ٢٠١٢دا لەگەڵ ئازاد ئەحمەد ئەسوەددا، لەکاتێکدا بیری تیژی کول بووبوو و پیری پەکی خستبوو، دەڵێت:
«ئەستەمە ڕۆژگارەکانی خۆم لە کەرکووک لەیاد بچێتەوە». (٦)ئەو هێند شەیدای کەرکووک و کەرکووکییان بوو، تەنانەت لەسەر گەشەکردنی گۆرانیی کوردی وتارێکی لە گۆڤاری (التراث الشعبی)دا بڵاوکردەوە. جا دەبێت چ کوردییەکی ڕەوانی زانیبێت!

هەرچی جان دەمۆی بۆهیمی و هەمیشە پەڕپووتە، ئەو وەک ئەوەی هەر بۆ شیعر خوڵقابێت هۆنراوەی دەهۆنییەوە:
لەژێر ئاسمانێکی وەنەوشەییدا
جێ بۆ منالەکانمان جێدێڵین؟
لە سەدەی داهاتوودا چییان بۆ دەهێڵینەوە؟
داخۆ گەرمەژاریان بۆ جێدێڵین؟
ئایا مەرگێکی ئامادەیان بۆ هەڵدەگرین؟
یا تەرمیان بۆ جێدێڵین؟

سەرگۆن پۆڵسی شاعیر و وەرگێڕ لە دیمانەیەکی لەگەڵ سەلاح عەواددا دەڵێت:
«بەلای منەوە کەرکووک سەرەتای نووسین و ئەو چاوگ و شوێنەیە، کە تێیدا چاوم لەسەر هەڵوێستەکانی شی عردا هەڵێنا... لە هەموو کتێبەکانمدا لەسەر کەرکووکم نووسیوە، بەتایبەتییش لە کتێبی (یەکەم و دوامین)، تێیدا چامەیەکی تێدایە بەناوی (ڕۆژێک لە کەرکووکدا) چامەیەکە بەتەواوی گوزارشت لە وێنەی کەرکووک دەکات، کە تا ئێستا لەگەڵمدایە، ئەو چامەیەم لە ئەمریکا لە سان فرانسیسکۆ نووسی». (٧)

زوهدی داودییش لە چەشنی ئەوانی تر و ڕەنگە بوێری بکەین و بڵێین لەوانیش پتر هەمیشە کەرکووک و دەورووبەری شانۆی ڕووداوەکانی چیرۆک و ڕۆمانەکانین «ئەو لەبەراییدا بەچیرۆک دەستی پێ کرد و پاشان لەسەر ڕۆمان گیرسایەوە. دیارترین ڕۆمانیشی سێیینەی دۆڵی کفرانە (درێژترین ساڵ، سەردەمی هەڵاتن، وەرچەرخانەکان). نووسەر لەم سێیینەیەیدا باس لە دەڤەری گەرمیان بەتایبەتی و چەقی شاری کەرکووک بەگشتی دەکات. دەکرێت بڵێین ڕۆمانێکی مێژووییە و جارجاریش بەفەنتازیا مارکیزییەکەی لە ڕووداوە مێژووییەکان دوور دەکەوێتەوە، تا زیاتر بەواقیعەکەمان ئاشنا بکات، ڕۆماننووس هەوڵی داوە مێژوو بکات بەکەرەستەی ڕۆمانەکەی، نەک ڕۆمانەکە بکات بەکەرەستە بۆ مێژوو، واتا لەپێناوی ئایندەدا مامەڵە لەگەڵ ڕابردوودا دەکات». (٨)

گرووپی کەرکووک هەڵدەگرێت چەندین کتێبی لەسەر بنووسرێت و بەرهەمی یەک بەیەکی ئەندامەکانی هەڵبسەنگێنرێت، لێ مخابن ئەوی تا ئێستا کراوە زیاتر گێڕانەوەی مێژووی گرووپەکە و بەشدارەکانییەتی، نەک قسەکردن لەسەر ئەوەی چییان نووسیوە. بەهەر حاڵ گرووپی کەرکووک خۆری ئاوانەبووە و بەرهەمی نووسەرانی بوونە هەوێن بۆ گەلێک نووسەری دوای خۆیان، تا ئەو ڕادەیەی توێژەرێکی وەکو دکتۆر عەبدوڵا ئیبراهیم قسە لەسەر گرووپی دووی کەرکووک بکات و مێژوویان بنووس ێتەوە. (٩)نووسەرانی تریش هەن، باس لە گرووپی سێی کەرکووک دەکەن.



سەرچاوە و پەراوێزەکان:

(١) زهدی الداوودی، وداعا قحطان الهرمزی. موقع الحوار المتمدن.

(٢) لە دانیشتنێکدا لە ڕۆژی ٢٠١٢/٧/١٠دا لە یانەی ئەندازیارانی کەرکووک، بەئامادەبوونی فاروق مستەفا و د.عەبدوڵا ئیبراهیم و بورهان ئەحمەد و هیشام قەیسی، سەبارەت بەگفتوگۆ کردنمان لەبارەی گرووپەکەوە، مامۆستا فاروق وایگوت. هەر لەو دانیشتنەشدا باسی لە ناوی فازڵ ئەلعەزاوی کرد و گوتی، بەگاڵتەوە پێمان دەگوت فازڵ گەللەو، واتا گڵاو. ئیدی لەناو گرووپەکەدا ئەو ناوەی بەسەردا بڕا و بەفازڵ گەللۆیان گاز دەکرد.

(٣) ویڵ دیورانت، سەربردەی فەلسەفە (بەرگی یەکەم)، و: تاریق کارێزی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٩٨.

(٤) جلیل سرمک، جلیل القیسی.. عراب العزله المقدسه. سلسله الموسوعه الصغیره. دار الشؤون الثقافیه. بغداد

(٥) سرکون بولص: قصائد غیر منشورة، الحوار المتمدن، ع (٢٠٨٢)، ٢٠٠٧.

(٦) گۆڤاری گزنگ، ژ (٩٥)ی ٢٠١٢. وەرگێڕانی: بورهان ئەحمەد.

(٧) توفیق التونجی: جماعه کرکوک الادبیه، موقع الحوار المتمدن.

(٨) زوهدی داودی، درێژترین ساڵ، وەرگێڕانی: سەباح ئیسماعیل، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٥.

(٩) بڕوانە: نەوشەفەق، ژ (٨٤)ی ٢٠١١ و ژ (٨٨)ی ٢٠١٢. د. عەبدوڵا ئیبراهیم، گرووپی دووی کەرکووک. و: بورهان ئەحمەد.

# گرووپی کەرکووک ... چەن



**عەباس عەبدوڵڵا یووسف**

کەرکووک وەک شارێکی کوردستانی و فرەنەتەوە، هەر لە کۆنەوە خەسڵەتی شارێکی نیمچە کۆسمۆپۆلیتانی پێوە دیار بوو. لە گەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و هاتنی کۆمپانیای بیانی نەوت، کۆمەڵگەی کەرکووک چەند هەنگاوێک بەرەو شارستانیەت چوو، بەڵام سیاسەتی رەگەزپەرستانەی حکومەت و بێبەشبوونی خەڵکەکە لەو سامانەی نەوتە، پێشکەوتنی کۆمەلایەتی دواخست.

دیار نییە کێ ناوی لەم دەستە نووسەرە ناوە (جماعة كركوك ) و تەنانەت ئەنوەر ئەلغەسانی لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیدا لە وەڵامی پرسیاری (ئەم ناوەی چۆن بەسەری دابڕا ؟ ) خۆی لادەدات، دکتۆر ئیبراهیم عەبدوڵڵا پێیوایە لە دەساڵەی شەستەکان ناوی ئەم گرووپە بەکار نەدەهات و بەلایەوە لە نیوەی یەکەمی دەساڵەی حەفتا بە دەرکەوت. من پێموایە ئەم ناوە لەلایەن ئەدیبانی ناو بەغدا دروست کرا، کاتێ پایتەخت بووە رووگەی نووسەرانی ئەو شارە، چونکە لەچاو ئەدیبانی بەغدا و دەوروبەر و خوارووی عیراق، ژمارەی ئەدیبانی عەرەبینووسی کەرکووک کەمە و جۆرە تایبەتمەندییەکی نووسینیان هەیە زوو پێی بەناوبانگ بوون. هەروەها بە تێکەڵە ئەم ناونیشانە بەکار دەهات بەسەرێک مەبەستیان کەسانی ناو گرووپەکەیە، بەسەرێکی تریش ئەو نووسەرە کورد و تورکمانەی کەرکووک و دەوروبەری دەگرێتەوە، ئەوانەی بە زمانی عەرەبی دەنووسن.

سینەما و وەرزش و ئینگلیزەکانی کۆمپانیای نەوت و شەمەندەفەر و کتێبخانەی گشتی و تایبەتی، لە پاڵ ئەمانەش گۆڤاری (العاملون فى النفط ) دەبنە زەمینەیێک بۆ دەرکەوتنی گرووپی کەرکووک.

لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو نووسەری کوردی عەرەبینووسی کەرکووک (عبدالصمد خانقاه ) لە چیرۆکنووسینا دەورێکی پێشەنگ دەگێڕێت. دوا سالانی شەستەکان رۆمانی فەلەکەدین کاکەیی (بطاقه یانصیب ) چاپکرا و لە بەغدا و کەرکووک و دەوروبەر و شارەکانی دیکەی عیراق دەنگدانەوەیێکی باشی هەبوو .

گۆڤارەکانی بەیرووت:

الاداب. حوار. شعر. مواقف. دەبنە شوێنی بڵاوکردنەوە و مەبەستی ئەم گرووپە، لەوانەیە وردەرۆژنامە و گۆڤاری تری لوبنانیش هەبێت. لە ناوەوەش گۆڤاری الكلمه و شعر ٦٩ و پاشکۆ ئەدەبییەکەی رۆژنامەی (الجمهورية) و لاپەڕە ئەدەبییەکانی رۆژنامەی تر، بەرهەمیان بڵاو کردۆتەوە. سەرگۆن وەختێ دەگاتە بەیرووت بەڕێوەبەری گۆڤاری شعر: یوسف الخال (١٩١٧ ـ ١٩٨٧) باوەشی بۆ دەکاتەوە و لە گۆڤارەکە دایدەمەزرێنێ. لە لوبنان،گۆڤاری (الاداب) بە ئاڕاستەیێکی شۆرشگێرانەی نەتەوەیی کاری دەکرد و بانگەشەی بۆ سارتەر و هەڵوێستەکانی دەکرد. گۆڤاری (شعر ) بە ئاڕاستەیەکی لیبرالیزمانە کاری ئەنجام دەدا و بانگەشەی بۆ (هۆنراوەی پەخشان) دەکرد ولایەنگریی ئەدەبی رۆژاوای پێوە دیاربوو. لە بەرامبەر ئەوانەش گۆڤاری (الطريق ) هەیە، لاپەرە کانی ئەدەب بۆ رێبازی ریالیزمی شۆرشگێڕ وسۆشیالیزمی تەرخان کرابوو.

ناوە هەرە دیارەکانی گرووپی کەرکووک ئەمانەن: سەرگۆن پۆلص .فازل عەززاوی. ئەنوەر ئەلغەسانی . موئەییەد ئەلراوی. جەلیل ئەلقەیسی. یوسف سەعید (الاب ـ باوە قەشە ). جان دەمۆ و تا رادەیەک یووسف حەیدەری و سەلاح فایق .

لە ناسنامەی کەسانی گرووپەکەدا، مەسیحیەکان زیاترن و تەنانەت یوسف سەعید خۆی قەشە بوو. ئەمانەش وەک دیارە لەناو دەقەکانیان دیانپەرستییان (مەسیحایەتی ) نەکردووە، ئەگەرچی شیعرەکانیان ئاماژەی سمبولانەی ئەو ئایینەی تێدایە، بەڵام مەبەستی تەواو ئایینی و تەبشیری لەناو نابینرێت. لە تێکرای بزاڤی رۆشنبیری و سیاسی و کارگێڕی دەولەتی عیراق دا مەسیحیەکان بەشدارییەکی دیاریان هەبووە و هەیە. پاش راپەرینی بەهاری ١٩٩١ و چەسپاندنی ئازادی و دامەزراندنی پەرلەمان و دەزگاکانی حکومی و مەدەنی کوردستان، لە پاڵ گەلی کورد تورکمان و کلدانی و ئاشووری بە مافەکانیان شاد بوون. لە ئەمڕۆدا دەزگا رۆشنبیرییەکانی سریان بە کۆڕ و سیمینار و کتێب بایەخێکی شیاویان بەم سێ داهێنەرە ی خۆیان داوە.

ژینگەی کەرکووک بە کەلتووری کورد و عەرەب و تورکمان و کلد وئاشوورییەوە، رەنگدانەوەی لەسەر رەفتار و هەڵوێست و بەرهەمی گرووپەکە هەبوو.

نووسەرانێک هەن، لە نەوەی نوێ ئەوسای کەرکووک، لە ئاخرو ئۆخرەکەیدا بەگەڵیان کەوتن، لەوانە: سەلاح فایق، هەروەها رەخنەگر و وەرزشکاری سریانی ناسر یوسف، لە کەرکووکەوە راگواستەی هەولێر دەبێ و یەک لەو چالاکیانەی جەلیل قەیسی بانگهێشت کرد و کۆڕێکی پێگێڕا لەبارەی ئەزموونی خۆی.

مێژووی ئەدەب و هونەری جیهان پڕی بزاڤ و گرووپ و قوتابخانەیە، هەر یەک لەوانە ناودارانی خۆی هەیە، هەروەها ساڵی لە دایکبوون و گەشەکردن و کۆتایی، پێموایە گرووپی کەرکووک لە ١٩٦٤ وە دەسپێدەکات ولە ١٩٧٠ پەرتەدەکات و مانەوەی جەلیل قەیسی لە کەرکووک و چوونی سەر گۆن و ئەوانی تر بۆ دەرەوەی وڵات، ئەمە قوناغێکی نوێیە و وەک گرووپ بیری لێنەکراوەتەوە، مەگەر بۆ یادگاری و نۆستالجیا، لە باسکردنی گرووپەکە نووسەری تورکمانی فارووق مستەفا زاراوەی (ما بعد جماعة كركوك ) واتە (پاش گرووپی کەرکووک ) لە ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٩ی گۆڤاری یورد ـ الوگن ـ بەکار دێنێ، لێرەدا دەپرسین: ئاخۆ دەکرێ بێ گوێدانە سنووری گرووپەکە، فراوانی بکەینەوە و هەرکەسێ لە ساڵانی دواتری کەرکووک دەقێکی نووسیبێ بخرێتە نێو بازنەی گرووپەکەوە ؟

هەر لەهەمان ژمارەی گۆڤاری ناوبراودا دکتۆر عەبدوڵڵا ئیبراهیم زاراوەی (جماعه كركوك الپانيه ) واتە (دووەم گرووپی کەرکووک ) بەکار دێنێ و ناوی چەند نووسەریک ریز دەکات، من پێموایە گشت ئەو بەرێزانەی نووسەرانی هەردوو وتار و ئەوانەی ناویان هاتووە، سەرباریش سێ نووسەری بەناوبانگی کورد زوهدی داودی و خوالێخۆشبووان یووسف حەیدەری و محێدین زەنگەنە ، ئەمانەش دۆستی زۆر نزیکی گرووپەکە بوون، بەڵام خۆیان بە ئەندامی گرووپەکە نەزانیوە.

* گرووپی کەرکووک بێ مانفیستۆ (بەیاننامە ) بوو، مانفیستۆ لە عیراقی ئەوسا، ئەدەبیش بێ هەر حسێبی سیاسی بۆ دەکرا و راپۆرتنووسانی دەسەڵات لێکدانەوەیەکی خراپیان بۆ دەکرد، لە حاڵەتی وا دەقەکانیان دەبنە مانیفستۆ، هەبوونی مانفیستۆش زۆرجار نابێتە بەلگەی بوونی نووسازی، من لە کورتە وتارێکم بە ناونیشانی (مانفیستۆی بەتەناش ـ گۆڤاری رامان) بەر لە چەند ساڵێک ئاماژەم بە جۆری وا داوە کە بەکەچە مانفیستۆیەک ، نووسازیی داهێنەرانی (بێ مانفیستۆ) زەوت دەکرێ و خوێنەری سادە پێی هەڵدەخەلەتێ و وا دەزانێ ئەو مانفیستۆدارانە رەسەن وخاوەن پرۆژەکەن.

* گرووپی کەرکووک بێ گۆڤار بوو، لێرە و لەوێ و جار و بارە بەرهەمی خۆیان بڵاوکردۆتەوە، گەر گۆڤاریان هەبوایە دەیاتوانی زیاتر داهێنان بکەن و نووسەرانێکی زۆر لە دەوریان کۆ دەبوونەوە. لە شەستەکان بڵاوکردنەوەی بەرهەم لە گۆڤاری شعر پێوەرێکی گرنگە بۆ باڵایی دەقی بڵاوکراو، هەردوو گۆڤاری شعر و حوار بە ئاڕاستەی لیبرالیزم و نوێخوازی کاریان دەکرد. سەرگۆن وفازیل و جەلیل دەقیان تێدا بڵاوکردۆتەوە.

* کەم تا زۆرێک و لە مەودای دەق و هەڵوێست و ژیان ئەم گرووپە هەم کاریگەری لە هەندێ نووسەری کورد کردووە و هەمیش کورد بەسەر بیرکردنەوەیان کاریگەر بوو، خوێندنەوە و وەرگێڕانی بەرهەمەکانیان بۆ سەر زمانی کوردی بەشێکە لەو پەیوەندییە، عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی بەردەوام هەوڵی داوە، جەلال زەنگابادی کۆمەڵێ شیعری سەرگۆنی تەرجەمە کردووە، عەباس عەبدوڵڵا یووسف لە دیوانی (لم نيازمه ـ١٩٧٨ ) ی بە شێوەی پێشکەش سوپاسی سەرگۆن پۆلصی کردووە، هەروەها دەستەیێک هۆنراوەی فازیل عەززاوی وەرگێڕاوە، د. سەروەر عەبدوڵڵا بەشێک لە هۆنراوەکانی عەززاوی وەرگێراوە. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد بایەخێکی تەواوی بە بەرهەمەکانی جەلیل قەیسی داوە، ئەو بایەخپێدانە بە نووسەرانی کەرکووک دەگاتە پۆپە و بە نامەیەک لە بارەی رۆمانە سێینەکەی زوهدی داودی دکتۆرا وەردەگرێت، ئازاد ئەحمەد ئەسوەدیش ئەم گرووپەی پێناسە کردووە، هەڵبەتە نووسەرانی تریش هەن پێناسە و وەرگێڕانیان کردووە.

ئادیۆلۆژیا و بیروباوەر:

به دەقەکانیانەوە هەست بە بیری سیاسی زەق و دیار ناکرێت، ئەمەش سیمایەکی هونەری بەخشییە بەرهەمەکانیان، لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستی سەردەمی جەنگی سارد، کۆمەلێک بیر و ئایدلۆژیا کاریان دەکرد وەک مارکسییەت و لیبرالیزم و بیری نەتەوەیی و ئایینی و بوونایەتی (وجودييەت )، رووداوەکانی کەرکووکی دوای شۆرشی









# ـد ئـامـاژەیێکی چڕ

١٤ تەموزی ١٩٥٨ لە ساڵانی ١٩٥٩ تا دەگاتە کودەتای رەشی ٨شوباتی ١٩٦٣ و پەیدابوونی حەرەسی قەومی و کارەساتەکانی کوشتن و بڕین وتاڵان کردن، گشتی ئەمانە وایان لەنووسەر کرد بە دوای ئەدەبێک بگەڕێ لەو هێڵە ترسناکانە بە دوور بێت، لەگەڵ ئەمەشدا عەززاوی و موئەیەد وغەسانی و جەلیل لە بیر و بەرەی چەپ نزیکن و لەو پێناوەدا تووشی تەنگانە و حەپسخانە بوون.

* لەناو نەوەی شەستەکانی عیراقی سەدەی رابردوودا، ئەدەبی گرووپی کەرکووک پێگەیێکی شایستەی هەیە، ئەگەرچی هەر بە (نەوەی شەستەکان ) دادەنرێت و لە شیعرا بە (نەوەی دووەم ) حسێب دەکرێ پاش (نەوەی یەکەم ) ی پێشەنگەکانی هۆنراوەی ئازاد: سەییاب. نازک. بەیاتی. بلٌند.

* نووسەرانی گرووپەکە رەگەزی نێرن و ئافرەتێکیان تیا نییە، ئەگەر مەودایان تا ئێستا بمایە، ئەوا شاعیرێکی وەک ( گوڵاڵە نووری ) ناوی دەکەوتە ناو گرووپەکە.

* ئەگەرچی لە سەردەمی هەڵپەداری عرووبە ژیاون، و شۆڤێنییەت بە کردەوە مۆرکێکی باوی دەسەلاتی بەغدا بوو، بەلام ئەوان لایەنگر و دۆستی ئەو ئاڕاستەیە نەبوون.

* جگە لە زمانی عەرەبی هەر یەکە لەوانە کەم تا زۆرێک، زمانی ئینگلیزی و کوردی و تورکمانی و سریانی زانیوە، لە ئۆروپاش ئەوانەی چوونە ئەڵمانیا لەوێ فێری زمانەکە بوون. سەرباری ئەمە ئەنوەر ئیسپانی فێربووە.

* دووری لە نیشتمان تووشی نۆستالیجیای کردوون ولەلای هەریەکەیان خوی بە شێوەیێک دەنواند و لە گەل بابەتی نەفرەت کردن لە رژێم ئاوێتە دەبوو. سەرگۆن پۆلص لە ساڵانی بەرایی لە عیراق و دوای دەرچوون و تا دەگاتە سان فرانسیسکۆ بە ئاسایی و بێ هەستکردن بە نامۆیی باسی کۆنە هەوار دەکات. پاش جێگیربوونی، سۆزی غوربەت زیاتر کاری لێدەکات.

سەرگۆن پۆلص (١٩٤٤ ـ ٢٠٠٧):

شاعیر و چیرۆکنووس و وەرگێڕە، بە رەگەز ئاشوورییە و گەلێک جار لەدەقەکانی پاش بەرایی و تا دەگاتە دوادیوانی، ئیلهامی لە ئەفسانە و مێژووی ئاشووری و سۆمەری و گریکی و تەوراتی و ئینجیلی و شاعیرانی کلاسیکی عەرەبی وەرگرتووە، گشت ئەمانەی ئاوێتەی ژیانی رۆژانەی خۆی دەکرد و دیمەن و وێنەی دەگمەنی لێدەگرت،

سەرگۆن هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە خولیای سەفەر دەکات، بە خوێندنەوە کۆچ و گەڕان بەناو دەقەکانی ئەدەبی جیهانی دەکات و بە گەڕانی سەر زەمین دەگاتە بەیرووت، شاری گۆڤاری شعر و ئاداب و نوێخوازی و سێکس ودەریا و بەندەر، بۆ داهێنان و بژێوی لە نووسینی خۆی بەردەوام دەبێ، پاشان روو لەشاری سان فرانسیسکۆ دەکات و لەوێ نیشتەجێ دەبێ، ماوەیێکیش لە یۆنان دەگوزەرێنێ. سەرگۆن بەشێوازێکی نوێی لە خۆچوو دەقەکانی نووسیوە، هۆنراوەکانی لە پەخشانەشیعری لوبنانی نزیکن تا عیراقی، ناونیشانی هۆنراوەکانی سادەن و بە ناونیشانی چیرۆک دەچن، بەلام هەناویان پڕ جوولە و وێنەی دەگمەنن و لە گەلێ جێ سریالیانە داڕێژراون. خوێندنەوە بە زمانی ئینگلیزی دەیخاتە بەر کاریگەری هۆنراوەی رۆژاواوە و بەتایبەت هۆنراوەی شاعیرانی ئەمریکی وەک: والت وتمان و رۆبەرت فرۆست و ئی شاعیرانی نەوەی (بیتنکس ) (Beatniks) وەک: ئەلین گینسبێرگ خاوەنی هۆنراوەی بەناوبانگی (وەڕین)

* فازیل عەززاوی :

شاعیر و چیرۆک ورۆماننووس و وەرگێڕ، ساڵی ١٩٤٠ لە کرکووک لەدایکبووە، ساڵی ١٩٦٦ بەشی ئینگلیزیی زانکۆی بەغدا تەواو دەکات. ساڵی ١٩٧٣ لە بەرلین دبلۆمی رۆژنامەگەری وەردەگرێت. ساڵی ١٩٦٩ بە بەشداری گۆڤاری (شعر ٦٩) دەردەکات ولە هەمان ساڵ رۆمانی (ئافەریدە جوانەکانی فازیل عەززاوی ) بلاو دەکاتەوە، ئەمەیان هەم رۆمانە و هەم چامەیە، شێوازە هەرە نوێ و جیاکارانەی ئەم رۆمانە، هەرایەکی رەخنەیی بەرپا دەکات. هەر لە قۆناغی خوێندنی ناوەندییەوە بەهرەی ئەدەبیی دەگەشێتەوە و لە ساڵی ١٩٥٦ قەشەی شاعیر یووسف سەعید دەناسێت .ساڵی ١٩٥٩ جەلیل قەیسی دەناسێت و پاشتر بە گشتیان دەگات. فازیل دوور لە دۆگمایی بە هەناسەیەکی مارکسیانەی فرە سەرچاوە هۆنراوەی خۆی نووسیوە. کاریگەری مایاکۆڤسکی و شاعیرانی چەپی فەرەنسی و ئەلمانی و ئەمریکی لەسەرە. لە ساڵانی دوایی چیرۆک و هۆنراوەکانی لەناو فانتازیا و کۆمیدیای رەش دەخولێنەوە وبەشی هەرە زۆریان دژ بە جەنگ و دیکتاتورییەت دەوەستن.

* ئەنوەر ئەلغەسسانی (١٩٣٧ ـ ٢٠٠٩) :

شاعیر و رەخنەگر و چیرۆکنووس و وەرگێڕ و نیگارکێشە، لەبەر باری سیاسی و نەبوونی ئازادی رووی لە ئەڵمانیای دیموکراتی کرد و ساڵی ١٩٦٨ لەبەشی رۆژنامەگەریی زانکۆی لایبزگ خوێندوویەتی، پاش ساڵی ٢٠٠٠ دەچێتە کوستاریکا و دەبێتە مامۆستای زانکۆ و دواتر رەگەزنامەی ئەو ولاتە وەردەگرێت، لێرە و لەوێ وەک دەنگێکی پێشکەوتنخواز، بەرگری لە مافەکانی گەلی عیراقی دەکرد. لە ژمارە ٢٦٠ ی گۆڤاری الثقافة الجدیدە ساڵی ١٩٩٤ دا بە ناونیشانی (اکراد رحل )هۆنراوەیێکی بلاوکردۆتەوە پێشکەشی زوهدی داودی کردووە .

جەلیل ئەلقەیسی (١٩٣٧ـ ٢٠٠٦) :

نووسەرێکی داهێنەری کورتە چیرۆک و کورتە شانۆنامەیە، باوکی عەرەبە و دایکی کوردە، هاوسەرەکەیشی ئەرمەنییە، تا تەمەنی هەشت ساڵی هەر بە زمانی کوردی دواوە، لە ژمارەی زستانەی ساڵی ١٩٦٨ دا لە گۆڤاری شعر کورتە چیرۆکی (صهیل المارة حول العالم ) بلاودەکاتەوە، دواتر دەبێتە ناونیشانی یەکەمین کۆکراوەی چیرۆکەکانێتی. شانۆی کوردستانی چەند بەرهەمێکی بەرجەستە کردوە.

فانتازیا و واقع و کەسانی لەبیرکراو لێک دەسازێنێ، تام و بۆییێکی شۆرشگێرانە و سێکسانە بە ئافریدەکانی دەبەخشێت، بۆ دۆزینەوەی بابەت ناو مێژووی گریک و میزۆپۆتامیا دەکۆڵتەوە.

موئەیەد ئەلراوی :

شاعیرێکی کەمنووس و کەمپەخشە، لە زووەوە هۆنراوەی ئازاد (الشعر الحر ) ی نووسیوە و بە قسەی نووسەری کورد زوهدی داودی هانی سەرگۆن و سەلاح و کەسانی تری داوە تا هۆنراوەی ئازاد بنووسن، کەسایەتییەکی چەپە و لە پێناو گەلانی ژێردەستە و دیموکراتیەت و نان خەباتی کردووە، گیراوە و ئەشکەنجە دراوە، ساڵی ١٩٧٠ عیراقی جێهێشت، پاش زیاتر لە سێ دەساڵێک دیوانی (ممالک ) چاپ دەکات، ئەمە دووەم دیوانێتی

باوە یووسف سەعید (١٩٣٢ ـ ٢٠١٢ ) :

شاعیرێکە بە هەناسەیێکی مێژوویی و ئەفسانەیی و ئایینی و بە تام و بۆیەکی سەردەمیانە هۆنراوە دەنووسێ، ساڵی ١٩٦٣ بەرەو بەیرووت عیراق جێدێلێ و تا ساڵی ١٩٧٠ لەوێ دەمینێتەوە، ئینجا روو لە ولاتی سوید دەکات نیشتەجێ دەبێ ولە تەمەنی هەشتا ساڵی دا کۆچی دوایی دەکات. من دوو تێبینیم لەسەر یووسف سەعید هەیە، یەکەمیان: لە ماوەیێکی کەم و لە سەرەتای پێگەیشتنیان شاعیرانی گرووپەکە دەناسێت و خۆی ساڵی ١٩٦٣ کرکووک جێدێلێت، لە کاتێکا دەرکەوتنی راستەقینەی ئەوانە دوای ئەو ساڵە بوو، بۆیە پێموایە ناکرێ بلێین یووسف سەعید یەکێکە لە کەسانی گرووپەکەیە. من پێش ناسینی ناسنامەکەی و لەبەر رۆشنایی هۆنراوەکانیەوە وام دەزانی شاعیرێکی لوبنانییە. دووەمیان: زۆر پێم ناخۆش بوو کە چاوم بە کتێبەکەی کەوت، کە ناونیشانی (حضور الابداع ـ تجربە حمید سعید الشعریە ـ طبعە اولی ١٩٨٩ ) حەمید سەعید شاعیر و رۆژنامەنووس و بەرپرسێکی حیزبی بەعسە، لەچاو شاعیرانی نەوەی شەستەکان و دواتر ناویکە لە رێزی پێشەوە نییە و بەهرەکەی مامناوەندییە و خودی یووسف سەعید بەتەمەن و بەهرە زۆر گەورەترە. رەوایە بلێین: لەجیاتی ئەوەی حەمید سەعید کتێبێ لەبارەی یووسف سەعیدەوە دابنێت، لە سەردەمی بەد ئەنجامەکە پێچەوانە دەبێت.

* جان دەمۆ (١٩٤٩ هەندێک ساڵی ١٩٤٣ دەنووسن ـ ٢٠٠٣ ) :

ناوی تەواوی (یۆخننا دەمۆ یووسف ) دواتر ناوێکی شیعری بۆ خۆی هەڵبژارد و بە جان دەمۆ ناسرا، شاعیر و وەرگێڕە، مەیخۆرێکی لات و بۆهیمییەکی بەرەڵڵا و بەردەوام نیشتەی مەیخانەکانە، لە خواردنەوەدا هاودەمی شاعیران و نووسەران بووە بە تایبەت شاعیرانی گەنج دەورەیان لێدەدا و گەلێجار پارەیان لە باتی دەدا، لە ژیانی سەرگەردانی ناو چایخانە و مەیخانە و سەر شەقام، ئەویش وەک دوو شاعیری کۆچکردوو (حسێن مەردان و عەبدولئەمیر حوسەیری ) دێتە باس کردن. جان دەمۆ ببووە دیاردەیێک و لەمەدا لە شیعرەکانی خۆی بەناوبانگتر بوو. ساڵی ١٩٩٣ بە هاوکاری چەند شاعیرێکی عیراقی (اسمال ) ی بۆ چاپکرا.

* لەوانەیە پرسیارێکی ئاوا لە خۆم بپرسم: کامە نووسەری ئەم گرووپە جیهانییە؟ بە خۆم دەڵێم: هۆنراوە و کورتە چیرۆک و دوا رۆمانەکانی فازیل عەززاوی، ئینجا بەشێک لە هۆنراوەکانی سەرگۆن و بەشێک لە کورتەچیرۆک و بەشێکی زیاتر لە کورتە شانۆنامەکانی جەلیل قەیسی. ئەوانی دیکەش دەقی شیاویان هەیە.







# گروپی ئەدەبی کەرکوک، خۆر



مەحمودنە جمەدین

پترلەپەنجاساڵ بەرلەئێستا کەرکوک یەکێک بووە لەشارە پێشکەوتووەکانی عێراق لەبواری رۆشنبیرییدا. لە رووی رۆشنبیریی و ئەدەبییەوە کەرکوکی ئەو کاتە پایتەختی رۆشنبیریی بووە، خاوەنی خەڵکانی وەکو جەلیل قەیسی و جان دەمۆ و محێدین زەنگەنە و موئەیدەراوی و ئەنوەر غەسانی و..... لەو وێنانەشدا کەبۆئەمڕۆمان ماونەتەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە کەرکوک لەرووی ژینگە و سروشت و بیناسازیشەوە پاک وخاوێن بووە. و هاوکات مەڵبەندی بازرگانیش بووە. بەداخەوە ئەم کەرکوکەی ئەمڕۆ هەرگیز لەو کەرکوکە ناچێت و بەپێچەوانەی دونیاوە کەرکوک لەبری ئەوەی پێشکەوێت بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە. هۆکار زۆرە و هۆکاری سەرەکیش حوکمڕانی بەعسیەکان بوو، کە لەهەموو روویەکەوە ئەو شارەی کردبەوێرانەیەکی گەورە و لەهەموو روویەکەوە داڕووخا و لەساڵی ٢٠٠٣ ێشەوە بەعس وەک دەسەڵات رووخا و عیراق بوو بەمۆڵگەی تیرۆر و ئۆقیانووسی خوێن، کەرکویش بێ بەش نەبوولەو میحنەت و عەزابانە. سەرباری هەرخزمەتگوزارییەک کەبۆئەوشارەکراوە، هێشتا لەپاشماوەی مەملەکەتێکی وێران دەچێت. بەشێک لە رۆشنبیرانی کەرکوک لەدەرەوەی شارەکە دەژین و بەسەر وڵاتانی دونیا و شارەکانی عێراقدا دابەش بوون. بەشێکی دیکەی رۆشنبیران لەشارەکەدان. ئەوەی لەدەرەوەی کەرکوکە هیچی پێناکرێت بۆ کەرکوک و ئەوەشی لەشارەکەدا دەژی لەدۆخێکی هێندە سەخت و نائومێدایە، گۆشەگیری هەڵبژاردووە. بۆیە کەرکوک ئێستا پتر لە وێرانەیەکی گەورە دەچێت و باس کردنی گروپی کەرکوکیش خەونێکە. گەڕانەوەش بۆ سەردەمی ئەوان خەونێکی ترە. رۆشنبیریی لەم شارەدا نەک پێش ناکەوێت بگرە گەڕانەوە بۆ ئاست و پلەی ئەو رۆژگارەی کەرکوکیش خەونە. کەرکوک لەشەستەکانی سەدەی رابردوودا پایتەحتی داهێنان و رۆشنبیریی بووە و خاوەنی کۆمەڵێک رۆشنبیریی وەک جەلیل قەیسی و سەرگۆن پۆڵس و صەلاح فایەق و یوسف حەیدەری و فازل عەزاوی جان دەمۆ موئەیەد راوی و قەحتان هورمزی و زوهدی داودی یوسف سەعید و ئەنوەرغسانی و ... بووە. ئەمانە توانیان رۆشنبیریی و ئەدەبیات بەوئاستەبگەیەنن کە کاریگەری لەسەر رۆشنبیریی عێراق و بگرە لەسەر وڵاتانی عەرەبیش دەوری گرنگیان هەبووە، سەرگۆن و جان دەمۆ و جەلیل قەیسی رۆشنبیریی عەرەبییان سەرسام کرد، بەو داهێنانەی کە کردیان بۆ ئەو کاتی عێراق تازە بوو، بۆیە ئەم گروپە ناوناوبانگ و گەشەکردنی رۆشنبیرییان عیراقی گرتەوە. ئەم گروپە رۆحی تازەگەریان هەبووە و لەگەڵ رەوتی تازەی ئەدەبیدا رێیان کرد، ئەم گروپە زۆرینەیان بوونیەوی بوون و شوعیشیان تێدابوو وەک جان دەمۆ کە خۆی لەدیدارێکدا باس لەوە دەکات کە ئینتیمای بۆ شوعیەت هەیە.

ئەگەر لەسەرەتای سەدەی بیستدا ئەنوەر شاوول و مەحمود ئەحمەد سەید و عەتا ئەمین و یوسف مەتی و زو نواب ئەیوب و..هتد کاریگەریان لەسەر رۆشنبیریی و ئەدەبی عێراقی هەبووبێت و داهێنانیان کردبێت ئەوا بەدڵنیاییەوە نەوەی شەستەکانی کەرکوک کە گروپی کەرکوکە کاریگەری زۆریان هەبووە لەسەر رۆشنبیریی و ئەدەبی عێراقی. چیرۆکەکانی جەلیل قەیسی و شیعرەکانی سەرگۆن پۆڵس و جان دەمۆ باڵانسی رۆشنبیریی عێراقیان بەرزکردەوە لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی. وشە مەست و شێتانەکانی جان دەمۆ لەوپەڕی بێ هۆشیدا قوڵایی مانا و ئەو پەڕی چێژبەخشی بووە و یاخیبوون بوو، ئەو شاعیرە مەستەی لە مەنفا سەری نایەوە و هەتا مرد لەسووچی فەرامۆشیدابوو، و لەعێراقیشدا دەمۆ لەپەراوێزخراوەکان بوو. گروپی کەرکوک لەشەستەکانی سەدەی رابردوودا رۆشنبیریی عێراقیان دەوڵەمەند کرد و کاریگەریان لەسەر رۆشنبیریی عەرەبیش هەبووە، سەرگۆن پۆڵس شیعرەکانی بۆ گۆڤاری شیعری لوبنانی دەنارد و لەوێ بڵاوی دەکردنەوە و جان دەمۆ ئەو کاتەی لە بەیروت بوو بەشیعرەکانی رۆشنبیران و خوێنەرانی عەرەبی سەرسام کردووە. رۆشنبیرانی گروپی کەرکوک بەدەر لە نووسینی خۆیان زمانیان زانیوە و چەندین دەقی جیهانیان وەرگێڕاوە. بەگشتی کاری گروپی کەرکوک نوێکردنەوەی شیعر بووە لە رۆژگارێکدا کە شیعری عەرەبی پێویستی بەتەکانێک هەبووە تا پێ بنێتە سەردەمی تازە و ئەدەبی تازەوە. گروپی کەرکوک هێڵێکی تایبەتیان نەبووە لەسەری برۆن. سەرگۆن پۆڵس بایەخی بە گێڕانەوەداوە و گەڕاوەتەوە بۆرابردوو. روداو و یادگاری رابردوو دەگێڕێتەوە. جەلیل قەیسی ئیشی لەسەر مێژووی شار کردووە و ئیقتیباسی شارستانییەتی ئارابخای کردووە. سەلاح فایەق گرنگی بەکۆلاجی ئەدەبی داوە و فازیل عەزاوی لەرەوتی ئەدەبی لایداوە و جان دەمۆ بەرە تونێلەکانی بێهۆشی هەنگاوی ناوە. ئەمانە واتای ئەوەن کە ئەم گروپە لەسەر یەک هێڵ نەبوون و ئاراستەیەکی دیاری کراو و دەستەجەمعیان نەبووە. هاوکات فرە کەلتووری هەبووە لەم گروپەدا. فرە کەلتووری کەرکوک لەو گرووپەدا کۆبووەتەوە، هەریەک لەو گرووپە سەربەنەتەوەیەک و ئاینێک بووە لەکورد و تورکمان و عەرەب و مەسیحی ..

لەکۆتاییەکانی سەدەی بیست و سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکدا ئەندامانی ئەو گروپە بەتراژیدیا کۆتاییان پێهات، جەلیل قەیسی پێنووسە مەزنەکەی چیرۆکی عێراقی لەپێخەفی نەخۆشی و پیریدا ساڵی ٢٠٠٦ سەری نایەوە و سەرگۆن پۆڵس لەتاراوگەدا مەرگ زەفەری پێبرد. جان دەمۆ بەسەرخۆشی لەشەقامەکانی تاراوگەدا سەری نایەوە. فازل عەزاویش هێشتا لە تاراوگەدا دەژی. سەدان لێکۆڵینەوە و باس و بابەتی زۆرجیدی لەبارەی ئەم کۆمەڵە نووسەرەی شەستەکانی کەرکوکەوە نووسراوە، لەوانە نامەی ماجستێری نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد و خالید الیاس کە لەبارەی جەلیل قەیسیەوە بووە و لێکۆڵینەوەیەکی ریاز قاسم لەسەر شیعری جان دەمۆ ..... لەشەستەکانی سەدەی رابردوودا عەقڵی ئازاد و گەشەی خوێندنەوە و نووسین و رۆشنبیریی هەبووە لەکەرکوکدا. جەلیل قەیسی بەچیرۆک و شانۆنامەکانی کاریگەری لەسەر ئەدەبی عێراقی و عەرەبی هەبوو و رۆشنبیرییەکی دەوڵەمەندی هەبووە، لەچیرۆکەکانیدا ئیقتیباسی شارستانییەتی دەکرد و دەگەڕایەوە بۆ کەرکوکی کۆن و هاوکات خەیاڵێکی فراوان و جوانی هەبووە لە دونیای خەیاڵ و فانتازیادا کاری دەکرد. بەگشتی گروپی شەستەکانی کەرکوک کۆمەڵێک رۆشنبیری داهێنەربوون و ئەدەبی عێراقیان دەوڵەمەند کرد، کەرکوکی شەستەکانیش هەر بەهۆی داهێنانەکانی ئەوانەوە پایتەختی شیعر و چیرۆک و شانۆبووە. ئەگەر قسە لەسەر نووسین و لێکۆڵینەوەکان بێت ئەوا چەندین نامەی دکتۆرا و ماجستێر و چەندین لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەزموونی ئەم کۆمەڵەنووسەرەوە نووسراوە چ لەناو نووسەرانی کورد و چ لەناونووسەرانی عەرەبیدا. بەڵام ئەوەی مایەی خەم و کەسەرە ئەوەیە،کە لایەنی دەسەڵات گرنگی بەم گروپە نەداوە نەلەرۆژگاری خۆیان و نەلە رۆژگاری ئەمڕۆدا. گرنگیدانی حکومەت بە رۆشنبیرانی ئەم گرووپە چۆنە؟ دەبوایە لاینی پەیوەندیدار لە شاری کەرکوک هیچ نەبێت کارێکی ئەرشیفیان بکردایە هەموو ئەو زانیاری و وێنە و نامە و نووسینی دەستوخەت و کەرەسە و جل و بەرگەکانیانە لە مۆزەخانەیەکی بچوکدا بەپاراستایە هێشتا زووە و ئێستاش ئەو کارە دەکرێت. بەرهەمەکانیان چاپبکرێتەوە کۆڕ و کۆبوونەوە بۆ ئەزموون و بەرهەمەکانی ئەوان بکرێت و رێزلێنان و خەڵات بەناوی ئەوانەوە بکرێت. لێکۆڵینەوە و باس و قسەکردن و دیالۆگ لەبارەی بەرهەمەکانی ئەو گروپەدا چەند پێویستە ئەوەندەش پێویستە کاری ئەرشیفی و کۆکردنەوەی بەرهەم و دەستنووسەکان و شتەتایبەتییەکانی ئەو نووسەرانە بکرێت. یەک لە رۆشنبیرانی گروپی کەرکوک سەرگۆن پۆڵسی مەسیحییە لەئەزموونی ئەم شاعیرەدا نیگاری کەرکوک دەبینین وەکو شارێک کەلای شاعیر خۆشەویست بووە، گەرچی سەرگۆن لە حەبانییە لەدایکبووە، بەڵام سۆزوخۆشەویستی بۆ کەرکوک دەگەڕێتەوە بۆیادەوەرییەکانی هەرزەکاری وسەردەمی گەنجێتی کە پڕبووە لەسەرکێشی وجوانی وشیعرییەت، شیعرلای سەرگۆن پرۆژەی ژیان بووە ئەو لەپێناوی شیعردا ژیاوە شاعیری تازەگەربووە. لەکەرکوکەوە بۆ بەغدا و بۆ بەیروت و بۆ سان فرانسیسکۆ و بۆ بەرلین وپاشان مردن.

هەرچی ئەزموونی جەلیل قەیسی یە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەفسانە — ئاربخا — کەشی ئەفسانەیی و ریالیستی چیرۆکەکانی لەسەربونیادی خەون بنیاتنراون لەچیرۆکی مەملەکەتی تیشکەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ کەرکوکی کۆن، خوێنەر دەباتەوە بۆ ئارابخا و مێژوو و ئەفسانە و حیکایەتەکانی شاری وەرکا. لەچیرۆکی گەشبوونی پلازمای خەیاڵ گێڕانەوە لەگەڵ زەمەنی دایستۆیەڤسکیدا تێکەڵ دەبێت دیالۆگ لەنێوان دۆستویەڤسکی جەلیل قەی سیدایە.

چایخانەی نەصرو مەجیدییە لەکەرکوک لەشەستەکاندا دووشوێنن پڕن لەیادەوەری و پڕن لەداهێنان لەم دووشوێنەدا رۆشنبیرانی شار کۆبوونەتەوە و گفتوگۆی ئەدەبیان کردووە و گروپی کەرکوکیش هەر لەم دووشوێنەدا کۆبوونەتەوە و توانییان ئەو گروپە دروست بکەن و تەکانێک بەئەدەبی عێراقی بدەن. ئەو رۆژگارەگەشەی عەقڵی ئازاد لەکەرکوکدا برەوی سەند و کەرکوک بووبە شاری شیعر و سیحر و جوانی و داهێنان و کۆڕ و کۆبوونەوە و دیدارەئەدەبی هونەرییەکان دەروازەی داهێنان بوو لەکەرکوکی ئەو عەیامەدا. جان دەمۆ شاعیری بەدبەختی و چارەرەشی و پەراوێزخراویەکێکبوو لە ئەندامانی ئەو گروپە، جان لەخێزانێکی ئاشووری کەرکوک لەدایکبووە و بەعەرەبی نووسیوێتی و لەزمانی بیانییەوە چەندین دەقی بۆ عەرەبی وەرگێڕاوە. جاندەمۆ ناوی تەواوی یۆخننا دەمۆ یووسف ١٩٣٨لەکەرکوک لەدایکبووە، قوتابی بووە لە ناوەندی کەرکوک، وەک دەڵێن لەماتماتیکدا زیرەکبووە، لەباوەڕ و خەیاڵی خۆیدا نەبووە ببێت بەشاعیر. کوڕی بنەماڵەیەکی هەژاربووە لەپەراوێزخراوەکانی ئەدەبی عیراقییە هەڵسوکەوتەکانی هۆیەکبوون بۆ ئەو پەراوێزخستنە، ئەم شاعیرە ئەتوار سالوکییە، زەوقی ئەدەبی باوی رەتدەکردەوە، نەریتی سیاسی وکۆمەڵایەتی باوی رەتدەکردەوە، بۆیە دەبوایە لەژێر ئەو دەمامکی سالوکییەدا خۆی مەڵاس بدات، تا لەگورزی بەعس پارێزراوبێت.

دەوڵەمەندی ئەم گروپە لەجیاوازی دەنگەکانیاندابووە، سەرگۆن کاری لە یادەوەریداکردووە، بەشیعر گەڕاوەتەوە بۆ یادەوەرییەکان و بۆ رابردوو. عەزاوی لە رەوتی پێشوولای داوە، بەرپەرچی رەوتی باوی داوەتەوە. سەڵاح فایەق پەنای بۆ کۆلاج برد. جان دەمۆ بەسالوکی و سەرخۆشی سیستمی زمانی بێداری تەواوی دروستکرد، لەبەدمەستییە بەئاگامەندی گەیشت. ئەوسەردەمە جان دەمۆ و سەرگۆن شیعری ویلیم ستانلی میروین یان وەرگێڕاوە و خوێندووەتەوە کە هێشتا لەم نێوەندەدا تا ئەندازەیەک میروین نامۆیە. میروین نەوەی جان دەمۆ و سەرگۆنە و شاعیرێکی ئەمریکییە شیعرەکانی لەبارەی سروشت ەوەیە.

جاندەمۆ وسەرگۆن لەسەرەتای حەفتاکاندا لەبەیروت ژیاون، لەدەست رژێمی بەعس رایان کردووە، دوورەپەرێزبوون لە پلەو پۆست و خەڵات. جان دەمۆی زمان پیس و جنێوفرۆش کە جنێوی بەکەسە نزیکەکانی داوە، لەژێرکاریگەری بۆدلێر و عەبەسیەتی رامبۆدا بووە، لەدۆخی مەستبوونەوە درکی بەهەموو ئەو شتانەکردووە کە ئازاری رۆحی دەدەن، گوزارشتی لەو پەراوێزخستنەی خۆی کردووە و پەراوێزکردنی کردە پەیڕە و دووربوو لەشتەسادە و بێماناکان. جان لەکەرکوکەوە بۆ بەغدا و بۆ بەیروت و بۆعەممان چوو و دواجار بۆ ئەوروپا بەمەش بووبەشاعیرێک و مرۆڤێکی گەردوونی و لەهیچ شوێنێک رەگیدانەکوتا، شاعیر لەمیحنەتی عێراقی شەڕخوازی ئەوکاتدا بەرۆح لەگەڵ شوعییەکاندابووە و تەئیدی کردوون، هەر لەبەر ئەمەش توشی سزابووە. جەلیل قەیسی توشی هەمان شت بووە و لەکاتی پەلاماری شوعییەکاندا کەرکوکی جێهێشت و لە وەزیفەش دەرکرا. لەم نووسینەدا تیشک دەخەینە سەر چەندپارچەشیعرێکی جان دەمۆ. شاعیر جاندەمۆ دەڵێت:

لێوەکان بەستویانە لێوەکان درێژن لەعەزاب
ساردبوونەوە
پێکەنین دووبارەو دووبارە
دەسەڵاتدارەکان داچڵەکێنین
رەتکەینەوە

لەم چەند دێڕە شیعرەدا دەرکی ئەوە دەکەین شاعیر بەرپەرچی سیستمی سیاسی ئەو کاتەی داوەتەوە و دژی سیستمی دیکتاتۆریەت و خوێنڕێژی بەعسییەکان وەستاوەتەوە، گوزارشت لەو عەزابە دەکات کە لێوی مرۆڤی گرتووە، عەزابی مرۆڤ لەو رۆژگارە سەختەدا، بۆیە داوا دەکات بەپێکەنین دەسەڵات لەناوبدرێت و رەتبکرێتەوە. ئەمە وەڕێنەی شێتێک نییە، بەڵکو گوزارشتە پڕ لەئاگایی و هۆشیارییەکانی شاعیرێکی بلیمەت و ئازایە کە لەژێر دەمامکی وەڕێنە و شێتیدا هۆشیاری دەبەخشێتەوە لەئاستی دەسەڵاتێکی دڕندەدا. لەشیعرێکی تردا شاعیر دەڵێت:

بمرین
راپەڕین
بەرژێم بڵێین نا
چەند شەپۆلێکی درێژ سارد و زیندوو نەمردن
هەیە لێرە نەدەنگدانەوە.

ئەمەش چەند کۆپەلە شیعرێکی وڕێنە ئاسا و شێتانەی جان دەمۆیە کە دیسانەوە بۆ راپەڕین و بەگژداچوونەوە بانگەوازی هاوسەردەمەکانی خۆی دەکات. شاعیر بۆ ئەو رۆژگارە مەترسیدارە زمانی سیمبولی کردە پەیڕەوێک بۆ شیعر نووسین و لەو زمانەوە کە رووکەشی مەستی و وڕێنە و نارێکی رستەکان بوو و ناوەخنی پڕ لەهۆشیاری بەگژداچوونەوەبوو توانی گەشە بەشیعربدات و داهێنان بکات و گوزارشت لەمرۆڤدۆستی و ژیانی نوێ بکات و دەرئەنجام ئەو دەمامکە چاری کێشەکەی نەکرد و جان دەمۆناچاربوو روو لەتاراوگە بکات. لەشیعرێکی دیکەدا شاعیر دەڵێت:

ئەو تەورەی بۆ برینی قەد و باڵای درەخت کراوە
بەبەردەوامی هەر بەتەوری دەمێنێتەوە
لێرەدا شاعیر لە ژیانی درەختەوە گوزارشت لە مرۆڤ

# ری داهێنان



ئەوسەردەمە جان دەمۆ و سەرگۆن شیعری میروین یان وەرگێڕاوە و خوێندووەتەوە کە هێشتا لەم نێوەندەدا تا ئەندازەیەک میروین نامۆیە. میروین نەوەی جان دەمۆ و سەرگۆنە و شاعیرێکی ئەمریکییە شیعرەکانی لەبارەی سروشتەوەیە.



دەکات. گوزارشت لە مانەوەی زوڵم دەکات. تەوری زوڵم و ستەم هەر دەمێنێتەوە، ئەوتەورە کە کلک و باڵای لە درەختە و درەختیش دەبڕێتەوە، دەکرێت تەفسیری جیاواز هەبێت بۆ ئەم دێڕە، ئایا تەور مەبەست لە سیستمی توندڕەو و دیکتاتۆرییەتی ئەورۆژگارنییە. ئەو تەورەی کە دەسەڵاتە و ئەوە دەسەڵاتەش میللەت بووە بەکلکەکە و دەرئەنجام ئەو تەورە میللەت دەبڕێتەوە. ئەگەر دارنەبێت تەور ناتوانێ پێ بگرێت و بەباڵای درەختێکدا هەڵگەڕێت و بیبرێتەوە. مانەوەی دیکتاتۆر لەبێدەنگی میللەتدا گەشە دەکات و میللەت دەچەوسێنێتەوە.

لەشیعرێکی دیکەدا جان دەمۆ دەڵێت:

شورای ماڵەکانت لێ دادەخرێ
با بەشەقامەکاندا پەرش وبڵاوت دەکا

لێرەدا شاعیر وێنەیەکی غەمگین نیشان دەدات، جۆرێک لەحوزن و پەرەوازەیی دەبینین، وێنەی رۆحێکی بەلەنگاز و بێ چارە دەبینین، ئەشێ ئەمە گوزارشت بێت لە رۆحی پەراوێزی خۆی. بوونی کەسێکی مەست و غەمگین لەشەقامەکانی شاردا، لەمیحنەتی بوون. کۆی شیعرە وڕێنەئاساکانی ئەم شاعیرە گوزارشتە لە غەمگینی خۆی و ئەو رۆژگارەی شار کە ژیان لەدۆخێکی ترسناک و مەترسیداردابووە، گوزارشتبووە لە بەگژداچوونەوە. جان دەمۆی پەراوێزخراو و جنێو فرۆش لە وێنە نائاگاییەوە شۆڕشی بەرپاکردووە، بەگژداچوونەوە لە سیستمی حوکم و زوڵم و بەگژداچوونەوە لە سیستمی کۆنی شیعر. ئەو شیعرە شێتانەیەی کە زۆرینەیان بێ ناونیشانن و لە سووچی مەیخانەکاندا نووسیونی و فەرامۆشی کردوون و هاوڕێکانی ئەو رەشنووسانەیان بۆ کۆکردووەتەوە و بۆ رۆژگاری ئەمڕۆ ماونەتەوە. جان لەخۆیەوە ئەو رستانەی بەیەکەوە نەدەلکاند، ئەو بێسەروبەرییەی لەوپەڕێ ئاگایی و ژیریدا بووە، بەباشی رامبۆ و بۆدلێر و میروین و... خوێندوەتەوە. لەرۆژگارەدا دەبوو هەر وەهای بکردایە، دەنا دەبوو بەگەنمی نێو دەستاڕی دەسەڵاتەوە.

# فاروق مستەفا: گروپی کەرکوک شوێن



**دیداری/ بورهان ئەحمەد**

مامۆستا فاروق مستەفا کەسایەتییەکی جوان و ئەدیبێکی بەسەلیقەی شاری کەرکوکە , چەندین کتێب و توێژینەوەی دەربارەی یادوەری شوێنکات و گروپی یەکەم و دووەمی کەرکوک ئەنجامداوە , ئەو پەیوەندییەکانی خۆی لەسەر بنەمای بەهاو ستاتیکای دەق لەگەڵ کۆی نووسەرانی کەرکوک بەبێ جیاوازی ئەتنی و مەزهەبی بنیات دەنێ , بڕوایەکی تەواوی بەفرە کلتووری و فەرهەنگی هەیە , واتە ئەو, پێش ئەوەی هاوڕێی کەسەکان بێ هاوڕێی تێکستە جوانەکانە , هەر لەسەر ئەو بنچینەیەش درێژە بەهاوەڵی و دۆستایەتی دەدا , لەبەر ئەوەی ئەو بۆ ماوەیەک لەناو گروپی یەکەمی کەرکوکدا , لەنزیکەوە ئاگاداری بەرهەم و بابەت و هەڵس و کەوتی ئەوان بووە , بۆیە بەباشمان زانی بۆ کردنەوەی هەندێ لوغز و کۆد لەبارەی گرووپی یەکی کەرکووکەوە ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵدا ئەنجام بدەین , لە بری ئەو پەرۆشی و بەتەنگەوە هاتنەی بەرێزیان , لە جیاتی ئەو ماندوو بوون و سەرقاڵی کردنەی , ئێمە هیچمان نەبوو , جگە لەوەی لە دڵەوە سوپاسی بکەین.

پ/ سەرەتا دەمەوێ بمانگەڕێنیتەوە بۆ ئەو سەردەمە جوانە و کەمێک دەربارەی گروپی یەک و دوو , هەروەها لەبارەی کاریگەرییان بۆ سەر ناوەندی ئەدەبی عیراقییەوە بۆ باس بکەی ؟

و/ سەرەتا و یەکەمجار من شاعیر (جان دەمۆ ) م ناسی , پاشان لە ڕێگەی ناسینی ئەوەوە , بێجگە لە کۆچکردوو (ئەنوەر مەحمود سامی ) کە پاشتر بە نازناوە ئەدەبییەکەی (ئەنوەر غەسانی ) ناسرا , هاوڕێیانی تری نێو گرووپەکەم ناسی , ناوبراو ئەو کاتە مامۆستای نیگار بوو لە ناوەندی (الشرقیه ) بۆ ماوەی سێ ساڵ , لە ساڵی ١٩٥٩ تاکو ١٩٦١ لە پیشەی مامۆستایی و لەو ناوەندییە مایەوە , ئیدی ئەوە دەرفەتێکی لەبار بوو بۆ من تاکو لە گروپەکە نزیکببمەوە و پەیوەندی خۆم لەگەڵیاندا بتە و تر بکەم و تێکەڵیان ببم و گوێ لەو تێکستانە بگرم , کە شەوانە لە لایەن هاوڕێیانەوە لە ماڵی یەکێکیان دەیانخوێندنەوە , ئەو ساڵانە , واتە لە ساڵی ١٩٦٤ وە بۆ ساڵی ١٩٦٨ لەمیانەی گردبوونەوەی شەوانە و گوێگرتن لەو دەقانە من بە پیتترین ساڵەکانی خۆم ژیام.

دوواتر بۆ وتنەوەی زمانی عەرەبی من وەک مامۆستایەک بە ئیفاد بۆ وڵاتی جەزائیر نێردرام , کاتێکیش لە ساڵی ١٩٧٤ , دووای شەش ساڵ لەوانە وتنەوە لە وڵاتی غەریبیدا بۆ کەرکوک گەڕامەوە , ڕەحمەتی (جەلیل قەیسی )م بە تەنیا بینییەوە , مانەوە کاریگەری لە سەر دانابوو , تەنیایی بێتاقەتی کردبوو , بەڕاستیش هەر ئاوها مایەوە تا لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٦ کۆچی دوایی کرد.

وەلێ بە گوێرەی گرووپی دووی کەرکوکەوە وەک پێویست تێکەڵاویم لە گەڵیاندا نەبوە و کەمتر یەکتریمان دەبینی , دەشێ ئەمەش هۆکارەکەی ئەو جیاوازییە بووبێت کە لە رووی تەمەنەوە هەمانبوو , یان هۆکاری تری لە پشتەوە بێت , بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێجار لە قاوەخانەکانی شاردا لە گەڵیاندا دادەنیشتم و ئەو تێکستانەیانم دەخوێندەوە , کە دەیاندامێ , تاکو راو بۆچوونی خۆمیان لە بارەیانەوە پێ بڵێم , هەروەها بۆ خوێندنەوە و ئاڵووگۆڕ کردنی هەندێ کتێب پەیوەندیم لە گەڵیاندا هەبوو , تاکو ئەمرۆکەش پەیوەندییەکانی خۆم لەگەڵ هەندێکیان بتەو و بەهێزە , بۆ نموونە لەگەڵ ئەدیب (هەمزە حەمامچی ) و دکتۆر (عەبدوڵڵا ئیبراهیم ) تاکو ئەمرۆکەش بۆ گێڕانەوەی یادوەری و رۆژە بەسەرچووەکانمان ماوەی جارێک یەکتر دەبینین.

پ/ ئایا (خاچیک کرابیت ئایدنجیان ) ی شاعیری ئەرمەنیت دەناسی , یان هاوڕێیەتیت کردووە ؟

و/ بەڵێ , (خاچیک ) ئەو شاعیرە ئەرمەنییە , ناسیم و هاوڕێیەتیم لەگەڵیدا هەبوو , بەڵام هاوڕێیەتیمان بە قووڵی نەبوو , گەلێکجار لەگەڵ هاوڕێیان دەمبینی , بەتایبەتی لەگەڵ (جان دەمۆ ) و (سەلاح فایق ) دا , ئەوان گاڵتە و سوعبەتیان زۆر لەگەڵیدا دەکرد , نوکتەیان بەسەردا دەووت , چونکە ئەو لەشێکی گۆشتن و پڕو و قەڵەوی هەبوو , هاوڕێیەتی منداڵانی دەکرد , زۆر بەرێز و ئەدەبەوە , بەو پەڕی ئەخلاق و نەرم و نۆڵییەوە مامەڵەی لەگەڵ بەرائەت و جیهانی پاکی منداڵاندا دەکرد , هەموو جارێک کە لەگەڵ منداڵاندا دەمبینی , ئەمە رەفتار و هەڵس و کەوتی بوو. بۆ ئەوەی (جان ) گوێ لەو شیعرانەی بگرێ کە بۆی دەخوێندەوە.

جگەرەی بییانی دەدایێ و سەندەویجی بۆ دەکڕی , ماڵیشیان لە شوقەیەکدا بوو بەرانبەر بە سینەما حەمرا. ئەو کۆمەڵێک شیعری لەچاپدا , کە ناو و نیشانەکەی (حسرة افیونیه ) بوو , وەلێ لەکاتی لەچاپدانیدا پیتی (س ) بووبوو بە پیتی (ش ) , واتە ناونیشانی کتێبە شیعرییەکە گۆڕابووە (حشرة افیونیه) ئیدی بەو بۆنەیەوە هەمیشە خەونی بەوەوە دەبینی بگەڕێتەوە نیشتمانەکەی خۆی بۆ ئەرمینیا , بەڵام لەبری ئەوەی بگاتە ئەو وڵاتە وەک ڕەوەند بەرەو ئەڵمانیا رۆیشت , پاش چەندین ساڵ لەغوربەت هەر لەوێشدا کۆچی دوایی کرد.

پ / لەناو گروپی دووی کەرکوکدا هەندێ ناومان بەرچاو دەکەوێ وەک (محەمەد بەدر ) بەبێ ئەوەی هیچ بەرهەمێکیمان خوێندبێتەوە , بەڕای بەرێزتان هۆکاری ئەمە چییە ؟

و/ من لەگەڵ گروپی دووی کەرکوکدا لەنزیکەوە نەژیاوم , هاورێیەتی و دۆستایەتیشم لەگەڵ زۆربەیاندا بەهێز و گەرم و گوڕ نەبوو , لەناویاندا (حەمزە حەمامچی ) و ئیسماعیل ئیبراهیم ) م دەناسی , ئەو دووانەش لە گروپی یەکەمی کەرکوکەوە نزیک بوون , هەروەها (عەبدوڵڵا ئیبراهیم ) و (عەواد عەلی ) م ناسی , کە ئەو کاتە دوو لاوی خوێن گەرم و بەپەرۆش بوون بۆ خوێندنەوە و نووسین , بەڵام بەگوێرەی ناوەکانی ترەوە , کە تۆ ناوی (محەمەد بەدر ) ت هێناوە , دەشێ جارێک یان دوو جار ئەوم دیبێ , بەڵام هیچ شتێکم لەبارەی ئەوەوە لە یاد نییە , وەلێ دکتۆر (عەبدوڵڵا ئیبراهیم ) بۆی گێڕامەوە بەوەی ئەو لەم دووایانەدا بینیویەتی و لە گوندێکی نزیک بە شاری کەرکوک دەژی , لەوانەیشە دەستبەرداری جیهانی ئەدەب بووبێت و بەتەواوی لە خوێندنەوە و فەزاکەی دابڕابێ.

پ/ئایا هیچ پێوەرێکی ئەدەبی یان مەعریفی هەیە بۆ ئەوەی ئەدیبێک بخرێتە چوارچێوەی گروپی کەرکوکەوە ؟

و/بە بڕوای من دوو کاراکتەری سەرەکی هەیە بۆ دیاریکردن و بەشداری پێکردنی کەسێک لە ناو دڵی گروپەکەدا , کاراکتەری یەکەم بەرهەمە ئەدەبییە داهێنەرەکانییەتی لەبەشدارییبوونیا لە نوێکردنەوەی ئەدەبی عێراقی و کردنەوەی ئاسۆیەکی نوێ لەبەردەمیدا , کاراکتەری دووەمیش بریتییە لە بەردەوام بوونی هاوڕێیەتی و پەیوەندییەکانی بە دڵی گروپەکەوە , هەر بۆ نموونە (سەرگۆن پۆلس ) تاکو کۆتایی نزیک بە (موئەیەد راوی ) مایەوە , هەروەها (ئەنوەر غەسانی ) بەردەوام بوو لە پەیوەندییەکانی خۆی بە هاوەڵەکانییەوە , تەنانەت لە دەرەوەش لە یەکتر دانەبڕان و هەر ماوەی جارێک لە بەرلین سەردانی دەکردن .

پ / بەرای تۆ , ئایا ناوبانگی (جان دەمۆ ) دەرئەنجامی داهێنانێتی لە بواری شیعردا , یان ژیانی بوهیمیانەی بوو وایکرد کە ئەو لە ناوەندی ئەدەبیدا زۆرتر بناسرێ ؟

و/ من ئەوەت پێدەڵێم , کە (جان ) تێکستگەلێکی زۆری لە پاش خۆیەوە بەجێنەهێشت , تەنانەت تێکستەکانی نێو ئەوناملکە شیعرییەشی کە بەناو و نیشانی (اسمال ) وە بوو لێرە و لەوێدا







# و جوگرافیایەکی جاویدان و نەمرە





کۆکرانەوە , چونکە ئەو شیعرانەی ئەو دەینووسین دوواتر زۆرێکیانی بزر دەکرد , ئەم کارەش بەگوێرەی (جان )وە شتێکی ئاسایی و سروشتی بوو , چوون ئەو کەسێکی پەراگەندە , ناسەقامگیر و پەرتەوازە و بێ جێگا و رێگا بوو , بۆ نیشتەجێبوون و حەوانەوەی شوێنێکی نەبوو تایبەت بە خۆی , ماڵێکی تایبەت و سەربەخۆی نەبوو , بەڵکو هەمیشە ئەوەی هەیبوو بە کۆڵێوە بوو , لەگەڵ خۆیدا بۆ باغچەگشتییەکان و سەربانی ئەو تەلارانەی کە هێشتا تەواو نەکرابوون و ماڵی هاورێکانیدا دەیگواستەوە , لێرەدا وتەیەکی نووسەری ئنگلیزیم بیر دەکەوێتەوە کە دەڵێ ( مەینەتییەکانی من لەوەدایە , کە هەموو بلیمەتیەکەی خۆمم بەخشییە ژیان و تەنها بەهرەکەمم بەخشییە ئەوەی نووسیم ). لەو بڕوایەدام ئەو ئاکام و بوارەی (جان ) لەچوارچێوەیدا ئەنجامیدا , ئەو دەسکەوتە گەورەیە بوو لەمیانەی ژیانی خۆیدا بەدەستی هێنا و تاکو کۆتاییش بەرانبەر ئەو جۆرە ژیانەی بەوەفاداری و دڵسۆزی مایەوە , ئەو بەقووڵی و بەهەموو پانتاییەکانییەوە ئەو جۆرە ژیانەی بۆ خۆی هەڵبژارد , بەبێ هیچ دەسکاری و ڕتووشێک ژیا , ئەو بە گەریدەی هەمیشەیی شیعر ناسرا , دەرگایەکی نۆیی لەبەردەم شیعری گەرۆک و گەڕیدەدا واڵاکرد , نەخشەیەکی تازەی بۆ ڕەش و رووتی و سەرەرۆیی شیعر نەخشاند , وەک ئەوەی ئەکادیمیایەکی بۆ خۆی دامەزراندبێ , ئیدی ئەو چەشنە ژیانە و گەرۆکە شیعرییە ناوی ئەوی هەڵگرت و بەوەوە دەناسرا , لەوەشدا لایەنگر و لاسایکەرەوە و مورید و سەرسامبووی زۆر بوو.

پ / پەیوەندی و هاورێیەتی ئەدیبانی نێو گرووپی کەرکوک چۆن هەڵدەسەنگێنی , ئایا هاورێیەتییان لەسەر بنەمای ئەدەبی و رۆشنبیری بوو , یان هاورێیەتییەکی ئاسایی بوو , یان هەردووکیان بوو پێکەوە؟

و/ گرووپی کەرکوک شوێن و جوگرافیایەکی جاوێدان و نەمرە , هاورێیەتی و دۆستایەتییەکی بێوێنەیە لە وەفاداری و دڵسۆزی , سەرەتا لە کەرکوکەوە سەریانهەڵدا و پاشتر لەبەغدا گیرسانەوە و یەکیان گرت , لەوێشەوە بەم جیهانە پان و بەرینەدا پرش و بڵاوبوونەوە , بەسەر ئەڵمانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆستاریکا و فلیپیندا دابەش و نیشتەجێبوون , ئیدی لەوێوە پروشەی دەقە بۆنداره تازەکانیان باراندە سەر جیهان , بەوەش درەوشانەوە و شەوقێکی نوێیان بەخەیاڵدانی داهێنەرانە و بەچەشەی ئەدەبێکی نامەئلوف و هونەرییانە بەخشی.

ئەوەی جێگای سەرنجە لەو هاورێیەتی و هۆگرییەی لەنێوان ئەو گروپەدا هەبوو , ئەوە بووە کە هەمیشە و بەردەوام بەتێپەربوونی کات لەتازە بوونەوەدا بووە , هەر بۆیە پێم وایە ئەوەی دەیەوێ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەبارەی ئەوانەوە بکات پێویستە لایەنی هاورێیەتییان لە بەرچاو بگرێت و فەرامۆشی نەکات , چونکە ئەو هاورێیەتییە زیاتر لە پەنجا ساڵێکی خایاند بەبێ ئەوەی ساردی و خاوبوونەوەیەکی تیادا بەدی بکرێ.

بێگومان ئەو هاورێیەتی و پەیوەندییە لەسەر بنەمای رۆشنبیری و خۆشەویستی بۆ ئەدەب پێکهات , هەروەها ئەو بەهرە ئەدەبییە و هونەرییەی ئەوان هەیانبوو بووە کۆڵەگە یەکەمەکانی دامەزراندنی ئەو هاورێیەتییە کە بریتی بووە لەو شوێنەی گشتیانی بە توندی پێکەوە کۆکردەوە , دووەمیش ئەو ئەڤین و وەفادارییەی , کە بەوپەڕی جۆش و خرۆشییەوە بەرانبەر بە ئەدەب و هونەر هەیانبوو , پاشان ئەو هەوڵانەی ئەوان دایان بۆ نوێکردنەوەی ئەدەب و گەڕانیان بەدووای گوڵی نوێ , کەهەڵگری بۆن و رەنگی نوێ بێت و , هێنانی ئەو گوڵانەش لە دوورگە دوورەکانی وشەوە , هەر ئەمەش خەون و خوولیاو خەیاڵیان بوو , لەو بڕوایەشدام رۆژگار ئەوەی سەلماند , کەپەیوەندییەکانی ئەوان لەسەر بنەمای وەفا و ئینساندۆستییەکی دووربینانەی جوان و دوور لە گرژی و خۆپەرستی دامەزرا بوو , ئەم پەیوەندییەش تاکو ئێستاکە بەردەوامە و بۆ رۆژگاری ئەمرۆ درێژبووەتەوە , بۆ ڕاستی ئەم قسەیەم تا ئەو کاتەی (سەرگۆن پۆلس ) و (ئەنوەر غسانی ) لە ژیاندا مابوون ماوەی جارێک لە بەرلین گرد دەبوونەوەو یەکتریان دەبینی.



# دکتۆر عەبدوڵڵا ئیبراهیم: کەرکوک تا کۆتایی حەفتاکانی

**دیداری/ بورهان ئەحمەد**

دکتۆر عەبدوڵڵا ئیبراهیم ڕەخنگر و توێژەر و لێکۆڵەر، خاوەنی زیاتر لە بیست و دوو کتێبی بەنرخە دەربارەی ڕۆمان و پێکهێنەرەکانی، کە وەکو سەرچاوەیەکی ئەکادیمی بابەتیانە و زانستییانە لەبوارەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەدەبیدا سوودیان لێوەردەگیرێ، زیاتر لە ٤٠ توێژینەوەی زانستی لە گۆڤارە عەرەبییە بە ناوبانگەکاندا بڵاوکردۆتەوە، بەشداری دەیان کۆنگرە و دیدارە ڕەخنەیی و هزرییەکانی کردووە، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانکۆی بەغداد لەساڵی ١٩٩١، لە ساڵی ١٩٩١ وە تاکو ٢٠٠٣ وەک مامۆستای زانکۆ لە زانکۆکانی عێراق و لیبیا و قەتەر لە بواری لێکۆڵینەوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکاندا وانەی وتۆتەوە، پسپۆری بواری ڕووناکبیرییە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە وڵاتی قەتەر، لە ئیستاشدا وەک پسپۆری بواری ڕووناکبیری تەرخانکراو بۆ ئەو مەبەستە لە دیوانی ئەمیری لە دوحەدا کار دەکات، ئەو دەربارەی دیاردە و گروپە ئەدەبییەکان زۆر ڕاشکاوانە ڕاوبۆچوونەکانی دەخاتە ڕوو، بەوردەکارییەکی بێوێنەوە ڕاڤەو شرۆفەکانی خۆیمان پێشکەش دەکات، ئەو وەک کەسێکی نزیک و ئاشنا بەگروپی یەکەم و دووەمی کەرکوک، سەفەرە زۆرەکانی بەدونیاو بینینی دەم و چاوە جیاوازەکان، کاری وانە وتنەوەو هۆڵەکانی دانشگا، بەشداریبوونی لە زۆربەی گردبوونەوە ئەدەبییەکان لە وڵاتانی عەرەبی و جیهان لەسەر ئەوە ڕایهێناون بوێرانەو ڕاستگۆیانە و بێلایەنانە قسە لەسەر دیاردە و گروپە ئەدەبییەکان بکات، هەر بۆیە بەباشمان زانی ئەم دیدارەی لەگەڵدا ساز بدەین، کە لەهەمانکاتدا گەڕانەوە و بیر هێنانەوەی یادوەرییە کەڵەکەبووەکانێتی بۆ ئیستا، تاکو بەمەش بتوانرێ بەڵگەنامەیەکی باوەر پێکراو بۆ وەچەکانی ئایندە بخەینە سەر ڕەفەکانی مێژووی ئەدەبەوە لەم دەڤەرەدا، لەم ماندوو کردن و پشکنینی ئەرشیفەکانیدا، ئێمە جگە لەوەی لە دڵەوە سوپاسی بکەین چیترمان نییە.

> فەرمانبەر بوو زۆرێک لە نووسەران بە شێوەیەکی تەواو بەشارەکانیانەوە پەیوەست بوونە , لێ هۆگری و پابەندبوونی قەیسی بەکەرکوکەوە شتێکی ترە , پێویستی بەشیکاری و شرۆڤە هەیە

**پ/ ئێمە دەزانین کە بەرێزتان زانیاری بەنرخ و وردتان دەربارەی دۆخی ئەدەبی هەیە لەشاری کەرکوکدا، بۆیە پێم خۆشە بمانگەڕێنیتەوە بۆ ئەو ڕابردووە جوانە و دەربارەی گروپی یەکەم و دووەمی کەرکوک، هەروەها لەبارەی کاریگەرییانەوە بەسەر ناوەندی ئەدەبی عێراقی بەتایبەتی و عەرەبی بەگشتی قسەمان بۆ بکەی ؟**

و/ من هاوسەردەمی هەموو گروپی یەکەم نەبووم، هەموو ئەندامەکانی سەر بەوەچەی پێشوتری من بوون، بێجگە لە جان دەمۆ و جەلیل قەیسی هەموویان کەرکوکیان بەجێهێشت، ئەوانەی لەناوەڕاستی حەفتاکانەوە تاکو ڕۆژی مردنیان پەیوەندی بەڵگەداریم لەگەڵیاندا بەردەوام هەبوو، کە یەکەمیان لە ٢٠٠٣/٥/٨ و دووەمیان لە ٢٧ /٧/ ٢٠٠٦ کۆچی دوایی کرد، وەلێ بەپڕی لەگەڵ ئەو پێوەرە ئەدەبییەی ئەوان بنچینەکەیان لەشار و بگرە لەناوەندی ڕۆشنبیری هەموو عێراقیشدا دانا و جێگیریان کرد بەتەواوی ژیام ، هەر کاتێکیش قسەلەسەر گروپی یەکەم و دووەمی کەرکوک بکرێ پێویستە پشت بەبنەما و نەریتە ڕۆشنبیرییەکان ببەسترێ لە دامەزراندی گروپە ئەدەبییە ڕاستەقینەکان، ئەوەش بریتییە لە یەک ڕوئیای تاکو ڕادەیەک هاوبەش بۆجیهانبینی، هەروەها ڕێکەوتن لەسەر دەلالەتە ئەدەبییەکان و ئەرکەکانی، پاشان ئەو ئامانجەی کە گروپەکە مەبەستێتی بەدی بهێنی، هەروەها سروشتی ئەو پەیوەندییانەی کە ئەندامەکانی پێکەوە دەبەستێتەوە وکۆی ئەو ڕەفتارە فەرهەنگی و کەسێتییانەی کە پێویستە لە پەیوەندییەکانیان پابەندبن پێیانەوە، پاشان هەڵوێستیان بەرانبەر بە ئەدەبی باو و ئارەزوویان بۆ گۆڕینی و پێشنیار کردنی شێوازی تر بۆ دەربڕین لێیان، وەختێکیش ئەم هەموو پێوەرانە ئاوێتە بە یەکتر دەبن و لەناو یەکدیدا دەتوێنەوە، ئیدی گروپە ئەدەبییەکان بەناوێک تایبەت بەخۆیان دەناسرێنەوە، ئەمەش دەسنیشانکردنە گشتییەکەیە بۆ سەرهەڵدانی گروپی یەکەمی کەرکوک، وەلێ پێویستە ئاوڕ لە شتێکی گرنگ بدرێتەوە، چونکە دۆخی کەرکوک و نیشانەی گروپە ئەدەبییەکان تیایدا بە ناسنامەی کلتورێکی کراوە لەڕووی نەژادی و ئاینی و فەرهەنگییەوە، کەئەمەش لەشارەکانی تری عێراقدا شتێکی دەگمەن بوو، چوون لەو شارانەدا تارادەیەک ڕوونییەک لەتاک ئاینی و نەژادی و زمانەوانیدا هەیە، کاتێک قسە لەسەر ئەو فرەییە دەکەین لەشاری کەرکوکدا، واتە قسە لەکاریگەرییەکانی و دەولەمەند کردنی گروپەکە دەکەین، هەر بۆیە ئەندامەکانی لەناوچەیەکی گەورەی هاوبەشدا بەیەکتر گەیشتن، ئەمەش ناسنامە بچوک و تەسکبینییەکەی لێسەندنەوە و ناسنامەی کراوەیی و فراوانی پێبەخشین، کەبووە مایەی ئەوەی ئەوان ببنە هەڵگری ناسنامەیەکی فرەیی هەموو پێکهاتە و ڕەنگەکانی شارییی لە خۆ گرتبوو، هەر ئەوەش بوو وایکرد ئەو ئەدەبەی ئەدیبانی کەرکوک نووسییان دوور لە دەمارگیری و زێدەڕۆیی و ڕەگەزپەرستی پیاسەکانی خۆی بکات، چوون دەنگی هیچ بەدگۆییەک لەوێدا نابیسترێ و هەستکردن بە بێ بەهایی لە نێو ئەو گروپەی کە پاشینەییەکی هەمە جۆرێتی هەیە نابینرێ، ئەم خەسڵەتە هاوبەشەی کۆیکردبوونەوە گروپە ئەدەبییەکانی کەرکوکی لە لام خۆشەویست و شرینتر کرد.

هەروەها ئەو کەشە کۆمەڵایەتییە لیبرالییە فرەییەی هەبوو ئەو گروپە ئەدەبییانەی بەو هیوایە مووتربە کرد کە جیاوازتر بنووسن و ژیانێکی نوێ تر بژین، هەروەها کەرکوکیش تاکو کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیست پڕ بوو لە گیانی مەدەنییانەو شارستانییەت، تاکو ئەو کاتە لە ئاسۆکانیدا هیچ لایەندارییەک بۆ ئایدلۆژیایەکی ڕەگەزپەرستی نەدەبینرا و فرەییەکەی نەڕوشابوو، مادامەکی هاوسەنگی کەڵچەری دوور لە توند و تیژی تیایدا ئەنجامگیر بوبوو، ئەمەش بووە پاڵنەرێک بۆ وەچەیەک لە روناکبیرانی چالاکی سەر بەئاین و نەژادی جیاواز سەرقاڵی کاری روناکبیری بن، هەندێکیان زانکۆیان تەواو کردوو بڕوانامەی باڵایان بەدەستهێنا، کەئەمش وایکرد کلتوورەکانی تری دونیا بناسن و شەپۆڵە کاریگەرییەکانی شارەزا بن، لە پێش هەمووشیانەوە مارکسیزمی و بوونگەرایی، هەروەها کتێبخانەکانی شاریش پڕ بوون لەو جۆرە ئەدەبییاتە،لەوانەیشە هەستکردن بە لەناوچوونی گروپێکی روناکبیری زۆرینە کاریگەری لە دیاریکرنی سنورێکی گشتی بۆ چالاکییەکانی ئەو گروپانە لە لای ئەواندا بەجێهێشتبێ، هەمووکەسەکانی نێو گروپەکەش ئەو نەریتە ڕووکەشییە بەربڵاوەی نێو شاری بە ناوازە و نائاسایی دەبینی، لێرەشەوە کاریگەری ئەدەبییانەی هەندێ لە ئەدیبانی نێو گروپی یەکەم و دووەم توانی سنووری ڕۆشنبیری خۆی تێپەڕێنی و بگاتە شاری بەغداد و شارەکانی تری عێراق، بگرە ئەو کاریگەرییە تاکو نێوەندی ئەدەبی عەرەبیش شۆڕ بووەوە، لێرەشەوە چەند ئاڕاستەیەکیان لە گێڕانەوەو (السرد) شیعر و ڕەخنەدا هێنایە کایەوە، زۆرێکیش لە کارەکانی ئەوان وەرگێڕانە سەر زمانە زیندووەکانی جیهان، واتە بەشێوەیەکی گشتی ئەوان لەهەر کوێیەکدا بووبن دەستێکی باڵایان هەبووە لە تازەکردنەوەی ئەدەبدا.

**پ / ئایا هیچ یادوەرییەکی تایبەتیت لەگەڵ هەندێ لە ئەندامانی گروپی یەکەمدا هەیە تاکو لەم سیاقەدا وەک بەڵگەنامەیەکی بڕوا پێکراو تەماشا بکرێ؟**

و/ لەگەڵ هەندێک لە ئەندامانی گروپی یەکەمدا پەیوەندییەکی بەهێزم هەبوو، وەلێ لەگەڵ هەندێکی تریاندا دەرفەتم بۆ نەرەخسا تاکو بیانناسم، ئەمەش لەبەر ئەوەی یان عێراقیان بەجێهێشت وەک سەرگۆن پۆلس یان لە بەغدادا کاریان دەکرد وەک فازڵ عەزاوی، هەر بۆیە جەلیل قەیسی و جان دەمۆ هەڵدەبژێرم بۆ ئەوەی قسەیان لەسەر بکەم، ئەمەش لەبەر هەبوونی ئەو پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەی لەگەڵ ئەواندا هەمبوو کە چارەکە سەدەیەکی خایاند. قەیسی یەکێک بوو لەئەندامانی گروپی یەکەم، بەڵام بەهۆی ئەو گۆشەگیری و حەزی تەنیاییەی هەیبوو نەهاتە ناو گروپی دووەمەوە، زۆربەی ئەندامانی گروپەکەش باشیان دەناسی و پەیوەندییان لەگەڵیدا هەبوو، بەڵام بینینی ئەو تارادەیەک مەحاڵ بوو، چونکە ئەو کەسێکی خەڵوەتکێش و کەم توانا بوو لە درێژەدان بە پەیوەندییەکانی. لەزستانی ساڵی ١٩٧٧ ئەوم ناسی، ئەو کات ئەو فەرمانبەری یەکێک لە فەرمانگاکانی کۆمپانیای نەوت بوو، من لە نووسینگەکەی خۆیدا سەردانیم کرد، ئەوم لەژوورێکی زۆر بچوکدا بینی، کە پێشتر نەجیب مانع لەوێدا کاری دەکرد و لەوەوە بۆی بەجێمابوو، پێشتر کۆمەڵە چیرۆکی (صهیل المارة حول العالم )ی ئەوم خوێندبووەوە، پاشتریش کۆمەڵە چیرۆکی (زلیخە.. البعد یقترب ) ئەمە سەرەڕای خویندنەوەی کۆمەڵە شانۆگەرییەکانی (گیڤارا عاد افتحوا الابواب)، دووای ئەم قۆناغەش کارەکانی تری بڵاوکردەوە، بەڵام بە درێژایی ساڵەکانی هەشتاکان پێوەندییەکانمان پێکەوە بچرا، بەتایبەتیش دووای ئەوەی خۆم بۆ خوێندنی باڵا لە بواری گێڕانەوەکان (السرديات ) تەرخان کرد، ئیدی پێش ئەوەی ماڵەکەم بۆ بەغدا بگوازمەوە و وەک مامۆستایەک پەیوەندی بە زانکۆی (المستنصريه ) وە بکەم لە کەرکوک ئەو دەرفەتەم بۆ ڕەخسا زۆربەی کارە شانۆگەری و چیرۆکەکانی بخوێنمەوە، بەو ڕۆمانە کورتە دەسنووسەشەوە کە پێموایە تاکو ئێستاکەش چاپ و بڵاو نەکراوەتەوە، ئیتر نووقمی نێو جیهانی سەمبوولی و فەنتیازیایی ئەو بووم کە لەمەدا هیچ ئەدیبێکی ناوەندی ئەدەبی عەرەبی شان لە شانی نادا، ئەم پەیوەندییە بە درێژایی ساڵانی حەفتاکان وەختێک من لە دەرەوەی عێراق بووم لە ڕێی نامە گۆڕینەوە بەردەوام بوو، کاتێکیش لە هاوینی ٢٠٠٤ گەڕامەوە یەکسەر لە ماڵەکەی خۆیدا سەردانیم کرد، بەڵام ئەوم بەپیری و تا ڕادەیەکیش تێکشکاو بینی جیاواز بوو لەوەی پێشتر ناسیبووم، نەخۆشی تەواو تەنگی پێهەڵچنیبوو، وەختێکیش کۆچی دوایی کرد من لەشاری دوحە بووم لە قەتەر .

لەگەڵ قەیسیدا لەگەڵێک سەفەر و گەشت و شەوانی پێکەوە بوون تاکو درەنگان هاوبەشین، ئەوم وەک خوێنەرێکی باش، عاشقێکی موسیقای کلاسیکی، چێژوەرگرێکی لەرادەبەدەر ناسی، حەزی بەتەنیایی دەکرد، پێی خۆش نەبوو جگە لە هاوڕێ نزیکەکانی کەسێک دەخالەت بەژیانی بکات، هەموو ڕۆژێک سەر لە ئێواران کاژێرێک بە پیاسە کردن وەرزشی دەکرد، پاش ئەوە لە ماڵەوە خۆی بۆ خوێندنەوە و نووسین تەرخان دەکرد. لەبیرمە ئێوارانێکی پێنجشەمەی کۆتایی مانگی نۆڤەمبەری ١٩٨٦ بە تەلەفۆن پێوەندی پێوە کردم، لە هاتنی محێدین زەنگەنە لە دیالەوە ئاگاداری کردمەوە، بۆسبەینێ بە ئوتومبیلەکەی من بۆ سەردان و دیدەنی هەندێ هاوڕێ بەرەو سلێمانی کەوتینە ڕێ، کەش و هەوا سارد بوو، بەڵام ڕۆژێکی خۆرەتاوبوو، شەقامەکانی شار جمەیان دەهات، بۆ شەوێ لە لایەن هەندێ رووناکبیری کوردەوە داوەتی یەکێک لە یانە کۆمەڵایەتییەکان کراین، لەوانە ڕەئوف بێگەردی تیا بوو، ئیدی قسە و باس دەربارەی ئەدەبی کوردی دەستی پێکرد، پاشانیش لە بارەی ئەدەبی ئەمریکای لاتینەوە کە تازە لەنێو ڕۆشنبیری عەرەبیدا ناسراو بوو قسە و باسمان کرد، وەلێ دواتر خزاینە نێو قسە و خواسی مارکسیزمی و پیادەکردنی ئایدلۆژیا لە



# سەدەی بیست پڕ بوو لە گیانی مەدەنییانە و شارستانییەت

یەکێتی سۆڤیەت و چین و هەندێک لە وڵاتانی عەرەبی،
گفتوگۆکانمان گەرم و گوڕتر و بۆچوونەکانمان پچڕپچڕبوون و دەنگەکان بەرزبوونەوە، لە ناکاوێکدا قەیسی لەو ورتەورتە ئەنارشیزمییە دەربازی کردین، ئەوەش بەچڕینی قۆریاتی تورکمانی بوو، کە بریتییە لە چوارێنەی سترانئامێزی پشتبەستوو بە جیناس، ئەمەش لەناو کلتووری تورکماندا جێگای (مەقام ) دەگرێتەوە لەناو سترانی عەرەبی لە عێراقدا. گریان و لاڵانەوە، ئامادەبوون بۆ چەخماخە و داگیرسان، بۆ ناسۆر و ناڵین، ئیدی دانیشتنەکە بەچێژێکی جاویدانی، بە خۆشییەکی درەخشان و ڕۆشن بارگاوی بوو، بێگەرد کۆتابوونی قۆریاتەکەی قۆزتەوە و بە گۆرانییەکی قووڵی فارسی دەنگی بۆ هەڵبڕی و بەرەو دیمەنە دڵڕفێنەکانی ئێران پەلکێشی کردین، وەک کۆمەڵێک عاریف و مورید و دەروێشی بزربوو تێکەڵ بەیەکتر بووبووین، بەو چێژی گوێگرتنە گەلێک خەمبار بووین، زۆرمان ناڵاند، بەرانبەر بەو کەشی بەزم و سترانە گەلێک سەرسام بووم، کە چۆن توانی ئەو وتووێژە ئایدلۆژییە بۆش و بەتاڵە لەناو بەرێت، لەسەرەتای دروستبوونی خەلیقەتەوە ئەمە مەیلی برایەتییە لە خۆشی و چێژ وەرگرتندا، هەمووان بەدەوری بێگەردا کۆبووینەوە، کە ئەویش تەواو هۆگری خۆی بووبوو لەچێژ وەرگرتن بە قووڵی لەو ناڵە و ئاهانەی لە دەنگی ئەفسووناوی ئەوەوە دەردەچوو لەگەڵ لەرانەوەی ئارەزووەکانی ناخیدا لە نێو ئاوازە فارسییەکەدا دەتوایەوە، کە تازە لە جیهانی ئێمەدا سەریان هەڵدابوو، کاریگەری ئەو ئێوارەیە وەک تلیاک لەسەری مندا مایەوە، وەک ئەوەی هاوەڵی عومەرخەیامم کردبێ، نەشمزانی ئەوە تلیاکی چاکبوونەوەیە یان هی بەرباد بوونە، پاش ئەوەش گەلێک سەردانی هاوبەشمان بۆ سلێمانی و هەولێر و بەغدا پێکەوە کرد.
لەسەرەتای زستانی ئەو ساڵەدا، من و جەلیل قەیسی و مەحمود جنداری و عەواد عەلی، پاشتر حەسەن موتڵەگیش ( کە دواتر لە سێدارە درا )هاتە پاڵمان ڕێککەوتین هەفتەی جارێک لە یانەی عەرەفە کە یەکێکە لە یانە کۆمەڵایەتییە نایابەکانی کەرکوک کۆ ببینەوە، لەسەر ئەوەش ریککەوتین ناوی ئەو دیدار و یەکتر بینینە ناو بنێین ( دیداری سێشەمە )، ڕۆژی ١٦ / ١٢ / ١٩٨٦ یەکەم دیدارمان لەو یانەیە سازدا، لەو دانیشتنەدا گفتوگۆمان لەبارەی ڕۆمانەکەی جنداری ( الحافات ) کە گۆڤاری ( الاقلام )بڵاوی کردبووەوەوە کرد.
لەیەکەم دانیشتندا هەستم بەهەبوونی ململانێیەکی شاراوە کرد لەنێوان جنداری و قەیسیدا، دیداری سێشەمەی داهاتوو برینی ئەو ناکۆکییەی سارێژکرد، لەبری ئەوەی وتووێژ لەبارەی ئەدەبەوە بکەین، قەیسی دەستی بە سکاڵاکرد لەو نەخۆشییە زۆرانەی بەدەستیانەوە دەیناڵاند، لەهەمووشیان زیاتر فشاری خوێن، جنداریش کەوتە باسکردنی نەخۆشییەکەی دڵی و ئەو نەشتەرگەرییەی لە نەخۆشخانەی ( ابن البيطار ) لەشاری بەغداد بۆی کرابوو، ئیتر لەوە بەدوواوە و لەدانیشتنەکانی دوواتردا لەجیاتی قسەکردن لەسەر ئەدەب قسە لەسەر نەخۆشی دەکرا، قەیسی کەسێکی تەریک و حەزی بەتەنیایی دەکرد، وەلێ جنداری کەسێکی کراوە بوو، جنداری بەبنەچە خەڵکی موسل بوو، بەڵام نیشتەجێی کەرکوک بوو، لەهەمان ئەو فەرمانگەیە کاری دەکرد، کە قەیسی تیایدا فەرمانبەر بوو، زۆرێک لە نووسەران بە شێوەیەکی تە و ا و

> **کەرکوکیش تاکو کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیست پڕ بوو لە گیانی مەدەنییانەو شارستانییەت , تاکو ئەو کاتە لە ئاسۆکانیدا هیچ لایەندارییەک بۆ ئایدلۆژیایەکی ڕەگەزپەرستی نەدەبینرا و فرەییەکەی نەڕوشابوو**

بەشارەکانیانەوە پەیوەست بوونە، لێ هۆگری و پابەندبوونی قەیسی بەکەرکوکەوە شتێکی ترە، پێویستی بەشیکاری و شرۆڤە هەیە، ئەمە پێویستە وەک ڕاستییەک تەماشا بکرێ بەوەی کە قەیسی نیو سەدەی لە خۆشەویستی و نووسین بەو شارە بەخشی، سەرئەنجام هەر لەبەر ئەمەش بەیەکەمین نووسەری ئەم شارە ناسرا.
لەگەڵ قەیسیداو لەماڵەکی خۆی گەلێکجار چاومان بەیەکترکەوتووە، لەسەر دیواری هۆڵی پێشوازی کتێبخانەیەکی باشی هەبوو، هەندێ تابلۆی بچووکی بەدیوارەکانییەوە هەڵواسیبوو، مەراقی گۆرانییەکانی عەبدول وەهاب و ئەسمەهان بوو، خۆیشی دەیزانی گۆرانی بچڕێ، سەگێکی هەبوو ناوی (لاکۆ ) بوو، لەدەروازەی ماڵەکەیدا بەمیوانەکان دەوەری و دەبووە مایەی ترس و شڵەژانیان، ئێمەش ئەو سەگەمان ناونابوو (هۆلاکۆ ) چونکە لەناکاو پەلاماری ئەو میوانە کەمانەی دەدا و دەیترساندن، کەقەیسی پێشوازی لێدەکردن، قەیسی سەرەڕای ژیانی پەنهان ئامێز و بێدەنگییەکەی، بەڵام هەندێجار سوعبەت و گاڵتەوگەپی دەکرد و نووکتەی دەگێڕایەوە بەتایبەتیش لە دانیشتنی شەوە درەنگەکاندا، زۆربەی گێڕانەوەکانیشی دەربارەی ئەو کەسایەتییە ئەدەبی و هونەرییە دەگمەن و ناجۆرانە بوو کە دەیکردنە قارەمانی نێو چیرۆک و شانۆگەرییەکانی، چوون ئەو لەو ڕووەوە زۆری سوود لە نووسەرە ئەورووپاییەکان وەردەگرت، لەهەردوو دەیەی تەمەنیشیدا ئەوانەی بەکەسایەتییەکانی نێو کلتووری عێراقی دیڕین گۆڕییەوە، سەرچاوەی نووسینەکانی ئەو لە خوێندنەوەوە بەدەستی دەهێنا نەک لەوەی لە ژیانەوە فێری بوبوو، وەکو زۆربەی نووسەرەکانی کەرکوک ئەو فرەیی نەژادی، تەنانەت فرەیی ئاینیشی لە خانەوادەکەیدا کۆکردبووەوە، چوون باوکی عەرەب و دایکی کورد و هاوسەرەکی ئەرمەنی بوو.

پ/ تۆش زیاتر لەبیست ساڵ جان دەمۆت دەناسی، ئەو یەکێک بوو لەئەندامانی گروپی یەکەم و دووەم، پاشان تۆ لێکۆڵینەوەیەکی دورودرێژت لەبارەی ئەوەوە نووسیوە، ئایا ئەو نووسینەت لەبەر بەرهەمە شیعرییەکانی بوو، یان لەبەر شێوەی ئەو ژیانە بوهیمییەی بوو کە ئەو پیادەی کرد؟

و/ لەساڵی ١٩٧٤ پاش گەڕانەوەی لە بەیروت جان دەمۆم ناسی، لەسەرەتای ژیانی ئەدەبیمدا ئەو کاریگەرترین کەسی نێو گروپی یەکەم بوو بەگوێرەی منەوە، لەو کتێبخانانەی بەسەرمان دەکردنەوە یەکترمان دەبینی، دواتریش ئێواران لە چاخانەکاندا بەردەوامیمان بە دیدارەکانمان دەدا، زیاتر لەقاوەخانەیەک دەگەڕاین، پاشتر و بە خێرایی گروپی دووەم لە جان دەمۆ و حەمزە حەمامچی و ئیسماعیل ئیبراهیم و عەواد عەلی و خاچیک گرابیت ئایدنجیان و منەوە هاتەکایەوە، لەهەموو ڕۆژەکانی هەفتە و نزیکەی بۆ ماوەی چوار ساڵ ئەوان بەبەردەوامی یەکتریان دەبینی، هەر ماوەی جارێکیش محەمەد بەدر و ڕەمەزان محەمەد حەدیدی بەشداری ئەو دیدارانەیان دەکرد، پاشتریش فاروق مستەفا کە تارادەیەک وەک مێژوونووسی هەردوو گروپەکە ناسراو چەندین کتێبی لەو ڕووەوە نووسی، هەروەها لەگەڵ هەندێ لەئەدیبانی تری شارەکە پەیوەندیمان هەبوو ، وەک مورشید زوبێدی، هیشام قەیسی، عادل غەزبان، تاریق جاف و عەبدوڵڵا سەراج، گەلێک نووسەری دیش سەردانی شارەکەیان دەکرد، یان تیایدا کاریان دەکرد وەک هاتف جەنابی و گزار حەنتوش، بەڵام ئەوان بەردەوامییان بەو دیدارە ڕۆژانەییانەنەدا وەک ئەوەی گروپەکە پابەندبوو پێیەوە و لەکەرکوکیشدا ناوبانگی دەرکرد.
وەختێک ئەو سەردەمە زێرینەی ژیانی خۆم لەکەرکوک دەگەڕێنمەوە، دەبینم دەمۆ جەمسەری سەرنجڕاکێشی نێو گروپەکەیە، بەگاڵتە و سوعبەتەکانی، بەو نائومێدی و گوێنەدانەی، بەو بوێری و بێهوودەییەی هەیبوو، تەنانەت بەو گیرفان بەتاڵییەی ئەو خووی پێوە گرتبوو ئێمەی بە خۆیەوە پەیوەست کردبوو، ئەو زانیارییە زۆرەی هەیبوو بۆ زۆربەمان مایەی سەرسامی بوو ، جان دەمۆ نموونەی ئەو نووسەرە پەراگەندانەن کە ئێمە لە مێژووی ئەدەبی جیهانیدا ناسیومانن، ئێمە لە پرێکدا ئەومان وەک گەرۆک لە شەقامەکانی کەرکوکدا بینییەوە، گەلێک سەرسام دەبووم وەختێک ناوی شاعیر و ڕۆماننووسە گەورە و جیهانییەکانی دەهێنا، ڕاوبۆچوونی خۆی بە سەرنجێکی ئەدەبییانەوە لە بارەیانەوە دەدا و بەخێراییەکی بێئەندازەشەوە نرخ و بەهای بۆ کتێبێک دیاریدەکرد و کتێبێکی تری لەو نرخ و بەهایە دادەماڵی، ئەو بەخێرایی بڕیاری دەداو خۆی بە شرۆڤەکردنەوە ماندوو نەدەکرد، وەکو یەک کتێبە باش و خراپەکانی لەیەکدی جیادەکردەوە، بەبێ ترس و دوودڵی کتێبی لە کتێبخانەکان دەدزی، هیچ کتێبخانەیەکی کەرکوک لە دزینەکانی ئەو دەربازیان نەبووە، لە بەغداش لەسەر ئەو دزینانە بەردەوام بوو، سەرەڕای ئەوەی کە هەمیشە بن باڵی پڕبوو لە کتێب، بەڵام هەرگیز نەمبینی کتێبێک بکڕێ، ئەو دزینی کتێبەکانی بەدەسکەوت دەزانی، وەک چۆن لەزەوی شەڕگەدا تاڵان و دەست بەسەراگرتن ئاسایی و ڕێگەپێدراوە بۆ داگیرکەران، ئەوانەیشی دەیدزین دوای خویندنەوەیان بەنرخێکی کەم بەهاوڕێکانی دەیفرۆشتن، لەزستاندا پاڵتۆیەکی درێژی لەبەر دەکرد، لەدیوی ناوەوەیدا هەندێ گیرفانی شاراوەی دروستکردبوو کتێبەکانی لەوێدا دەشاردەوە، لەهاوینیشدا ڕێگایەکی تری بۆ دزینی کتێب دادەهێنا، لەو ماوەیەدا بەگوێرەی دزینی کتێبەوە من بەڕوونی هیچ حوکمدانێکی ئەخلاقیم نەبوو، ئەو کردارانەی جان شتێکی داهێنراو نەبوو، چوون لەوەدا خاوەنداریێتی هزری و خاوەنداریێتی کەسایەتی بزر بوو، مادامەکی ئامانج لەوەدا خوێندنەوەی کتێبە کەواتە پێویست بە وردەکاری ناکات لەچۆنێی بەدەستهێنانی، ئەمەش پاساوێک بوو بۆ ئەو کارانەی پێی هەڵدەستا. لەساڵی ١٩٧٧ پاش ئەوەی بەرەو بەغداد دەڕوات و لەوێ دەگیرسێتەوە، لەوێدا لەژورێکی نیمچە کەلاوەدا لەژێر قاڵدرمەیەک لەتەلارێکی کۆنی گەڕەکی (حەیدەرخانە ) لەپشت قاوەخانەی (پەرلەمان ) وە نیشتەجێ دەبێ، لەسەردانەکانمدا بۆلای دەمبینی زەوی ژوورەکە بەکتێبەکانی خانەی ( التقدم ) داپۆشرابوو کە ئەوەش خانەیەک بوو تایبەت بەوەشان و بڵاوکردنەوەی ئەدەبییاتی مارکسی، هەموو ئەو کتێبانەش قەوارەیەکی بچوک و بەرگێکی سووریان هەبوو، سەرەڕای ئەوەی نرخیان هەرزان و هەندێک جاریش بەخۆڕایی دابەش دەکران، بەڵام من ئەوە بەدوور ناگرم کە دیوی ناوەوەی پاڵتۆکەی جان ئامرازێک بووبێت بۆ دەرکردن و بردنە دەرەوەی ئەو بڵاوکراوانە لەو کتێبخانە تایبەتەی کە دەکەوتە گۆرەپانی (التحرير ) وە، وەلێ بەگوێرەی چاپکراوەکانی (بنگوین ) وە ئەوا خۆیان بەقەوارەیەکی بچوک چاپدەکران، ئەمەش لەگەڵ ئەو شێوازەی جان بۆبەدەست هێنانی کتێب دەگونجا، ئەو خوولیا و خووەی بۆدزینی کتێب هەیبوو لەهەموو کتێبخانەکاندا پیادەی دەکرد، لەو کتێبخانەیەی کە تایبەت بوو بە کتێبی ئینگلزی و دەکەوتە شەقامی ڕەشیدەوە و بە پەیژەیەکی تەنگدا بۆی سەردەکەوتی، لەگەڵ ئەوەشدا و سەرەڕای هەبوونی چاودێرییەکی توونديش بەسەرییەوە ئینجاش جان گەلێکجار لەویش کتێبی دەدزی، لەم ڕووەوە جان دەمۆ هاوشێوەی عەبدولقادر جەنابییە، کە لە ژیاننامەی خۆیدا باس لەو ئارەزووی دزینی کتێبە دەکات لە بەغداد و لەندەن و پاریس، من لەو پاڵنەرە نهێنی ئامێزە تێنەگەیشتم تا کتێبی ( مێژووی خوێندنەوە ) ی ( ئەلبێرتۆ مانغويل )ی نووسەری ئەرجەنتینیم خوێندەوە، کەبەشێکی بەو پەری تامەزرۆییەوە بۆدزینی کتێب تەرخان کردبوو.
بەر لەوەی چاخانەیەک ببێتە پەناگەیان، هەموو ڕۆژێک سەر لە ئێواران زۆربەی ئەندامانی گروپی یەکەم بەشەقامەکاندا دەگەڕان، جان خەونە گەورەکانی تیاماندا دادەگیرساند، هەروەها پشکۆی ئەنارشیزمی لە عەقڵماندا دەگەشاندەوە،







ئەو لەسەر گیرفان بەتاڵی راهاتبوو، لەوەدا هیچ کێشەیەکی نەبوو، چونکە ئەوانی تر پارەی چایی و قاوەکەی ئەویان دەدا، دوواتریش کاتێک نیشتەجێی شاری بەغداد دەبێت و لەوێدا بەدمەست و بەدنۆش دیسانەوە پارەی مەیی و خواردنەوەکانی ئەوانی تر دەیاندا، ئەم دۆخەش تا دووا رۆژەکانی ژیانی لەگەڵیدا بوو، هیچ رۆژێکیش نەمبینی سکاڵا لەنەبوونی و بێ پارەیی بکا، لەو رووەوە هاورێکانی کۆمەک و باربوویان دەکرد،چاندنی خۆشەویستی رۆمان لەمندا یەکەمین چاکەکەی بۆجان دەگەڕێتەوە، هەر ئەو ئەڤینەش بوو کە دوواتر منی بەرەو جیهانی گێڕانەوەکان ( السردیات ) برد، هەموو نووسین و وەرگێرەکانیم خوێندەوە، بەهایەکی ئەدەبی ئەوتۆم تیادا نەبینی شایان بە باسکردن بێ، ئەو بروسکە ئاگرینانەی ئەو دەینوسین زۆر بەخێرایی دەکوژانەوەو خامۆش دەبوون، شیعرەکانیشی وەکو خۆی وابوون، بریتی بوون لە ململانێی وریاییەکی سەرسووڕهێنەری خێرا و باوێشکدانێکی هەمیشەی درێژ.

بەڵام پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەین بەوەی کە جان دەمۆ لە هەردوو دەیەی سەدەی بیستدا بووە دیاردەیەکی تایبەت لەناوەندی رۆشنبیری عێراقیدا، واشدەرکەوت کە قارەمانێکی بوونگەرای یاخییە بەڵام لەنێو دڵی بەغدایەکی گشتگیردا نادیار و بزرە، لەرێی ئەو کەمتەرخەمی و هەڵەشە و گوێنەدانە راستەوخۆ و رەهایەوە ئەو کرنووش و سەرشۆرییە گشتییەی کۆمەڵێک رووناکبیری عێراقی لەسەردەمی ستەمکاریدا ریسوا و شەرمەزار کرد، زۆرێکیش لەو رۆشبیرانە درکیان بەوە کردبوو بەوەی ئەو لەبری ئەوان دەپەیڤێ، ئەمەش بەرجەستەکردنێکی زیندوو بوو بۆ ئەو دۆڕان و شکستییەی لەواندا هەبوو، ئەو ئاوارەو پەراگەندە بوو بەڵام ئازاد بوو، لەکاتێکدا زۆربەی ئەو روناکبیرانە ترس دەستمۆی کردبوون ئەو تۆڵەسێن و سزادەر بوو، بەئاشکراش بەرپەچدەروو هاندەروو کاردانەوەی هەبوو، لەکاتێکدا ئەوان بەترسەوە چوبوونە باوش دەسەڵاتەوە، جان رێگایەکی تری بۆ ژیانی خۆی هەڵبژاردبوو، هەر ئەم شێوازەی ژیانکردنەشی نرخ و بەهای پێبەخشیبوو نەک شیعر و وەرگێڕانەکانی، چەندێکیش بۆ یادوەری و پەیوەندییەکانی ئەو دوو دەیەیە بگەڕێمەوە دەبینم ئەو کەسێکی ئارام و هێمنی عێراقی بووە وەلێ قەیرانی ئەخلاقی و ئایدلۆژی تێکیشکاندوو وردووخاشی کرد.

**پ / دەشێ تۆ یەکەمین کەس بی کە ئاماژەت بەو شاعیرە ئەرمەنییە ( خاچیک گرابیت ئایدنجیان ) کردبێ بەوەی ئەندامی گروپی دووەمی کەرکوکە، لێرەوە دەپرسم پەیوەندیت چۆن بووە لەگەڵ ئەودا، ئەی وەکو شاعیرێک گرنگی و کاریگەری لە چیدا بووە، دوواجار چارەنووسی بەکوێ گەیشت ؟**

و / من ئەو کاتە ئەوم ناسی کە پەیوەندی بە گروپی دووەمەوە کرد، ئەو کەسێکی ناسک و پاک جوان بوو، لە کۆمپانیای نەوتی باکوور وەک فەرمانبەرێک کاری دەکرد، لە ئەودا دلۆڤانی و خوولیایەک هەبوو بۆ گەڕانەوە بۆ ئەرمینیا، لە کەسایەتی ئەوەوە ئیلهامی ئەو چیرۆکەی نووسیم ( ماراسۆنی شەو ) م وەرگرت، ئەمەش دووای پازدە جار لەیەکتر بینین و پاش ئەوەی عێراقی بەجێهێشت، ئەو لەو چیرۆکەی مندا بەناوە راستەقینەکەی خۆیەوە دەرکەوت، خاچیک هەندێ قەسیدەی درێژی ئاست نزمی نووسی، ئیلهامی ئەو قەسیدانەی لەمێژووی ئەرمینیاوە وەرگرتبوو بەپێی زانیاری و ناسینی خۆی بۆ ئەو مێژووە، دوواتر دیوانە شیعرێکی پەخشان ئامێزی پڕ لە هەڵەی زمانەوانی بەناوونیشانی ( الحشره الافیونیه ) بەچاپگەیاند، بەڵام رێکخەری پیتەکان لەچاپخانەدا جیاوازی لە نێوان هەردوو پیتی س و ش دا نەکردبوو هەر بۆیە نامیلکە شیعرییەکە لە ژێر ناو ونیشانی ( الحسره الافیونیه ) دا بڵاوبووەوە، ئەم ناو لێنانە گروپەکە پێی سەرسام بوون و واش لێکدرایەوە کە ئەوە دەستەواژەیەکی داهێنەرانەی نادیارە بەرانبەر بە حەسرەتەکانی شاعیر بۆ نیشتمانەکەی، منیش لە چیرۆکەکەمدا وام خەیاڵکردووە بەوەی داستانێکی ئەرمینیایی مۆری خۆی لە پشتی داوە. لە سەرەتای هەشتاکاندا هاوسەر و کوڕەکەی بەجێهێشت و رووی لە ئەلمانیا کرد، ماڵیشیان لە شوقەیەکی کۆن لە کۆڵانێکی تەنگ و دەرنەچوو بەرانبەر بە سینەما حەمرا لەناوجەرگەی شاردا بوو، دووای چارەگە سەدەیەک هەواڵی مردنی ئەوم لە وڵاتی ئەڵمانیا بیست، مەرگ بواری نەدا چاوەکانی خۆی بە چیاکانی ئەرمینیا برێژێ، ئەو چیایانەی کە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا لەگەڵ خانەوادەکەی بەجێیانهێشتبوو، ئەو هەمیشە و تاکو کۆتایی گرەوی لەسەر ئەوە دەکرد کە زەمانە رۆژێک دەیکاتە شاعیری داستانئامێزی نەتەوەی ئەرمەن، وەکو هۆمیرۆس لە لای گریکەکان و موتەنەبی لە لای عەرەبەکان و فیردەوسی لە لای فارسەکان، رووخساری ئەمیش بە نیشتمانەکەی رۆشن دەبێتەوە، بەڵام رێگاکان لەبەردەمیدا داخران، بەر لە گەیشتنی بۆ سەر زەوی خەونەکان تیاچوو، دڵنیاش نیم لەوەی کە ئایا کەسێک لە وڵاتی ئەرمینیادا بە بەسەرهات و سەرگوزشتەی ئەوی زانی.

**پ / من ئەوە دەزانم کە بەرێزتان هاوسەردەمی کۆتاییەکانی گروپی یەکەمی کەرکوکن، هەروەها ئەوەش دەزانم کە ئەندامێکی گروپی دووەم بوویت و ئاگاداریت لە چۆنێتی سەرهەڵدانیان هەیە، وای دابنێ کە تۆ ئەو کاتە لاوێکی یاخی بوویت و نووقمی نێو کاروبارەکانی جیهان بوویت کە ئەمەش لەگەڵ تەمەن و ئەزموونی گەنجایەتیتدا دەگونجا ، مەبەستم نیوەی یەکەمی حەفتاکانی سەدەی بیستەمە، ئیستاکەش تەمەنت پەنجا ساڵێکە هەڵوێست و هەڵسەنگاندنت چۆنە ؟ ئایا بەهەمان هەڵوێستی بێزارییەوە لەجیهان دەڕوانی یان تۆش گۆڕاوی ؟ بەشێوەیەکی تر بیڵێم جیاوازییە جەوهەرییەکانی نێوان عەبدوڵڵا ئیبراهیمی گەنجی ئەو سەردەمەو عەبدوڵڵا ئیبراهیمی ئەکادیمیست و رەخنەگری ناوداری ئەمرۆ لە چیدایە ؟ کامتان گۆڕاون، تۆ یاخوود جیهان ؟**

و/ لەرووالەتدا جیاوازیگەلێکی جەوهەری هەیە، بەڵام لە قووڵایمدا ناکۆکی و ململانێیەک لە بێجارسی و قەڵسی بەرانبەر بە جیهان نەشوونمای کرد، بەوەش گومان و دوودڵی تیامدا گەشەی کرد، تۆ باش بۆی چووی کە ئەوەت ناونا یاخیبوون و بێزاری و تەنانەت قێزلێبوونەوەش، ئەمانە هەموویان ئەو ململانێیە دونیاییەیان لە مندا دارشت کە یەقین ناناسێ و پابەندی هیچ پێوەرێکی ئامادەکراویش نییە. راستە من بەتەواوی خزامە ناوچەی ئەکادیمییەوە و پەیوەست بە رەفتار و میتۆدێکی دیسپیلکارانە بووم، بەڵام لە قووڵایمدا لە چوارچێوەی گومان و دوودڵی و جارسی پەیوەندییەکانی خۆم بە جیهانەوە دەوڵەمەند تر کرد، ئەمەشم بەو سەفەر و کۆچە زۆرانەی بەچوار دەوری جیهاندا دەیانکەم چارەسەر کرد، لەگەڵ خۆیشمدا جیهانە کۆنەکەی خۆمم هەڵدەگرت و بە ئەزموونگەلێکی پەنهان دەوڵەمەندترم دەکرد، ئەمەش بووە مایەی دەرکەوتن و دۆزینەوەی هاوسەنگی لە کۆمەڵگە نیمچە سست و خاوەکان لە رەفتار و داب و نەریتەکانیان. دەبێت دان بەوەشدا بنێم بەوەی گروپی کەرکوک تێڕامانی منیان بۆ خۆم و جیهان گۆڕی، هەروەها لە دارشتنی چەشەی ئەدەبی لە مندا، پێشتر من لاوێکی سەرلێشێوا و بووم لەناو شەکەتییەکی ئاڵۆزدا دەژیام. جانتاکەی قوتابخانەم پڕ بوو لە نامێلکەشیعری بچووک، نەشمدەزانی ئەوانە شیعرن یان نا، بەتێکەڵ بوونیشم لەگەڵ گروپی کەرکوکدا بە شیعری وەرگێڕاو ئاشنا بووم، ئیدی شەیدای شیعری رۆمانسی ئینگلیزی بووم، پاشتر سیمبولیستە فەرەنساوییەکان داگیریان کردم، ئەمانە بوونە مایەی لەناوچوونی سروشت و پێکهاتەی گوندییانەم، لەژێر کاریگەری مالارمییە بەرەو هەڵگرتنی کەسایەتی شاعیرێکی ئاڵۆز چووم، وەلێ لە هەرزەکاریمدا رامبۆ داگیری کردبووم، وام خەیاڵدەکرد کە ئەهریمەنێکی یاخی و سەرکێش و گلاوە، ئینجا بوونگەراکان بەقووڵی هەژاندمیان و ئیتر من هیچ نیگایەکم لە جیهاندا نەدەبینی بڕوای پێبکەم، واشدەردەکەوتم خاوەن هیچ شتێک نیم لە جیهاندا، شتێکیش نییە بەوەوە بمبەستێتەوە، فرۆیدم دەخویندەوەو لێکدانەوەم بۆ خەونەکانم لەو ماوەیەدا دەبووە دوو هێندە، سارتەرم دەخوێندەوە و لاسایی (ئەنتوان روکنتان)م دەکردەوە، کامۆم دەخویندەوە و لە خەیاڵمدا دەبوومە (مەرسو)، رامبۆم دەخوێندەوە و یاخیبوونییەکانیم دەگێڕایەوە، وەختێکیش (دانپیانانەکانی) روسوم خوێندەوە وامدەرخست بەوەی ژیانی من لە ژیانی ئەو گەلێک پەنهان ئامێزترە، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە منیش دانپیانانەکانی خۆم تۆمار بکەم، سەرنجە سەرەتاییەکانم بەشێک بوون لە هەستەکانی ناوەمەم بە زیادەرۆیی لە گێڕانوە و لە شانازیدا، بۆ ئەوەی گرنگی خۆم دەرخەم نرخ و بەهای زیاترم بە شتەکان دەبەخشی. ئێستاکەش لەو هەمووە جگە لە کۆپییەکی زیندووی ناوچەیەکی چۆڵی بیر و هزرم هیچ شتێک نەماوەتەوە، بەگشتیش بەگوێرەی رەفتار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و رۆڵی رۆشنبیریم، هەموو ئەمانە بەر زەبری گۆڕانکاری کەوتن، چونکە پیشەکەم وەک مامۆستای زانکۆ و پاشانیش بەرپرسیارێتیم وەک ئەکادیمیستێک و روناکبیرێک کە لەدەرەوەی عێرا ق بۆ ماوەی بیست ساڵێکە لە ئەستۆم گرتووە، ئەمانە بە هەموویانەوە جۆرێک لە دیسپلین کارییان لە مندا چاندووە و سەرئەنجامیش بووەتە مایەی سەرزەنشتی زۆریک لێم، ئەوەش هاوکار و هۆکار بوو بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژە رۆشنبیرییەی کە ماوەیەکی زۆر کارم لەسەری کرد، لە پێناو ئەمەدا کاتی خۆم بەفیڕۆ نەدەداو بۆکاری نووسینیش بۆ ماوەی چارەگە سەدەیەک بەتەواوی خۆم ماندوو کرد، بەڵام چەند ساب□ێکە پشووم داوە و تەنانەت ئەو سەفەرانەیشی دەیانکەم بەمەبەستی دۆزینەوە و ناسینی مێژووی تر و کلتور و جوانی ترە، ئەمانەشم هەمووی لە رۆژمێرەکەمدا تۆمار کردووە، ئەو سەرقاڵییەی زووتر بە نهێنییەکانی جیهانەوە هەمبوو ئێستاکەش بەردەوامە، بەڵام شێوەکەی گۆڕاوە کەجیاوازە لەگەڵ ئەوەی سەردەمی لاوێتی، ئێستاش بەو رابردووەی کە لەگەڵ گروپی دووەمی کەرکوکدا ژیام دڵخۆشم، چونکە ئەوێ بۆ من شوێنێکە بۆ بیرخستنەوەی هەڵەشەیی و نەبوونی و سەرسامیم، هەموو ئەمانەش لە ئێستادا بە شیوەیەکی تروو بە پەنهانی دایاندەرێژمەوە نەک وەکو جاران بە ئاشکراو بەبەرچاوانەوە.

**پ / هەردوو گروپی کەرکوک گەلێک پرسیاریان و رووژاند، هەروەها هەڵگری هەندێ لوغزن کەتاکو ئیستا گرێکانی نەکراوەتەوە، چونکە تاکو ئەمرۆ ریککەوتنێک نییە بۆ ناسنامە ئەدەبییەکەیان و ژمارەی ئەندامەکانی، کەواتە بەکام پێوەر دەکرێ ئەدیبێک بە ئەندامی گروپەکە ئەژمار بکرێ و یەکێکی دیش بخرێتە دەرەوەی گروپەکە ؟**

و / من مێژوو نووسی ئەدەبی نیم تاکو خۆم بخەمە ژێر باری ئەم مەرجە وردانەوە و ریزبەندی بۆ نووسەرەکان دابنێم، سەرەتا من ئەو ئەزموونە کەسی و روناکبیرییە بێ مەبەست تیایدا ژیام، پاشتر مەبەست و ئامانج هاتە ئاراوە، وەک لەپرسیاری یەکەمدا روونم کردەوە ئەوە پەیوەندییە رۆشنبیرییە هاوبەشەکانە کە بڕیاری نزیکبوونەوە و یەککگرتن دەدا لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا، بەگوێرەی هەردوو گروپەکەشەوە هەر ئەمە روویدا ، وەلێ بەگوێرەی نرخ و بەها روناکبیرییەکەی ئەوا دەلێم زۆر زۆرە، چوون هەردوو گروپەکە نوێکردنەوەیەکی دانپێنراویان لە بواری چیرۆک و رۆمان و شیعروو رەخنەدا هێنایە ئاراوە، ئەمەش ناوەندی رۆشنبیری عێراقی چەسپاندی و دانی پیادا نا ، لەمەدا هیچ گومانێک نییە، دەشێ گرنگترین لوغزیش کە پێویستی بە ئاشکرا کردن و گرنگی پێدانی زیاتریش بێ بریتی بێ لە سروشتی ئەو پەیوەندییە کەسی رۆشنبیرییانەی کە لە نێوان ئەنداماتی گروپەکەدا هەبووە، ئەوەش دەزانم بەوەی ئەوان لەبارەی شتە تایبەتییەکانی خۆیان و دەربارەی کاروباری روناکبیری و کاروبارە گشتییەکان لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردووەوە تاکو کۆتاییەکەی بەدەیان بگرە بەسەدان نامەیان لەگەڵ یەکتردا گۆڕیوەتەوە، تاکو نهۆش ئەم نامە گۆرینەوانە بەردەوامە، سەرەڕای بڵاوبوونەوەیان بە وڵاتان و شاراندا، بەڵام ماوەی جارێک چاویان بەیەکتر دەکەوێ و دیداری یەکتر دەکەن، خۆزگا لەرێی پەیوەندی کردن بەزیندووەکانیانەوە و کەس وکاری مردووەکانەوە ئەو نامانە کۆدەکرانەوە، پاش کۆکردنەوە و رێکخستنیان شرۆڤە و شیکردنەوەی مێژوویانە و رەخنەییان بۆ بکرێ تا لەو رێگایەوە سروشتی





ئەو دیاردە رۆشنبیرییە جیاوازەمان لەنێوەندی روناکبیری عێراقیدا دەناسی و بۆ ئاشکرا دەبوو، بەگوێرەی کتێب و بلاوکراوەکانیشیان ئەوا لەسەر ئاستێکی فراوان ناسراون و ناوبانگیان هەیە، پێویستە ئاوڕ لە لایەنە تایبەتییەکانیان بدرێتەوە، بەڵکو لایەنە پەنهانەکانیشیان لەبەرچاو بگیرێ لە خاڵە هاوبەشەکانیان و خاڵە جیاوازییەکانیان.

**پ / لەهەردوو گروپەکەدا هەندێ لەناوی رۆشبیرانی شارەکەمان بەرچاو دەکەوێ بەبێ ئەوەی بەرهەمی ئەدەبی بڵاوکراوەیان هەبێت، لەبەرانبەر ئەمەشدا هەندێ ئەدیبی ناسراو هەن وەک زوهدی داودی و محێدین زەنگەنە ئاماژەیەکی راستەو خۆ نییە بەوەی ئەندامی گروپەکە بن، بۆئەوەی رای بەرێزتان لەم بابەتە ئاڵۆزەوە بزانم، دەمەوێ پرسیارەکەی پێشووترم بەشێوەیەکی تر دووبارە بکەمەوە، ئایا ئەو مەرجانە چین تاکو لەژێر رۆشناییەکەیدا ئەدیبێکی کەرکوکی بخرێتە نێو یان دەرەوەی ئەم گروپانەوە؟**

و/ پێویستە بووترێ ئەوە کارێکی قورسە بۆ رێککەوتن لەسەر ئەوەی کە سنوورێکی کۆتایی دابنرێ بۆئەوەی ئەدیبێک بخرێتە ریزەکانی گروپەکەوە یان دوور بخرێتەوە لێی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی مێژوونوسێکی وردەکار بە کاروباری ئەم گروپە ئەدەبییانەوە، ئەوەیشی دەربارەیان نووسراوە بریتییە لەراوبۆچوونی تایبەتی کەسەکان لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا، بۆیە پێشنیار دەکەم کەسێکی شارەزا لەم بابەتە بکۆڵێتەوەو چارەسی بکات، ئەمەش دەشێ سوودێک بە مێژووی ئەدەب ببەخشێ لە کەرکوکدا، وەختێک ئەزموونەکانی هەردوو گروپەکە بیر خۆم دەهێنمەوە هیچ هۆکارێک نادۆزمەوە لەسەر بنەمای جۆروو سروشت و نایابی نووسین نووسەرێک فەزڵی بەسەر نووسەرێکی ترەوە هەبێت، هاورێیەتی رۆژانە و دیدارە تایبەتەکان، گفتووگۆی رۆشنبیری و ئاڵوگۆرکردنی کتێب و راوبۆچوون، هەروەها رێککەوتنێکی گشتی و هاوبەش بۆ تێگەیشتن لە چەمکی ئەدەب، بەگشتی ئەمانە ئەو سنوورانە بوون کە هەردوو گروپەکەی لەسەر دامەزرا، بەتەواویش ئەوە رەتدەکەمەوە کە ئەوان هیچ ئینتمایەکی رەگەزی و ئاینی و کلتورییان هەبووبێ، ئەوان هەموو ئەو سنوورە بەرتەسکانەیان تێکشکاندبوو، ئاسۆیەکی روناکبیری هاوبەشیان کردبووە چوارچێوەی ریکخستنەکانی خۆیان، هەر بۆیە ناکرێ هەموو ئەدیبانی شارەکە بخەینە نێو ئەم گروپ یان ئەو گروپەوە، چونکە ئەم شارە دەوڵەمەندە بەبەهرەی ئەدەبی جۆراوجۆر، ناشبێت لەبەر ئەوەی ئەدیبێک خەڵکی شارەکەیە ئیدی بخرێتە ریزی گروپەکانەوە، بەڵکو ئەوە هاوبەشیکردنی روناکبیریانەیە لەگەڵ ئەوانی تردا و پێکهێنانی ئەڵقەیەکی ئەدەبی زیندوو و کاریگەروو هاوچەرخە لەمەدا رۆڵ دەبینێ، دەشێ هەندێ روناکبیر بخرێنە نێو گروپێکەوە، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەزموونی ئەدەبی تایبەت و هاوبەشیکردنی رۆشنبیریانەیی و گفتۆگۆ ئەدەبییەکانی، ئەم حاڵەتە لەگروپی دووەمدا ئیشکالییەتی هێنایە ئاراوە بەوەی هەندێک چوونە نێو گروپەکەوە بەبێ ئەوەی بەردەوام بن لەبەرهەمهێنانی ئەدەبیدا، بەڵام بە حوکمی ئامادەگی بەردەوامیان و دیداری رۆژانەیان لە شوێنی تایبەت بە گروپەکە و هاوبەشی کردنیان لە گفتووگۆکان ببوون بەرەگەزێکی کاریگەری نێو گروپەکە، بەرانبەر بەئەمەش هەندێ نووسەری دی کەبەرهەمی ئەدەبی بەنرخ و پڕ بەهایان بەرهەمهێنا لەبەر هەڵبژاردنی ژیا نێکی تایبەت بەخۆیان و دوورەپەرێزییان بەئەندامی گروپەکە ئەژمار نەکران، بەمەش کۆتایی بەقسەکانم دەهێنم بەوەی ئینتیماکردن بەم گروپەوە مانای ئیمتیاز بەخشین نییە پێیان، ئینتیما نەکردنیش بەمانای زەرەر و زیان نایەت، چونگە گروپەکە ماف و شەرعییەت نابەخشیتە هیچ روناکبیرێک یان لێی بسێنێتەوە، دەشی هەندێجار ناوی لەگەڵ گروپەکەدا بهێنرێ، بەڵام زوو لەبیر دەچێتەوە و وەکو گەڵایەکی پایز دەوەرێ و با بەرەو دوواوەی دەبا، وەلێ هەندێ روناکبیریش سەرەڕای ئەوەی لە ناو هەردوو گروپەکەدا ناویان نەهاتووە، بەڵام کاریگەرییان دیار و لەبەرچاوە، ئەمە هیچ شتێک لە نووسەرێک کەم ناکاتەوە یان زیاد ناکات، بۆیە تکا دەکەم و داواکارم ئەو داواکاری و بیرووبۆچوونە بکوژێتەوە کە لەسەر بنەمای ئەندامێتی لە نێو گروپە ئەدەبییەکان گرنگی بە کەسەکان بدرێت، بەڵکو دەبێ بە پشت بەستن بە رەخنە گرنگی بە کارە ئەدەبییەکان بدرێ، بۆ نموونە جەلیل قەیسی و فازڵ عەزاوی و سەرگۆن پۆڵس و سەلاح فایق و یوسف سەعیدوو موئەیەد راوی، لەسەر بنەمای ئەندامبوونیان نەبوو کە بوونە ئەو ئەدیبە گەورانە، بەڵکو ئەوە بەهرە و داهێنانەکانیان بوو، دیارە ئەمەش لە رووانگەی رەخنەسازییەوە کردنی بەو ئەدیبە گەورەو ناسراوانە، هەروەکو چۆن بەها ئەدەبییەکانی ئەوانەی لە ریزبەندی گروپەکەدا ئەژمار ناکرێن کەمتر نییە لەبەر ئەوەی نەچوونەتە ریزەکانییەوە، ئیدی لە نێوان ئەندامانی گروپی دووەمدا کەمێکیان مانەوە و توانییان بە تاقیکردنەوە مێژووییەکانی ئەدەبدا تێپەڕن، ئەوانی دیش لەبیر چوونەوە، بەڵام ئەوانەی پێشووتر چالاک و کاریگەر بوون لەو دیدارە رۆژانەییەی حەفتاکانی سەدەی بیستدا، بۆیە دەڵێم کەسێک خۆی ئەدیب و نووسەر نەبێ گروپ نایکا بە ئەدیب







# گرووپی کەرکوک..لە کەرکووکەوە بۆ بەغدا



لەتیف هەڵمەت

گرووپی کەرکووک وەکو شاعیر و رۆماننوس و رۆشنبیر و دیارترین کەسایەتی ناو گروەپەکە و ناودارترینیان فازیل ئەلعەزاوی لە لاپەری -٢٧٩- ی کتێبێکیدا بە ناونیشانی -الروح الحیە-ئاماژەی بۆ دەکات لە ساڵی -١٩٥٥-دامەزراوە و لە ساڵی ١٩٦٤ کۆتایی هاتووە و ئەندامانی گرووپەکە بە هۆی بارودۆخی نالەباری سیاسی و ئابووری یەوە پەرت و بڵاو بوونەتوە و هەریەکە و روویان لە شوێنێک کردووە..رەنگە مشتومڕ و سێ و دوویەکی کەم هەبێ لەسەر ژمارەی ئەندامانی گرووپەکە و بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێن ئەم شاعیر و نوسەرانە ئەندامە بنەڕەتی و سەرەکیی و ناودارەکانی گرووپەکە بوون:

١-فازیل عەزاوی-عەرەب
٢-موئەید راوی-عەرەب
٣-ئەنور غەسانی/عەرەب
٤-جەلیل قەیسی/عەرەب
٥-قەحتان هورمزی/ترکمان
٦-زوهدی داودی/کورد
٧-یوسف حەیدەری/کورد
٨-صلاح فایەق/کورد
٩-جان دەمۆ/ئاشووری
١٠-سەرگۆن پۆلس/ئاشووری
١١-قەشە-الاب-یوسف سعید/ئاشووری و قەشەی کڵێسا
١٢-محێدین زەنگنە/کورد

بەڵام ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم نووسەری ناسراوی کەرکوک فاروق مستەفا لە نووسینێکیدا ئاماژە بە ئەندامبوونی خۆی لە گرووپەکەدا دەکات..بەڵام ناوی ئەم لە کتێبی (الروح الحیة) ی فازیل عەزاوی و کتێبی (جماعه کرکوک) ی هیشام قەیسی دا نەهاتووە..بەڵام چەند کەسێکی دی بە شێوەیەکی لابەلا ئەندامی گرووپەکە بوون و دوایی باسیان دەکەم.شایانی باسە فازیل عەزاوی لە کتێبی ناوبراویدا بە روونی باسی ئەوە دەکات کە ئەم پێکهاتە تێکەڵەیەی شاری کەرکووک چوست و چالاکییەکی زۆری رۆشنبیریی شارەکە بەخشیبوو.ئەمە جگە لەوەی کە کتێبخانەی ئەمەریکایی لە ناوەڕاستی شارەکە دا بوو پڕاوپڕ بوو لە کتێبیئینگلیزی و کتێبخانەیەکی سەربەئیخوانی موسلمینیش هەبوو پڕاوپڕ لەکتێبی کلتووری هەمەجۆر و جگە لەمانەش لە کەرکووکدا هەندێ کتێبخانەی دیکە هەبوون لەوانە کتێبخانەی عەسری و کتێبخانەی ئۆرزدیباک کە کتێبی ئینگلیزی و قەوانی گۆرانی دەفرۆشێت..هەروەها کتێبخانەی یۆجین کە کتێبی بەکارهێنراوی ئینگلیزی دەفرۆشێت.. شایانی باسە هەموو قوتابخانەیەکی کەرکووک لەو دەمەدا کتێبخانەیەکی بچکۆلەی تیابوو بۆ خوازتن و خوێندنەوەی کتێب لەلایەن قوتابیانەوە..ئەمە جگە لە کتێبخانە و کتێبفرۆشەکانی سەر جادە و شەقامەکان..و هەرچی کتێبی لە بەغدا و بەیروت و قاهیرە و دیمەشق و ئەستەموڵ و ئەنقەرە دەردەچوون دەگەیشتنە کەرکووک. هەروەها لە کەرکوک لەودەمەدا رۆژنامەی -افاق- بە شێوەی هەفتانە بە زمانی عەرەبی و تورکی و گۆڤاری -شەفەق-یش مانگانە بە زمانی عەرەبی و کوردی دەردەچوون.

شانبەشانی ئەمانە وەکو فازیل عەزاوی لە لاپەڕە -٢٨٠-ی کتێبی -الروح الحیة-دا باسی دەکات لەو ساڵانەدا بە شێوەیەکی رێک و پێک گۆڤاری -الادیب-و -الاداب- و- المجله- و هتد دەگەیشتنە کەرکووک..

ئەم هۆکارانە و گەلێ هۆکاری دی کە لە وتارێکمدا لە گەلاوێژی نوێ دا بڵاوم کردۆتەوە رێخۆشکەر بوون بۆ پەیدا بوونی گرووپی نوێخوازی کەرکووک لە ساڵی ١٩٥٥دا..

هەروەها فازیل ئەلعەزاوی کە بەلای منەوە بزوێنەری راستەقینەی گرووپەکە و دامەزرێنەری بووە لە لاپەرە-٢٨٠-و-٢٨١-و (٢٨٦) و(٢٨٧) ی کتێبی-الروح الحیە-دا باسی ئەوە دەکات کە بە جۆرێک لە جۆرەکان حەزی لە خوێندنەوەی نووسینەکانی شاعیر و نووسەری بوونگەری و ناوداری عیراقی حسێن مەردان بووە لە رۆژنامەی -الاخبار-داو دواتریش کە لە ساڵی ١٩٥٣ یا ١٩٥٤ دا لەگەڵ باوکیدا چووە بۆ بەغدا دیوانی-قصائد عاریە-و-اللحن الاسود-ی لە بازاری سەرای بەغدا کڕیوە و لە ساڵی ١٩٥٦ کەوتۆتە خوێندنەوەی شیعرەکانی (ت.س.الیوت) کە گەورەترین شاعیری ئینگلستانە لە سەدەی بیستەمدا و گەلێ شیعری شاکاری هەیە وەکو ( وێرانە خاک-چوارشەمەی خۆڵەمێش-گۆرانییەکی دڵداری) وهتد..هەر لە هەمان سەرچاوەدا فازیل عەزاوی دەڵێ لە رێگای گۆڤاری -الاداب-ەوە کە لە بەیرووت دەردەچوو جان پۆل سارتەر و ئەلبیرکامۆ و سیمۆن دی بۆفوار و کیرکگاردمان ناسی و کەوتینە خوێندنەوەی بەرهەمەکانیان..فازیل عەزاوی بەسەرگەرمی و بایەخپێدانەوە باسی کتێبەکانی (دار الیقظة) ی دیمەشق و وەرگێڕدراوەکانی سامی ئەلدرووبی و زنجیرە کتێبی (هەزار کتێب) لە قاهرە و-دارالاداب-ی لوبنانی و ئەو کتێبانە دەکات کە یوسف ئیدریس و عائیدە مەتەرچی لەبارەی ئەدەبی بوونگەرییەوە لەو دەمەدا وەریان دەگێڕا یە سەر زمانی عەرەبی..سەیر ئەوەیە فازیل عەزاوی لە لاپەرە-٢٩٠-ی کتێبی ناوبراویدا زۆر بە خراپ باسی چیرۆکەکانی -احسان عبدالقدوس-و-یوسف سباعی -دەکات و دەڵێ ئەو ساڵانە کچان سەرگەرمی خوێندنەوەی ئیحسان عەبدولقودووس بوون و کوڕانیش سەرقاڵی خوێندنەوەی یوسف سوباعی بوون...بەڵام من نەمتوانی چەند لاپەڕەیەک زیاتریان لێبخوێنمەوە و خۆ ئەگەرچی هەندێ جار چێژم لە نووسینی پڕوپووچیش وەردەگرت بەڵام هەرگیز نەمتوانی تاکو ئێستاش نووسینی ئەو دوو نووسەرە بخوێنمەوە..ئاشکرایە لەو ساڵانەدا کۆمپانیای نەوتی عیراق لە کەرکوک بە دەستی ئینگلیزەوە بووە و دەیان خێزان و کچ و ژنی ئینگلیزی کارمەندانی کۆمپانیاکە نیشتەجێ ی کەرکووک بوون و لە کاتی پێویستدا لە بازاڕەکانی کەرکووکدا و ئێوارانیش بۆ پیاسە بە تەنوورەی کورت و پانتۆڵی شۆرتەوە دەبینران و ئەمەش بۆ ئەو دەم و وەختە لە کەرکووکدا شتێکی تازە و سەرسورهێن بووە و کاریگەری لەسەر گرووپەکە بووەو هەوڵیان داوە ئەوانیش لە هەڵسەکەوت و نووسینەکانیاندا نوێخوازی دەربڕن و لاسایی بابەتە کۆنەکان نەکەنەوە..شایانی باسە جگە لە ژن و کچ و کچۆڵە ئینگلیزەکان ژن و کچ و کیژە سریانی و ئەرمەنی و مەسیحییەکانیش لەو دەمەدا هەمان جۆرە جلیان لەبەر دەکرد و پیاسەی ئێوارانیان دەکرد.

ئەم گرووپە بایەخیان بە هەموو بەشەکانی هونەر و وێژە دەدا و لەو بارەیەوە فازیل عەزاوی لە نووسینێکیدا دەڵێ: شان بەشانی شیعر و ئەدەب و رەسم و مۆسیقا. هونەری سینەماش رۆڵێکی گرنگی لە ژیانی ئێمەدا بینی و ئێمە بە هەڵپەوە چاوەڕوانی هەموو فلیمێکی نوێمان دەکرد. بە تایبەتی فلیمی سەر بە شێوازی ( ریالیزمی نوێ ی ئیتالی)

لەبارەی هونەری شانۆشەوە فازیل عەزاوی و موئەیەد راوی و هەندێ کەسی دیکە یەکەمی تپی شانۆیی خۆیان لە کەرکووکدا دامەزراند و بڕیاریاندا یەکەمین بەرهەمی شانۆییان (شانۆیی-جیان-) بێت لە نووسینی -یەحیا بابان-کە دەربارەی جەزائیر بووە و خەڵاتی گۆڤاری ئادابی بەیرووتی دراوەتێ..بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بێ شانۆییەکە پێشکەش نەکراوە..بەڵام دیارە یەحیا بابان کە ئێستا کەس نایناسێ کوردێکی کەرکووک بووە و ئەندامی گرووپەکە بووە..خۆزگە شانۆکارانی کورد بە دواداچوونێکیان





بۆ ژیاننامە و بەرهەمەکانی ئەم کوردە عەرەبی نووسە دەکرد..سوپاس بۆ فازیل ئەلعەزاوی کە لە کتێبی ئاماژە بۆ کراویدا ناوی هێناوە..هەروەها ناوی شانۆکارێکی دیکەشی بردووە-علی حسێن ئەلسعیدی-و دەڵێ ئەم شانۆکارەمان-کەوا دیارە ئەمیش بە شێوەیەکی لابەلا ئەندامی گرووپی کەرکووک بووە-ساڵی ١٩٥٩ وازی لە کارەکەی هێنا لە کۆمپانیای نەوتی کەرکووک چوو بۆ ئەڵەمانیا و نەمسا و چەند شەهادەیەکی لە بواری نواندندا هێنایەوە لە عێراقدا رەواجیان نەبوو.. بەڵام هەر سەرقاڵی کاری شانۆ بوو..جارێکیان لە میهرەجانی شانۆکارانی عەرەبدا لە دیمەشق شێتگیر دەبێ و هێرش دەکاتە سەلا بەرێوەبەری ئاهەنگەکە و میکرۆفۆنەکەی لێ دەستێنێ و هاوار دەکا جەماوەری شانۆکە گەمژەن و من گەورەترین و گرنگترین دەرهێنەر و ئەکتەری جیهانم و ئەنجا لەسەر شانۆکە خۆی رووت دەکاتوە و هاورێکانی بە زۆر پەلەکێشی دەکەنە پشت پەردەی شانۆکەوە. سەیر ئەوەیە قەشەیەکی کڵێسا لەگەڵ ئەم گرووپە نوێخوازەدا بووە و شاعیر بووە و گەلێ شیعری جوانیشی بڵاوکردۆتەوە و زۆر جار لە کڵێساکەی خۆیدا لەگەڵ ئەندامانی گرووپەکەدا کۆ بۆتەوە و شیعریان بۆ یەکدی خوێندۆتەوەو لە کتێبی-الروح الحیە-دا نووسەری کتێبەکە ئاماژە بەوە دەکات کە قەشە یوسف سەعید شیعری بەرێگایەک دەزانێ بۆ رۆیشتن بۆلای خوا..دەبێ ئەوەشمان بیر نەچێ ئەم گرووپە وەکو نووسەری کتێبی دەستنیشان کراو ئاماژەی بۆ دەکات بەرهەمەکانی یوسف الخال و ئینسی ئەلحاج و محمد ماغووت و شەوقی ئەبی شەقرا و ئەدۆنیسیان دەخوێندەوە..و ئەگەرچی لە زمانی شیعریی وشک و ئاڵۆزی ئەدۆنیس بێزار بوون و چێژیان لێ وەرنەدەگرت بەڵام بەلای هەندێ لە ئەندامەکانی گرووپەکەوە بزۆزی وێنە و بارانۆما کاری لە شیعری ئەدۆنیسدا مایەی سەرسامی و راچەنین و گرنگی دان بوو بە شیعرەکانی و هەر لە رێگای وەرگێڕانەکەی ئەدۆنیسەوە توانیان چەژ لە چامە بەناو بانگەی شاعیری ناوداری فەرەنسا سان جۆن پێرس وەربگرن..چامەی-چیقەهی المراکب-(کەژاوەکان تەنگەبەرن) ئەگەرچی هەندێ هەڵەشی لەکاری وەرگێڕانەکەیدا کردبوو..

یەکێکی تر لە ئەندامە لابەلاکانی گرووپەکە-عصمت هورمزی-بووە کە بۆ خوێندنی هونەری شانۆ چووە بۆ تورکیا و خۆ ئەگەرچی ئەندامی ناسراوی گرووپەکە ئەنوەر غەسانی هەرگیز لە خەیاڵیدا نەبووە ببێ بە ئەکتەر بەڵام کاتێ قوتابی بوو لە-لایبزگ-لە دوو فلیمی ئەڵەمانیدا دەوری بینی..

ئەم گرووپەی کەرکووک زۆر دوور بوون لە دەمارگیریی نەتەوەیی و ئاینی و حزبی و لەو لایەنەوە فازیل عەزاوی دەڵێ لە ساڵی ١٩٧٥دا کە عبدالصمد خانقا مۆڵەتی دەرکردنی گۆڤاری-شەفەق-ی وەرگرت. ئێمە (خۆی و ئەنوەر غەسانی و زوهدی داودی) لە بەشە عەرەبییەکەیدا (لەس ەرداوای خۆی) دەس بەکار بووین و کاتێ لەو ساڵەدا تەرمی سەرکردەی ناسراوی کورد شێخ محمود کە دەورێکی باڵای لە مێژووی عیراق و دۆزی کوردا بینیوە خەریک بوو لە بەغداوە دەگەیشتە کەرکووک (عبدالصمد خانقاە) بە تۆمبێلەکەی خۆی بردینی بۆ پێشوازیکردنی تەرمی شێخ کە بۆ سلێمانییان دەبردەوەو.

هەروەها وادێتە خەیاڵم کە شاعیری کەرکووکی عەباس عەسکەر کە کورد بوو بە عەرەبی دەینووسی و رۆشنبیرێکی گەورە بوو دیوانێکی چاپکراوی گەورەی هەیە بە عەرەبی باسی ئەوەی دەکرد کە بە جۆرێک لە جۆرەکان هاورێ ی ئەندامانی گرووپەکە بووە.

لە هەندێ لاپەڕەی کتێبی-الروح الحیة-دا بە روونی ئەوە رووماڵکراوە کە ئاگاداری گرووپی دادایی و سوریالیزمی بوون و بەرهەمی هەندێ لە ئەندامانی ئەو دوو گرووپەیان خوێندۆتەوە.

بەرای من گرووپی کەرکووک زادەی ئەم بارودۆخ و دیارانەیە و هەموو ئەو هۆکارانە یەکیان گرتوو گرووپی کەرکووکی لێ هاتە کایەو پێویستە ئەوەش بڵێین کە ئەندامانی گرووپەکە لەیەک رۆژ وکات و ساتدا یەکدییان نەناسی و سەرەتا فازیل عەزاوی و موئەیەد راوی لە قوتابخانەی (المتوسطة الغربیة) یەکدی دەناسن و ئەو دەمە واتا ساڵی ١٩٥٥ فازیل العزاوی لە پۆلی یەکی ناوەندی بووە و مۆید الراوی لە پۆلی دووی ناوەندی و بە یارمەتی مامۆستا سینان سەعید لە وێنەگای قوتابخانەکەدا خۆیان بە ئامادەکردنی رۆژنامەی دیوار بەندەوە خەریک دەکرد و ئەم دیوارە بەندانەش بوونە هۆی کە هەندێ لە قوتابیانی تاقی ئێوارەی قوتابخانەکە تووڕە کەن و ئەوانیش (قحتان هورمزی و ئەنور غسانی و یوسف حیدری) بە دژە دیواربەندێکی خۆیان بەرامبەریان وەستان و دواتر ناکۆکی یەکە بوو بە هۆی ئەوەی ببن بە هاورێ و بنەمای گرووپەکە دروستکەن و هەر ئەو ساڵە جەلیل قەیسی بوو بە هاورێ و ئەندامی گرووپەکە و دواتریش زوهدی داودی و قەشە یوسف سەعید بوون بە ئەندام و هاورێ ی گرووپەکە..شایانی باسە کە لە لاپەڕە-٢٨٤-ی سەرچاوەی ناوبراودا فازیل ئەلعزاوی باسی شاعیری گەوورە و چەپڕەوی تورکمانی عبدول لەتیف بەندەر ئۆغلۆ دەکات و دەکرێ لەم حاڵەتەدا ئەم شاعیرە و مامۆستا سینان سەعیدیش کە هونەرمەندێکی تورکمانی سەر بە رێبازی سوریالیزم بووە بە ئەندامی گرووپەکە بژمێرین.دواتریش نووسەران و شاعیرانی تری وەک سەرگۆن بۆلس و جان دەمۆش بوون بە ئەندامی گرووپەکە.

دەبێ ئەوەشمان لە بیر نەچێ ئەم گرووپە هیچ بەیاننامەیەکیان لەبارەی چەمک و بۆچوونی خۆیانەوە دەربارەی هونەر و ئەدەب دەرنەکردوە.. بەڵکو کردار و بەرهەمەکانیان خۆی لە خۆیدا دەیان بەیاننامەبوون لە بواری رۆشنبیریدا و ئەم گرووپە تاکو ساڵی ١٩٦٤ کەم و زۆر لێکدادەبڕان و لێک نزیکدەبوونەوەو هەر لە بەهاری ١٩٥٨ دا قەحتان هورمزی لە گرووپەکە کشایەوە و لە ساڵی ١٩٦٢ دا ئەنوەر غەسانی چوو بۆ بەغدا و لە ساڵی ١٩٦٣ دا کە کودەتای رەشی -٨-ی شوبات رووی دا فازیل عەزاوی و ئەنوەر غەسانی و قەشە یوسف سعید و جەلیل قەیسی و موئەید راوی گیران و زوهدی داودی و سەڵاح فایەق روویان لە شاخ کرد و سەرگۆن پۆلس و جان دەمۆ و قەشە یوسف سەعیدیش دوای بەربوونی رویان لە دەرەوەی وڵات کرد..بەڵام هەر ئاگاداری هەواڵی یەکدی بون تا لە ساڵی ١٩٦٤ دا گرووپەکە نەماو کۆتایی هات و دواتر لە ساڵی -١٩٦٥-دا زۆربەی ئەندامانی گرووپەکە لە بەغدا یەکیان گرت و تێکڕا وەچەیەکیان دروستکرد ناونرا (وەچەی شەستەکان) و بەم جۆرە گرووپی کەرکووک کۆتایی هات و لە ورگی گرووپەکەوە (وەچەی شەستەکان) هاتە کایەو جوانترین بەرهەمی شاکاری لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا بەخشی بە ئەدەبی عیراقی و عەرەبی و مرۆڤایەتی..و من بەبێ سێ و دوو دەڵێم هاتنە کایەی گرووپی (کفری/کەرکووک) و هەوڵ و کارە ئەدەبی یە دژە باوەکانیان لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا هاتە کایەی (گرووپی روانگە) کە لە ساڵی ١٩٧٠ ی سەدەی رابوردوودا دروستبوو بەیاننامەکەیان و دروستبوونەکەیان کاریگەری گرووپەکەی کەرکووک و گۆڤاری (شعر ٦٩) ی بەغدایی و بەیاننامە شیعرییەکانی لە سەدە، کە لە ساڵی ١٩٦٩ دا لە یەکەم ژمارەی گۆڤارەکەدا بە واژۆکردنی فازیل عەزاوی و سامی مەهدی و فەوزی کەریم و خالید علی مستەفا لە بەغدا بڵاوکرایەوە..لەو بارەیەوە برا و شاعیر کاک عبداللە عباس لە نامەیەکی دا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو دەمە ئەو لەگەڵ کاک جەلالی میرزا کەریمی جوانەمەرگدا لە هاوکاری بوون و ئەو هەندێ لە ئەندامانی روانگەی بە فازیل عەزاوی ناساندووە و پێی وتوون ئێوەش بۆچی وەکو ئێمە بەیاننامەیەک بڵاو ناکەنەوەو ئیتر ئەم قسەیەی فازیل عەزاوی بوو بە پرۆژە و برادەرانی روانگە بەیاننامەی روانگەیان نووسی و لە رۆژنامەی هاوکاری دا بڵاویانکردەوە..ماوەتەوە بڵێم بە ڕای من داهێنەرترین ئەندامی گرووپەکە فازیل عەزاوی یە و هیچ یەکێک لە گرووپەکە هاوتای فازیل عەزاوی نین و ئەم قسەیەش مانای ئەوە نیە ئەوانی دیکە فت و قت بکەم..بەڵکو مەعنای ئەوەیە تاک گرووپ دروست دەکات و داهێنان دەکات و گرووپ هیچ کاتێک ناتوانێ کەسێکی ناو کۆمەڵگا یا کەسێکی بواری رۆشنبیری بکات بە داهێنەر..بەڵێ هەموو یاخود زۆربەی ئەندامانی گرووپەکە رۆشنبیر و نووسەر و شاعیری نوێخواز بوون..بەڵام داهێنەر نەبوون و نین.بەڵام فازیل عەزاوی سەرجەمی شیعر و رۆمان و کورتە چیرۆک و نووسینەکانی گەواهی ئەوە دەدەن کە تاکمە داهێنەری ناو گرووپەکەیە.

ئیتر ئەم قسەیەی من دەرهاویشتەی ئەزموونی خوێندنەوەی ساڵانی تەمەن و چەژی ئەدەبیمە و نووسەران و شاعیران و خوێنەرانی دیکەش بۆیان هەیە لەم بارەیەوە بە ئازادی بدوێن و ئەگەر پێویست بکات بەرپەرچی بیروراکانم بدەنەوە.

ماوەتەوە بڵێم بارودۆخ و هەل و مەرجی جوگرافی و مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و بەهرەمەندی خودی ئەم شاعیر و نووسەرانە خۆیان بوو بە هۆکاری دەرکەوتن و گەشانەوەی ئەم ناوانە لە رووبەری ئەدەبی عیراقی و عەرەبی و ئەگینا هیچ کەناڵ و رۆژنامە و گۆڤارێک ریکلام و پروپاگەندەی بۆ نەکردن وەکو ئەوەی هەندێ رۆژنامە و کەناڵی دیار و ناسراو بۆ هەندێ بەهرەمەندی لاوی هاورێ و دۆست و هاوبیری خۆیانی دەکەن و دەیان لاوی لەوان بەهرەمەنتر و بەتواناتر و رۆشنبیرتر و تەنانەت دەیان ناوی رووبەری شیعر و ئەدەبی کوردی پشتگوێ دەخەن و ئەگەر شتێکیشی بۆ بڵاو بکەنەوە بە فۆنتێکی وا ناشیرین و وەها چەپەکدا بڵاوی دەکەنەوە سەرنجی کەس رانەکێشێ و ئەم جۆرە ریکلام و پروپاگەندانەی کە هەندێ رۆژنامەنووس لەو رۆژنامە دیارانەدا بە خۆرایی بۆ برادەرانی خۆیانی دەکەن لە وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپیدا ئەگەر شتێکی وا بکرێ وەکو ریکلامێکی بازرگانی بە پارەیەکی دیاری کراو بڵاو دەکرێتەوە.

با ئێمە فێری ئەوە بین و ئەوە بزانین نووسەرانی بەهرەمەند و داهێنەر لە هیچ شوێن و کاتێکدا پێویستیان بە ریکلام و پروپاگەندە نیە و من هاوچەرخی هەندێ لاوی داهێنەرم و بیرم کەس ریکلامی بۆ کردبێتن هەر بۆ نموونە: عباس عبداللە یوس بە کۆمەڵە شیعری -ئاو- و لم نیازمە- ناوی دەرکرد و سەباح رەنجدەر بەزیوان و محەمەد باوەکر بە دارستانی خەمبابا و هاشم سەراج بە-دوو کەڵ-و-ئەنوەر مەسیفی بە (خۆرباران) و هتد کەس لە هیچ شوێنی ریکلام و بانگەشەی بۆ نەکردن و خۆیان بەهرەمەند و داهێنەر بوون و توانییان ناوی خۆیان لە لیستی بەهرەمەندان و داهێنەراندا تۆمار بکەن.

سڵاو لە گرووپی -١٩٥٥/١٩٦٤-ی کەرکوک کە رێخۆشکەر بوون بۆ هاتنە کایەی گرووپی کفری لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا و دروستبوونی گرووپی روانکە لە سەرەتای حەفتاکانی هەمان سەدەدا لە سلێمانی و دامەزراندنی گرووپی پێشڕە و لە هەولێر لە هەمان سەدەی ناوبراودا.







# ڕۆڵ و پێگەی "گروپی کـەرکـ



**گۆران فەتحی**

گروپ یان جەماعەتی ئەدەبی کەرکوک، ئەو گروپە ئەدەبیەی کەرکوکە، کە لەناوەڕاستی پەنجاکان دروستبوو، لەسالآنی شەستەکانی سەدەی رابردوودا، وەکو گروپێکی ئەدەبی کارا، ، لەناو کایەی رۆشنبیری و ئەدەبی عیراقی و بەغدایی ناویان دەرکرد.

سەبارەت بە دروستبوونی گروپەکە دکتۆر توفیق ئالتونچی دەڵێت: سالّی ١٩٥٥ ژمارەیەگ گەنج کەتەمەنیان لەنێوان ١٥-١٨ سالآن بوو گروپێکی ئەدەبی ناوخۆییان لەکەرکوک دامەزراند، ئەندامەکانیش لەسەرجەم نەتەوەکانی شارەکە پێکدەهات.١.

ئەو گروپە لەچەند نووسەرو شاعیرو چیرۆکنوسی گەنجی ئەوکاتی کەرکوک پێکدەهات، لەکوردو تورکمان و عەرەب و ئاشوری، کەهاوڕێیەتی کۆیکردۆنەوەو زیاتر لەشەقام و چایخانەکانی کەرکوکدا یەکیان دەگرتەوە.

جەماعەتی کەرکوک سەرەتا لەکەرکوک دەرکەوتنو لەرۆژنامەو گۆڤارەکانی شارەکەدا بەرهەمەکانیان بلآوکردەوە، دواتر بەهرەی ئەدەبیان لەشاری بەغداو دواتریش لەدەرەوەی عیراق دەرکەوت، هەرچەند بۆچوونی جیاجیا لەسەر ناوی ئەندامانی گروپی کەرکوک لەناو رۆشنبیراندا هەیە، بەڵام زۆربەیان کۆکن لەسەر ئەوەی گروپەکە لەسەرەتادا لەهەریەک لە»یوسف حەیدەری و سەرگۆن بۆڵس و فازیڵ عەزاوی و سەلآح فایەق و موئەید راوی و جەلیل قەیسی و جان دەمۆ و ئەنوەر غەسانی و زوهدی داودی و قەحتان هورمزی و قەشە یوسف سەعیدپێکدەهات..ناوی چەند نووسەرو شاعیرو چیرۆکنوسی تریش لەگەڵیاندا دەهێنرێت وەکو محیدین زەنگنە و عەبدولەتیف بەندەر ئۆغلۆو عەلی شوکر سباتی و عیسمەت هورمزی و حسین عەلی هەورامانی.

فازیل عەزاوی کەخۆی یەکێکە لەئەندامە سەرەکی و چالاکەکانی جەماعەتی کەرکوک، لەکتێبی «الروح الحیه» کەبۆ ئەو گروپەی تەرخان کردووە، ئاماژە بەوەدەکات یەکەمجار لەگەڵ موئەید راوی هاوڕێیەتی کردووەو دواتر هەریەک لەیوسف حەیدەری و ئەنوەر غەسانی ناسیوە، دوای ئەوانیش قەحتان هورمزی ئینجا زوهدی داودی چیرۆکنوسی ناسیوە..ئەمانەش ئەندامە سەرەکیەکانی گروپی کەرکوک بوون.

فاروق مستەفا سەبارەت بەبیرەوری خۆی و ناسینی ئەندامانی گروپەکە دەڵێت: سەرەتا جان دەمۆم ناسی و ئەویش بەهاورێیانی تر جەلیل قەیسی و یوسف حەیدەری، ئینجا سەرگۆن بۆڵس و سەلآح فایەق ناساندمی و دواتر پێکەوە سەردانی «موئەید راوی»مان دەکرد کەلەچایخانەی مەجیدیە دادەنیشت.

روونیشی دەکاتەوە: کەقەشە یوسف سەعیدیش... لەو گروپە بوو، پێش هەموانیش شانۆگەریەکی نوسی بەناوی «کوشتاری یەکەم»، کە لەچاپخانەی شیمال چاپ و بلآوکرایەوە، بەردەوامیش سەرگۆن پۆڵس و جان دەمۆ و سەلآح فایەق سەردانیان دەکرد لەکەنیسەکەیداو شیعرەکانی خۆیان بۆ ئەو دەخوێندنەوە.٢.

ئەندامانی گروپەکە سەرەتا بابەت و نوسینەکانیان لەناو گۆڤارو رۆژنامەکانی کەرکوک بلآودەکردەوە، دواتر بابەت و شیعرو نوسینەکانیان لەگۆڤارو رۆژنامەکانی بەغدا بلآوکردەوە، دوای ئەوەی بەشێکیان شارەکەیان بەجێهێشت و نیشتەجێی پایتەخت بوون، نووسەری عیراقی رەشید ئەلبابلی سەبارەت بەکاریگەری گروپەکە لەسەر کایەی ئەدەبی ئەوکاتی عیراق دەڵێت: هیچ بزوتنەوەیەکی شیعری ئەوەندەی ئەوان گرنگ و جێی مشتومڕ نەبوو.٣.

دکتۆر ئیبراهیم عەلافیش سەبارەت بەجەماعەتی کەرکوک و رۆڵیان لەسەر نێوەندی رۆشنبیری ئەدەبی عیراقی سالآنی شەستەکان دەڵێت: گروپی کەرکوک ١٩٦٤-١٩٦٨ بەناوبانگترین گروپی ئەدەبی سەردەمی نوێی عیراق پێکدەهێنن، لەرووی بەرهەم و کاریگەرییەوە، گروپەکەش نوخبەیەکی بزوتنەوەی رۆشنبیری عیراقیان پێکدەهێنا، لەبوارەکانی شیعرو رەخنەو چیرۆک و هونەری شێوەکاری و وەرگێران و نوسین٤..

هەرچەند عەلاف ئەو ماوەیەی دیاریکردووە بۆ کاریگەری و دەرکەوتنی گروپەکە، بەڵام راستیەکەی جەماعەتی کەرکوک، کاریگەری و داهێنانیان بۆ دوای سالآنی شەستەکانیش هەر بەردەوام بوو.

عەلاف لەشوێنێکی تردا دەڵێت: ئەو رۆشنبیرانە چەند شتێک کۆی دەکردەنەوە، وەک روحی تازەگەری و بێزاریان لەبارودۆخی گشتی ئەوکاتو حەزیان بەیاخیبوون، ئەمە چ جای نەهامەتی و بێ هیواییان...دواترین شتیش کە کۆی دەکردنەوە ئەوەبوو کەزۆربەیان کەرکوکی بوون. ٥

> گروپی کەرکوک سەرجەمیان عەرەبیەکی باشیان دەزانی و پێیان دەنووسی، هەرچەند زۆربەیان کەسانی نا عەرەب بوون

شاکیر لعیبی لەباسکردنی کاریگەری و گرنگی جەماعەتی کەرکوک دەڵێت : ئەوان گرنگترین سیمای نەوەی شەستەکانی سەدەی رابردووی عیراقیان پێکدەهێنا، گروپەکەش، توانی نێوەندی رۆشنبیری بشڵەقێنێت، لەکاتێکدا ئەو نێوەندە بەرەو چەقبەستووی دەچوو. ٦ ئەوە نەبوو گروپەکە تەنها لەچوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە، بەڵکو نوسین و داهێنانیان گەیشتە ولآتانی عەرەبیش.

لوتفی حەدادی نووسەری سوری لەبابەتێکی خۆی لەسەر کاریگەری گروپەکە دەڵێت: بەرهەمەکانی گروپی کەرکوک کەلەشارێکی بچوکی عیراقیەوە هاتبوون، زۆر گرنگ و کاریگەرتبوو، لەسەرجەم نوسینی نووسەرانی ولآتانی عەرەبی باکوری ئەفریقیا لەتاراوگەدا. (٧)

وەکو سەلام سەرحانیش دەڵێت: جەماعەتی کەرکوک نوێگەری و داهێنانیان کرد نەک تەنها لە شیعرو چیرۆکی عیراقیدا بەڵکو لەکۆی کایەی رۆشنبیری عیراقییدا، ئیبراهیم عەلافیش دەڵێت سەرکەوتنی ئەوان تەنها لەشیعرو چیرۆکدا نەبوو، بەڵکو شانۆ و هونەری شێوەکاری و نوسین و رەخنەو وەرگێرانیشی گرتەوە، لەبواری شیعریشدا ئەزمونێکی سەربەخۆیان پێشکەشکرد، کەخۆی لەپەخشانە شێعردا»قصیدة النثر» دەبینیەوە، لەگەڵ دورکەوتنەوەیان لەرستەی شیعری پڕ لەبەلاغەت. (٨)

جەماعەتی کەرکوک سەرجەمیان عەرەبیەکی باشیان دەزانی و پێیان دەنووسی، هەرچەند زۆربەیان کەسانی ناعەرەب بوون، ئەم چ جای ئەوەی بەشێکیان لەزمانی ئینگلیزیشدا باش بوون و پیّان دەخوێندەوە، فاروق مستەفا سەبارەت بەسەرەتای دەرکەوتنی ئەندامانی گروپەکە دەڵێت» ئەنوەر مەحمود سامی کەدواتر بەئەنوەر غەسانی ناوی دەرکرد، سەرەتا بەوەرگێڕانی چەند شیعرێکی ئینگلیزی دەستیپێکرد، سەرگۆن بۆڵسیش سەرەتا وەکو چیرۆکنوس و دواتر بەرەو شیعر هەنگاوی نا، یوسف حەیدەریش بەوەرگێڕانی شیعری ئینگلیزی دەستیپێکرد، قەشە یوسف شەعیدیش بەنووسین لەبواری شانۆ دەستیپێکرد».٩.

دوای ئەوەی گروپەکە بەبابەت و شیعرو وەرگێڕانەکانیان لەبەغدا ناویان دەرکەوت، کەمە کەمە ئەو ناوەیان بەسەردا درا، تۆفیق ئالتونچی دەلێت: ناوەندی ئەدەبی و رۆژنامەگەری ئەو کاتی بەغدا ناوی گروپی ئەدەبی کەرکوکیان لەوان نا، لەراستیشدا ئەوان گروپێکی ئەدەبی رێکخراو نەبوون، زیاتر هاوڕێ بوون و لەچایخانەو شەقامدا یەکیان دەگرتەوەو باس و خواسی ئەدەبیان دەکرد.

حەدادیش دەڵێت: گروپەکە لەبەر گرنگی ئەدەب لەژیانی رۆشنبیری ئەوکاتی شەستەکان بە ڕێکەوت یەکیان گرت و بوون بەهاوڕێ، ئەگەر نا ئەوان خۆیان وەکو گروپێکی ئەدەبی دەرنەخست،بەڵکۆ رۆژنامەگەری بەغدایی ئەو ناوەی بەسەردا دابڕین.١٠

هیشام قەیسی کە گرنگیەکی زۆری بەو گروپە داوە لەنوسین و لێکۆڵینەوەکانیدا سەبارەت بەگروپەکە دەڵێت: ئەوانە دەرەنجامێکی داهێنانە بوون ودیاردەیەکی جیاوازیان پێکدەهێنا لەسەر ئاستی پێکهاتەیاندا، لەخودی داهێنانەوە دەستیان پێکرد بەو پێیەی ئامانجێکە ئەدیبان هەوڵی بۆ دەدەن، ئەگەرچی گروپەکە بانگەشەیان بۆ مۆدێرنە دەکردو خەسڵەتی ئەو مۆدێرنەیان بەتازەگەری وێنا دەکرد، ...بەڵام دژایەتی کۆنیان نەدەکرد، بە دنیابینیش لەگەڵ رەوتی تازەگەریدا رۆیشتن، خولقێنەری پەیوەندی نوێ و رەهەندی نوێ بوون.١١.

بەپێی قسەکانی فاروق مستەفا پڕ پیترین ماوەی گروپەکە ماوەی نێوان سالآنی ١٩٦٤ و ١٩٦٨ بووە، کە ئەو سالآنە بووە کەهاوڕێیان کەرکوکیان بەرەو بەغدا بەجێهشتووە، فازڵ عەزاویش یەکەم کەس بوو کە شارەکەی بەجیهێشت لەسالّی ١٩٦٠ و چووە کۆلێژی پەروەردە بەشی زمانی ئینگلیزی، دوای ئەویش یوسف حەیدەری کە لەبواری پەروەردە کاری دەکرد بەرەو حیلەو دواتریش بەغدا چوو، ئینجا موئەید راوی و بەدوای ئەنوەر غەسانیدا رۆیشت کە دوو هاوڕێ بوون بەردەوام پێکەوە بوون، بەهەمان شێوە سەرگۆن پۆلس و جان دەمۆ شارەکەیان بەجێهێشت ، دواترین کەسیش کە شارەکەی بەجێهێشت سەلآح فایەق بوو، تەنها کەسیش کە مایەوە، جەلیل قەیسی بوو، کە پێی باش بوو لەشارەکەی بمێنێتەوە تا ئەوکاتەی لە ٢٠٠٦دا کۆچی دوایی کرد.١٢.

ئالّتونچی ئەوە رووندەکاتەوە کە جەماعەتی کەرکوک لەدوای شۆڕشی تەمموزی سالّی ١٩٥٨ بەگروپێکی ئەدەبی سەربەخۆ بەناوی گروپی ئەدەبی کەرکوک ناویان دەرکرد.١٣.

لوتفی حەداد دەڵێت: ئەو گروپە بەهۆی ئەوەی لەشارێکی فرەیی کراوەدا پەروەردە بوونو خۆشیان لەعەرەب و کوردو تورکمان و سریان و ئاشوری پێکدەهاتن، ئاوێنەی دەوڵەمەندی فرەیی رۆشنبیری عیراقی شارەکەبوون، دوای چوونیشیان بۆ ئەوروپاو تێکەڵبوونیان بەکەلتوری ئەو ولآتانە، ئەدەبێکی جوانیان بەرهەمهێنا، کەگوزارشتی لەرۆحی شارستانیەتی عیراقی دەکرد.١٤.

بابلی دەڵێت: موئەیەد راوی و فازڵ عەزاوی و سەرگۆن بۆڵس بەبزوێنەری گروپەکە دەژمیردرێن. (١٥)

ئەوەش بۆچوونی ئەو نووسەرە دەردەخا، ئەگەرنا سەرجەم ئەندامانی گروپەکە داهێنانی باشیان کردووە، لەبواری شیعرو چیرۆکدا.

هیشام قەیسی سەبارەت بەگروپەکەو داهێنانیان دەڵێت: ئەوان توانیان داهێنان بکەن لەرێگەی دۆزینەوەی رێڕەوی نوێی دوور لەشتەباوەکان، هەرزووش وڵامی داهێنانەی خۆیان بەرامبەر بەهەموو پرسیارەکان دایەوە، تازەگەریش لایان راستیەکی بەرچاوبوو.١٦.

جەماعەت یان گروپی کەرکوک، کەلەماوەی سالآنی دواییدا چەند کەسێکیان کۆچی دواییان کرد، وەک سەرگۆن بۆڵس و جان دەمۆ و جەلیل قەیسی و ئەنوەر غەسانی و قەشە یوسف سەعید و یوسف حەیدەری، بەڵام خۆشبەختانە ئەو ئەندامانەی لەژیاندا ماون، لەوێنەی فازیل عەزاوی و موئەیەد راوی و زوهدی داودی و سەلاح فایق تا ئێستا بەردەوامن لەداهێنان و دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی عێراقی و جیهانی.






سەرچاوەکان

١-الحوار المتمدن جماعه كركوك الادبیه سیره البحث عن الروح في مدینه القصیدة الغائبه د.توفیق التونجی

٢- www.alitthad.com

# ـــوک" له کایەی ڕۆشنبیریدا




جريده الاتحاد- ثقافة وفن: عود الى "جماعة كركوك" وهمومها فاروق مصطفى

٣- www.alesbuyia.com مجلة الاسبوعية ثقافة - جماعة كركوك - رشيد البابلى

٤- wwwallafblogspotcom. blogspot.com مدونه الدكتور ابراهيم العلاف- فصل من تاريخ العراق الثقافى المعاصر ا.د.ابراهيم خليل العلاف

٥-هەمان سەرچاوە

٦-هەمان سەرچاوە

٧- www.alturkmani.com موسوعة تركمان العراق - جماعة كركوك تاريخ مدينة وعصر - لطفى حداد- كاتب سورى

٨- wwwallafblogspotcom. blogspot.com مدونه الدكتور ابراهيم العلاف- فصل من تاريخ العراق الثقافى المعاصر ا.د.ابراهيم خليل العلاف

٩- www.alesbuyia.com مجلة الاسبوعية - جماعة كركوك - قطوف من بواكيرهم المنجزة - فاروق مصطفى

١٠- www.alturkmani.com موسوعة تركمان العراق - جماعة كركوك تاريخ مدينة وعصر - لطفى حداد- كاتب سورى

١١- www.alturkmani.com موسوعة تركمان العراق شعراو جماعة كركوك - هشام القيسى

١٢- www.alitthad.com جريده الاتحاد- ثقافة وفن: عود الى "جماعه كركوك" وهمومها فاروق مصطفى

١٣- الحوار المتمدن جماعه كركوك الادبية سيره البحث عن الروح في مدينة القصيده الغائبة د.توفيق التونجى

١٤- www.alturkmani.com موسوعه تركمان العراق - جماعه كركوك تاريخ مدينه وعصر - لطفى حداد- كاتب سورى

١٥- www.alesbuyia.com مجله الاسبوعيه ثقافه- جماعه كركوك - رشيد البابلى

١٦- www.alturkmani.com موسوعه تركمان العراق شعراو جماعه كركوك - هشام القيسى








# شانۆ لەکەرکوک و گروپی کەرکوک



**نووسینی:جەلال پۆڵات**
**و:عەبدولستارجەباری**

خانەی سینەماکانی شار بە ریکلامی رەنگاوڕەنگ دەڕازێنرایەوە و رۆژ لەدوای رۆژ و لێرە و لەوێ بینای سینەماکان زیاتر بڵند دەبوونەوە، تاکو مومارەسەی سرووتی خۆیان بکەن و هەریەکەیان لەسەر رایەخی ئەندێشە و بۆماوەی چەند کاتژمێرێکی کەم جەماوەرێکیان لە رۆڵەکانی شارەکەیان دەگرتە خۆیان و دواتر هەڵیان دەدایە سەر شەقامەکان...
گەشتێک بوو هەموو بینەرانی لەهۆڵێکدا و لەژێر چەتری تاریکیدا یەک دەخست، تاکو لەگەڵ نمایشی فیلمەکاندا لەگەڵ گاوان و گاگەلەکانیاندا و لەگەڵ ئەکتەرەکان وەکو ( کلارک کیبڵ، ئالان لاد، کاری کۆپەر، جۆ واین، دووانەی «کیریک دۆغلاس و بیرت لانکستەر» ...) بخزێنە نێو خەونەکانیانەوە
یان لەگەڵ فیلمێک لە بارەی پیاوە مەیموونەکە (تەرەزان) یان فیلمێک لەبارەی چەتەکان یان جەنگ (حربی) یاخود فیلمێکی مەزنی وەکو (رۆیشت لەگەڵ با دا)کۆتایی رێگاکان هەرچەندە دوور بوون وەلێ رۆڵەکانی شارەکەی کۆدەکرنەوە...
ئیدی لەو رۆژانەدا و لەسەرەتای ساڵانی پەنجاکان و بەتەواوی لەساڵی ١٩٥٢ لەلایەن هونەرمەندان (عیسمەت نەجاتی هورمزی) و (عەلی حو سێن سە عید ) تیپی شانۆی میللی دامەزرا. شانبەشانی دامەزرێنەرانیش ئەم کەسانەیشی لەخۆ گرتبوو وەکو ( خەلیل ئەحمەد ئەلحەسەنی، قەحتان هورمزی، محەمەد فاتیح جۆمرد، سوعاد عیزەت ئەرسەلان، ئەنوەر محەمەد رەمەزان، سەلاحەدین شێخلەر زادە، نەوزاد گدک، ئایدن شاکر ئەلعێراقی، قاسم خورشید ئەلتەرجومان، غازی عەبدوڵڵا بەزاز) دواتر کەسانی تریش بوون بەئەندام لەوانە ( جەلیل قەیسی ، نائیلە جەزراوی، جزنێد عومەر، نوسرەت مەنسوور، محەمەد میرزا عەلی سایغ، ئەندریۆس گۆرگیس، سامی ئەلبەسری، مستەفا ئەحمەد رۆستەم و عەبدللەتیف بەندەر ئۆغلۆ) کە رۆڵی زێدانی شوفێری بینی لەشانۆیی «ئەمرەکەی بەگم» ...
لەساڵانی یەکەمی دامەزراندنی تیپەکە زۆر پێویستیان بە دەقی نوێ و تێگەیشتن لەچۆنیەتی دەرهێنان هەبوو، بۆیە رایان وابوو کەسێکیان رەوانەی شاری بەغدا بکەن تاکو دەقیان بۆ بهێنێت و فێری نهێنیەکانی دەرهێنانی شانۆیی بێت ...
دامەزراندنی ئەم تیپە و ئەم گردبوونەوەیەی هونەرمەندان و رۆشنبیرانی شارەکە کاریگەری مەزنی هەبوو کەڵەکەبوونی بیرۆکەی دروست بوونی کۆمەڵەو گروپی هونەری و ئەدەبی، لەوانە گروپی کەرکوک، کە لەناوەڕاستی ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو وەدەرکەوت، نووسەر زوهدی داودی، لەم بارەیەوە دەڵێ: ( گەر دامەزرێنەرێکی راست و دروست هەبێت بۆ گروپی کەرکوک ، ئەوە قەحتان هورمزییە، کە بەداخەوە زۆربەی ئەوانەی لەسەر گروپەکە نووسیویانە ئەمیان لەبیرکردووە، ئیدی بەدەستی ئەنقەست بێت! یاخود لەبیر کردنت بێت؟ خوازیارم ئەمەی دواییان بێت). خۆشم دەیان جار گویچم لەم قسەیە بووە لەلایەن کۆچکردوو قەحتان هورمزی، جارێکیان خۆی دووپاتی کردەوە و لەبەردەم جەلیل قەیسی، کە هیچ کۆمێنتێکی لەسەر قسەکانی نەبوو وسەری رەزامەندی بۆ قسەکانی هورمزی لەقاند ئەمەش نیشانی راستی و دروستی قسەکانییەتی.
لەسەرەتای ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی رابردوو دا و لەدانیشتنێکدا لەیانەی هونەرمەندان، کە شاعیری تورکمانی (مستەفا کەمال دەندەنە و دکتۆر تەلعەت سۆنمز) ئامادەبوون. قەحتان هورمزی
دووپاتی کردەوە کە هەموو ئەندامانی گروپەکە لەمن کۆببونەوە، کە بریتین لە فازڵ عەزاوی و عەبدلاّتیف بەندەر ئۆغلۆ و عەلی شکور ئەلبەیاتی و جەلیل قەیسی و یوسف حیدەر و ئەنوەر ئەلغەسانی وموئەید ئەلراوی و زوهدی داودی و بەهادین ساڵحی...و کەسانی تر...
کەواتە دەتوانین بڵێین: گروپی کەرکوک لەژێر پاڵتۆی گردبوونەوەی شانۆکارانەوە دەرچووە...کە دواتر گەشەی کردو ئەم شاعیر و نووسەرانەش هاتنە نێو گروپەکەوە..(سەلاح فایەق و سەرگۆن پۆڵس و جان دەمۆ)..
نووسەری کۆچکردوو قەحتان هورمزی زانیاریەکی تریشی دامێ و چەندین جار دووپاتیشی کردەوە بۆم کە یەکەم شانۆیی جەلیل قەیسی بەزمانی ئینگلیزی نووسیویەتیەوە بەناوی (شاعیر) بوو، ئەوەبوو خۆی و هونەرمەند (عیسمەت نەجاتی هورمزی) رۆڵیان تیابینی و لەماڵی جەلیل قەیسی و بەئامادەبوونی زۆربەی هونەرمەندان و رۆشنبیری شارەکە نمایش کرا....





# فره...



**سەلاح حەسەن پاڵەوان**

هەموو ئەو شارانەی فرە کولتووری و نەتەوەیی و ئاینی تێدا بێ، دیاردەی داهێنان و زەمینەی داهێنانی بەرفراوانترە، بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەگەر ببینین لە شارێکی وەک کەرکووک و دەوروبەرەکەی کۆمەڵێ دیاردەی تایبەت سەریان هەڵداوە. هەوڵەکانی نووسینی چیرۆکی هونەری و داهێنانی شیعریی و تەنانەت داهێنانی بواری هونەری و مۆسیقاش لەم شارەدا نەکوژاوەتەوە، بەردەوام لەگەڵ خۆیدا دەنگی نوێی داگیرساندووە. دەرکەوتنی گروپ و کۆمەڵە هونەرییەکانیش رەنگدانەوەی ئەو توانا کولتوورییە بوو کە تێیدا کۆببووەوە. گروپی کەرکووک یەکێکە لەو کۆمەڵانەی لەو زەمینەیەدا لە دایک بوو، واتە لە زەمینەی فرەکولتووریدا. ئەگەر وەک ناوەڕۆک تەماشای گروپی کەرکووک بکرێ، دەبینرێ نموونەیەکی رەنگاوڕەنگی ئاینی و نەتەوەیی تێدا کۆببووەوە، هەروەها دابەشبوونە تۆبۆگرافیی و مێژووییەکەی ئاماژەیەک بووە بۆ برەودان بە لایەنە رۆحییەکان. کورد و عەرەب و تورکمان، ئیسلام و مەسیحی لە دروستبوونی ئەو گروپەدا بەشدار بوون. دەرکەوتنی ئەو گروپە تەنیا دەرکەوتنێکی ئاسایی نەبوو، ئەوان کۆمەڵێ دەنگی تایبەت و زادەی بیرکردنەوە و داهێنانێکی ئاینی و نەتەوەیی نەبوون بە رادەی ئەوەی زادەی فرەچەشنی و پەلکەزێڕینەیی داهێنان بوون. ئەوان بەبێ سڵەمینەوە دەستیان دایە پێکهێنانی بیروبۆچوون و لێکدانەوەی زۆر تایبەت لەسەر کۆمەڵگای ئەو سەردەمەی عێراق، هەر یەکەیان بە شێوەیەک و هەر یەکەشیان هەڵگری کاراکتەر و تایبەمەندییەکی خۆیان بوون، لە نێوانیاندا دەتوانین بڵێین کەسانی مەنگ، یاخی، هەڵچوو، گەییوو هەبوو. جان دەمۆ کەسایەتییەکی تایبەتی رامبۆیانەی هەبوو، یاخیتر لە رامبو، سەرگۆن پۆڵس هێزی تێکشکانی ئەو بەستەڵەکانە بوو کە لە نێو داهێنانی شیعر و نووسیندا دەهاتنە بەردەمی، کاتێکیش لە ئەمەریکا نیشتەوە، وەک شاعیرێکی تایبەت دەستی کرد بە گەڕان و وەرگێڕانی دەنگە یاخییەکانی شیعری ئەمەریکی، جەلیل قەیسی کەسێک بوو بەدوای نیشتەجێبووندا دەگەڕا، زیاتر لە هەموویان پەیوەست بوو بە زەمینەوە، ئەو لە چیرۆکەکانی تایبەتییەکی بەو دەنگ و پەیوەندییە دا، تەنانەت لە هەموو شاعیر و نووسەرەکانی تری گروپی کەرکووک بە جێگیری مایەوە و ئەو رووبەڕەی بەجێنەهێشت تا دوا ساتەکانی. سیاسییەکانی نێو ئەو گروپەش نەیانتوانی بە ئازادی ئایدیۆلۆژیای خۆیان مومارەسە بکەن، لەبەرئەوەی ئەو گروپە وای لێ دەخوازین چەترێکی تر بن بۆ بیرکردنەوە.
ئەوان کۆبوونەوەیەک بوون لە بوونگەرا و مارکسیزم و هیچگەرایی. تەنیا کۆمەڵێ دەنگێک نەبوون هەروا بێ هیچ لەپێشینەیەک قۆڵیان کردبێ بەقۆڵی یەکتریدا و وردە وردە چووبێتنە نێو دنیای تایبەتی پێکهێنانی ئەو پەیوەندییەوە، نەخێر ئەوان سەرەتایەک بوون بۆ یاخیبوون لەو بارە تایبەتییەی سەردەمی خۆیان. زۆربەی ئەوانەی کە وردە بەسەرهاتەکانی ئەم گروپە

# کولتووری و گرووپی کەرکووک







دەگێڕنەوە، هەمیشە سێ خاڵ دەستنیشان دەکەن وەک هۆکاری کۆکردنەوەیان، یەکەم شارەزابوون و ئاشنابوونیان بە ئەدەبی هاوچەرخی ئەوروپا، کرانەوەی کولتووری و فیکری، نەکەوتنە ژێر کاریگەری تەوژمی سیاسی ئەو سەردەمەوە. شێوەی دامەزراندنی ئەو گرووپە سەرەتا و دەسپێکردنی ناڕوونیەکی مێژوویی هەیە، زوهدی داودی یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئەو گرووپە لە دەمەتەقێیەکی من و ئەودا رووداوێکی گێڕایەوە لەبارەی ئەوەی کە ئەو گرووپە کە قەحتان هورمزی یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی، هەموو رۆژێکی هەینی لە کەرکووک لە نێوان سالانی ١٩٥٤-١٩٥٥ پێوەندییان بە یەکترییەوە کردووە، پاشان پێوەندییەکان بەرفراوان بووە بۆ چالاکی ئەدەبی و رۆشنبیری تا لە دوایدا فراوان بووەتەوە و ئەم کەسانەی لەژێر باڵی خۆیدا کۆ کردەوە یووسف حەیدەری و ئەنوەر مەحموود سامی و ئەنوەر غەسانی. هەروەها زوهدی ئەوەشی وەک مێژوویەک گیڕایەوە کە سەرگۆن پۆڵس، جان دەمۆ، عەلی سەعیدی، پاش چواردەی تەمووز هاتوونەتە نێو ئەو گرووپەوە، شێوەی کارکردنیان بریتی بووە لە کۆبوونەوەی ئەدەبی و سیمیناری رۆشنبیری.

گردبوونەوەی ئەو دەنگانە دەرئەنجامی کۆمەڵێ رۆشنبیری کەڵەکەبووی ناوازە بوو، لە دەرەوەی خۆیانەوە هەنگاوی هەڵهێنابوو، هەریەکەیان لە فەزایەکی تایبەتەوە دەستی پێ کرد، فەزای کۆمەڵایەتی، سیاسی، رۆڵی گرنگی هەبوو، پاشان کارکردنیان لە بوارەجیاجیاکانی ئەدەب وەک شیعر، وەرگێڕان، رۆمان، چیرۆک یاریدەدەرێکی باشتربوو بۆ بوونی فرە بیرکردنەوە لەنێو ئەو گرووپەدا. ئەو گرووپە پێکەوەگرێدانی ئەزموونە نوێکانی ئەورووپای پاش جەنگ بوو، هەوڵدان بوو بۆ شوبهاندنی ناماقوڵی و سوریالیزمی و دادایزمی ژیان و دەوروبەری خۆیان بەو تەوژمەی کە لە دەرەوەی شارەکەی خۆیانەوە پێی ئاشنا بوون. لەو سەردەمەدا ئەو گرووپە لە سەرتاسەری عێراق توانیان ئەو رێچکەیە بشکێنن کە بۆیان دەستنیشان کردبوو، خۆیان لە شیعر و زمانی تەقلیدی و ئاسایی رزگار کرد، ئەگەرچی ئەوان تاقە دەنگ نەبوون لە عێراقی ئەو سەردەمە کە روو بکەنە ئەم شێوە نووسین و یاخیبوونە، بەڵام ئەوان یەکەم دەستەبوون کە کۆبوونەوەیەک و یەکمانایەک و یەکمەودایەک کۆیان بکاتەوە. ئەوەی من دەمەوێ زیاتر لەسەری بوەستم پاشماوە و کاریگەرییەکانی ئەم گرووپەیە وەک نەوەیەک بەسەر دوو نەوەی تر کە لەپاش ئەوانەوە سەریان هەڵدا، ژمارەیەک دەنگ و هێز و توانای رۆشنبیری پاش ئەوان لە کەرکووک سەریانهەڵدا، چ وەک شیعر و چ وەک چیرۆک بە هەرسێ زمانەکەی ئەو شارە، چەندان ناوی جوان بەدەرکەوتن، لە دوورو نزیکەوە کاریگەرییەکان نەوە لە دوای نەوە بەدووی یەکتریدا هاتووە، تا گەیشتووەتە ئەم ساتەی ئێستە، ئەمە سەرباری ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە تواناکانی ئەم شارە تا ئەم کاتەش لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بەردەوامی هەیە. نەوەی هەفتاکانی شیعر و چیرۆک، توانیان لەژێر کاریگەریی ئەو گرووپە دەنگ و رەنگێک لەوانەوە وەرگرن، چەند چیرۆکنووس و شاعیری ناسراو دەرکەوتن کە کاریگەرییەکانی ئەو گرووپە دروستی کردن. کاریگەرییەکان دەرەئەنجامی کۆبوونەوە بەردەوامەکانی ئەو نەوانە بوو بە دەوروبەری یەکتریدا کە خۆی لە چایخانەدا دەبینییەوە، زۆربەی نەوەکان لە رێگای ئەو شوێنە سیحراوییە کۆدەبوونەوە، دیاردەی چایخانە دیاردەیەکی عێراقی کۆن و بەتایبەت شاری کەرکووک لە زۆربەی زۆری تری شارەکانی عێراق ئەم دیاردەیەی بەخۆیەوە بینی. ئەم کاریگەرییە لە چایخانەکانی بەغدا و بەسرەش رەنگی دایەوە، چایخانە ئەو شوێنە تایبەتیە بوو، تا رادەیەک لە یانە و کۆمەڵەیەکی رۆشنبیری دەچوو تا شوێنێک بۆ کوشتنی کات و قسەی بێمانا. لەوێدا زۆربەی کۆبوونەوەکان مانایەکی رۆشنبیریان هەبوو، نەوەکان نەوەی پێشووتر و پاشتریش لە پاڵ یەکەوە گوێیان بۆ یەکتری هەڵدەخست و شیعر و چیرۆک و بەرهەمەکانیان بۆ یەکتری دەخوێندەوە، راوبۆچوونی یەکتریان لەسەر ئەو بابەتانە دەگۆڕییەوە کە دەیانوسی. بەشەکانی ئەو گرووپەش بەپێی کاریگەرییان هەر یەکەیان هەوڵی دەدا کاریگەری لەسەر ئەوی تر بەجێ بهێڵێ، ئەگەر تەماشای ئەو نەوانەی ئەدەبی کوردیش بکەین کە لە چایخانەکانەوە ئاشنایی یەکتری بوون دەبینین زۆربەیان لەژێر کاریگەری یەکتری رێچکەی ئەدەبی و رۆشنبیریان گرتووە.

ئەم گرووپە تەنیا شوێن کۆیانی نەدەکردەوە، خەمێکی هاوبەش پێکیانەوەی گرێ دەدا، خەمی دووبارە نووسینەوەی ماناکانی ژیان بوو، دووبارە نوێکردنەوەی شیعر و بیر و بۆچوونەکان بوو، ئەو بیرانەی لە نێو شیعری عەرەبیدا بەدەگمەن دەبینرا. کاتێ شاعیرێک شتێک دژ بەتەوژمی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە دەنووسێ، بێگومان نابێتە جێگەی خۆشەویستی تا ئەو رادەیەی یان سەرسوڕمان لای جەماوەر دروست دەکات، یان دەبێتە جێگەی رق لێبوونەوە. ژمارەیەکی زۆر لەو بابەتانەی کە هەڵیاندەبژاردن بریتی بوون لە هەوڵی زیندووکردنەوەی ئەدەبی. ئەوان لە نێوان دوو رووداوی گەورەی سیاسی و رۆشنبیری گەورەدا سەریان هەڵدا، لە نێوان هەردوو ساڵی ١٩٦٤ و ١٩٦٨ لەم نێوەندەدا تەنانەت لە بونیادی بیری سیاسی و کۆمەڵایەتیشدا گۆڕانکاری گەورە روویدا، لە بابەتی کودەتا و گۆڕینی دەسەڵات و گۆڕانکارییەکانی بواری ئەدەبی جیهانی و راپەڕینی قوتابیانی فەڕەنسا و پەیدابوونی تەوژمی بوونگەرایی. وەرگێڕانی ژمارەیەک لە شیعری ئینگلیزی بۆ سەر زمانی عەرەبی یارمەتیدەر بوو لە ئاشنابوونی ئەو گرووپە بە نموونەکانی دنیای دەرەوەی خۆیان. تەوژمە فەلسەفییەکانی دنیا و راپەڕینە رۆشنبیری و فیمینیستیەکان و بزووتنەوەی چەپ و پارتیزانی کاریگەری خۆی هەبوو، ئەوان لە ناواخنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا توانیان پێوەندییەکی تر بونیاد بنێن کە پێی دەگوترا پێوەندی هاوشاری. رۆحی کەرکووک لە نێو زۆربەی شیعرەکانی ئەواندا ئامادە بوو، ئەدەب لای ئەوان شوناسنامەکەی شاری کەرکووک بوو.

ئەوان وەک شەقام و کەشوهەواو و بەرزی و نزمی و رۆحە یاخییەکانی کەرکووک وابوون، ئەو شارە تەنیا سیمبولێک نەبوو لە شێوەی سیاسیدا، لەوێدا کەرکووک دەبێتە سیمبولێکی وینیڤێرسێڵ، سیمبولێکی بەردەوام لە دووبارەبوونەوە.

پاش پەرتەوازەبوونی ئەو گرووپەش داهێنانی ئەوان لە مەرگ نەکەوت، هەریەکە لە کون و کەلەبەرێکی ئەم دنیایە لە ئەمەریکا و ئەڵمانیا و رووبەرەکانی تری جیهان کەوتنە داهێنان و نووسینی جوان، بەڵام کاریگەرییەکانی ئەوان سەرباری ئەوەی پێوەیست نەبوو بە مێژوویەکی دیاریکراوەوە بەڵام لەوە نەوەستا کە تەنیا رووبەرێکی دیاریکراو ببڕێ. نووسین لەو سنوورەدا نەترازا کە خۆیان نەخشەیەکی درێژخایەنیان بۆکێشابوو.

# گروپی کەرکوک: داهێنانی ئەدەبی

نیهاد جامی

سەرەتای شەستەکان بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی لەتەواوی عیراق وناوچەکەدا بەدوای گۆڕان لەمتبوون هەنگاوی دەنا، چەندان بەیاننامە و گۆڤار وکۆڕی تایبەت بەو دۆخە , بۆ ئیشکردن بەرەو گوتارێکی نوێکەرەوە کاری دەکرد بۆیە لەشاری کەرکوکیش کۆمەڵێک نوسەر و شاعیر لەژێر ناوی گروپی کەرکوکی ئەدەبی کۆ بوونەوە خاڵی هاوبەشی کۆبوونەوەیان لەژێرچەترێکی ئەدە بی بوو ئەویش ڕۆحی تازەگەرییان بوو، دیارترین کەسەکانی ئەم گروپەبریتی بوون لە»جەلیل ئەلقەیسی، فازل عەزاوی، موئەیەد راوی، سەرگۆن پۆڵس، جان د ەمۆ، یوسف ئەلحەیدەری، سەلاح فایەق، ئەنوەر غەسانی، یوسف سەعید، فاروق مستەفا، قەحتان هورمزی، زهدی داودی»

ئازاد ئەحمەد باس لەوە دەکات لەو گروپەدا کورد هەبووە، بەڵام ئاماژەی ئەوەش دەکات فرەکولتوریی و فرەنەتەوەیی و فرەزمانی لەو ڕەگەزانەن کەڕۆڵێکی گرنگیان لەپێگەیاندنی ئەدیبانی ئەم گروپەدا بینیووە، ئەو جۆرە دابەشکردنە لەسەر بنەمای نەتەوەیی بۆ شارێکی وەکو کەرکوک بەکارێکی سەخت ناو دەبات. ئەو پێکهاتە جیاوازە وەک ئەو باسی دەکات بۆتە هۆی ئەوەی لەناو خودی تاکە کەسێکیشدا فرەیی بەدی دەکرێت وەک لەجەلیل قەیسیدا چڕی دەکاتەوە بەوەی باوکی عەرەب و دایکی کورد و هاوسەرەکەی ئەرمەنی و ژیانیشیان لەگەڕەکێکی تورکمان نشین بووە.

میژووی سەرهەڵدانیان

بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان و گفتوگۆکان ساڵی ١٩٦٤ بەمێژووی لەدایکبوونی ئەم گروپە ناو دەبرێت کە لەگازینۆی منەوەرە ئەو کات بە گازینۆ نەسر ناسرابوو لەوێ کۆبوونەتەوە، یەکەم چالاکییەکانیشیان لەم گازینۆیە بریتی بووە لەخوێندنەوەی شیعرو چیرۆک و ووتار ئەو دەمانە ئەوانەی لەوێ بینراون بریتی بوونە لەجەلیل قەیسی و جان دەمۆ و یوسف ئەلحەیدەری و فاروق مستەفا.

هەرچەندە چیرۆکنووس محەمەد سابیر باسی لەوەکرد قەحتان هورمزی لەدانیشتنی تایبەتی لەگەڵ ئەودا قسەی لەوە کردووە کە ئەو یەکێک بووە لەدامەزرێنەرانی گروپی کەرکوک دەڵێت «هەرچەندە بەبۆچوونی من ناسراوترینیان سەرگۆن پۆلس و جەلیل قەیسی و سەلاح فایەقە، کەچی قەحتان خۆی بەمنی وت خۆم ئەو گرووپەم دامەزراندووە» سابیر باس لەوەش دەکات کەئەوان لەڕووی فکریەوە زۆربەیان وجودی بوون بەڵام کەسی شوعیشیان تیا بوو، بەدژی ئەو بۆچونەش دەوەستێتەوە لەگازینۆی مەجیدیە کۆببوونەوە بەبڕوای ئەو ئەوان لەگازینۆیەکی نزیک مەحاکم دانیشتنەکانیان ئەنجامداوە.. دەڵێت «ئەوان نەهاتوونە بۆ مەجیدیە بەس جان دەمۆم یەک دوو جار لەمەجیدیە بینیووە»

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو دیدارەی جەلیل قەیسی کە نەوزاد ئەحمەد لەگەڵیدا سازیکردووە دەبینین بۆچوونێکی تەواو جیاواز بەدی دەکرێت، جەلیل لەو دیدارەدا ئاماژەی ئەوە دەکات سەرەتای سەرهەڵدانی گروپی کەرکوک دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٥٩ ئەو کاتەی لەگەڵ فازل عەزاوی تاوتوێی ئەو باسەیان کردووە و دواتر بازنەکەیان فراوانتر کردووە بەتێکەڵبوونی موئەیەد ئەلراوی وسەرگۆن پۆڵس وجان دەمۆ.

زمانی ئاخاوتنی گروپەکە

یەکێک لەو خاڵانەی جێگای سەرنجە زمانی ئاخاوتنی ئەو گروپەیە ئەوە پرسیاری لای ئازاد ئەحمەد دروست کردووە پرسیارێک وەک خۆی دەڵێت «ئاخۆ ئەدیبانی گرووپی کەرکوک ڕۆژانە کە بەیەک ئەگەیشتن زمانی ئاخاوتنیان چی بوو؟ «ئەو دەمەی بۆ گەیشتن بەنهێنی ئەو پرسیارە ڕووبەرووی زوهدی داودی ئەبێتەوە ئەویش لەوەڵامدا پێی دەڵێت «بەهەموو زمانێک ئەدواین، لەعەرەبیەوە ئەمانگۆڕی بۆ کوردی، ئینجا ئەمانکرد بەتورکمانی، بێ ئەوەی بەخۆمان بزانین»

لەپاڵ ئەوەدا هەموویان بەهۆی نزیکیان لەکۆمپانیای نەوتەوە خۆیان فێری زمانی ئینگلیزی کردبوو ئەوەش هۆکارێکیتری گەشەسەندنی ئەدەبی ئەوان بووە لەو بارەیەوە ئەحمەد دەڵێت «هەندێکیان ڕاستەوخۆ لەو کۆمپانیایەکاریان دەکردو لەگەڵ ئینگلیزەکان تێکەڵ بوون»

گەشەسەندنی گروپی کەرکوک

بەهۆی سەرگۆن پۆڵسەوە زۆر خێرا چالاکیەکانی ئەم گروپە گەیشتە بەغدا.. کارەکانیان لەگۆڤارە لوبنانیەکان بڵاودەکرانەوە، جەلیل قەیسی کەئەندامێکی ئەم گروپە بوو توانی سنوری عیراق ببەزێنێت، ساڵی ١٩٦٧ دەزگای ئەلنەهاری بەیروتی کۆمەڵە چیرۆکێکیان بۆ چاپکرد، بەناونیشانی (حیلە حیلی ڕێبواران بەدەوری جیهاندا) ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لەناو ئەدەبی عیراقیش بناسرێن هەرچەندە ئەوان بەمانای گروپێکی ڕێکخراو وناسراو دەرنەکەوتن، بەڵکو درێژەی دیدارو کۆبوونەوە ئەدەبیەکانی هاوڕێیەتی نووسەرانی لاو بوو، لەگەڵ شۆڕشی تەموز بوون بەگروپێکی ئەدەبی سەربەخۆ لەژێر ناوی (گروپی کەرکوکی ئەدەبی) زمانی نووسینی گرووپەکە زمانی عەرەبی بوو، هەرچەندە ئەوان سەر بەنەتەوە جیاوازەکان بوون، بەڵام بەزمانی عەرەبی ئەیاننووسی، سەرەڕای ئەوەی دەنگێک هەیە پێی وایە دەرکەوتن و کپ بوونیان دەنگۆیەکی ئەوتۆی لێنەکەوتۆتەوە تا ڕووخانی حکومەتی بەعس وەک سابیر دەڵێت « گروپی کەرکوک کەس گوێی پێیان نەئەدان دوای پرۆسەی ئازادی گەورە کران ئەگینا کەس گوێی پێیان نەئەدا، دواتر بەنووسین گەورە کرانەوە»

بەڵام لەپاڵ ئەو دەنگەدا ئازاد ئەحمەد ئەمجارەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو گروپە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەشەستەکانی سەدەی بیستەم توانیویانە ڕووی ئەدەبی عیراقی لەکلاسیکەوە بگۆڕن بۆ مۆدێرن بەبڕوای ئەو جۆرێکی نوێیان لەپەخشانە شیعر داهێناوە کە جیاواز بووە لەوەی گۆڤاری شیعری ئەدۆنیس و یوسف ئەلخال و ئونسی ئەلحاج خستبوویانە ڕوو.

بۆ ئەوەش جەخت لەو خاڵەدەکاتەوە چەمکی ناسنامەی نەتەوەییان گۆڕیووە بۆ چەمکێکی نوێو ئەفسووناوی کە چەمکێکی ئینسانیە، ئازاد ئەحمەدی نووسەر لەبارەی ئەو چەمکە ئینسانیەدا ئاماژە بۆ کتێبێکی فازل عەزاوی دەکات لەبارەی نەوەی شەستەکانی عیراق لەم بارەیەوە ئەو چەند پەرەگرافە بەنمونە دێنێتەوە کە گروپی کەرکوک چەندە بیروباوەرێکی ئینسانی هەبووە عەزاوی لەکتێبەکەیدا نووسیویەتی «لەبەر ئەوەی لە منالێیەوە بە گیانی برایەتی پەروەردە بووین و فێر کراین تەنیا باوەڕ بە تاکی مرۆڤ بەێنین بێ گوێدانە پاشینەی نەتەوەیی یان ئایینی یاخود چینایەتی کە پێمان وابوو ئەو ڕەگەزانە تەنیا ڕێکەوتن و هیچ ناگەیەنن» عەزاوی لەنووسینەکەیدا باس لەچەندین حزب دەکات کەهەڵگری خەسڵەتی نەتەوەیی بوونەئەوەش وەک ئەو باسی دەکات گروپی کەرکوک نەیانتوانیوەئینتیماکردن بۆ ئەو هێزانەقبووڵ بکەن، بۆیەلەو دەمانەحزبی شوعی هەڵدەبژێرن وەک خۆی دەنووسێت «حیزبی شیوعی بە بۆچوونی ئێمە تەمسیلی یەکێتی عێراقی ئەکرد؛ جیاوازی نی یە لەنێوان موسڵمان و کرستیان، یان عەرەب و کورد و تورکمان لەلایەک، لەلایەکی دیش لەسەر ئاستی عەرەبی و جیهانی دا جیاوازی نی یە لەنێوان گەلێک و گەلێکی دی و نەتەوەیەک و نەتەوەیەکی دیدا»

دەنگێک لەئاسمانی گروپەکە بەرز ئەفرێت

ئەگەر گروپی کەرکوک لەڕێگەی نوسینەکانیانەوە توانای بێزارکردنی عەقڵی متبوویان هەبوو بێت، کە نێوەندی ڕوناکبیریان تووشی دڵەڕاوکە کردبێ، ئەوەیان لەڕێگەی لایەنگیریان بۆ ئەزموونکاریەتی تێکست، یاخود لەڕێگەی ئاژاوەیەکی ئەدەبی کە گوزارشت لەچەمکە فکریی وفەلسەفیەکان بکات، تا بەرئەنجام وای کرد دەنگێکی وەکو جەلیل قەیسی نەک تەنیا لەئاستی کەرکوک بەڵکو لەئاستی عیراق و نیشتیمانی عەرەبیش بناسرێت.

قەیسی پەیوەندیی خۆی بەو کارەکتەرانە وەک دووبوون سەیر دەکات، جا یا ئەوە گریگۆری سامسای کافکایە کارەکتەرێکی ناو ئەو ژیانەیە یاخود ئەوە جەلیل قەیسیە کارەکتەرێکی سەر کاغەزە

بەبۆچوونی دانا عەسکەر هەر کاتێ باسمان لەچیرۆک کرد دەبێت باس لەو چیرۆکنووسە بکەین ئەوەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو خاڵەی ئەو یەکەمین چیرۆکنووسی کەرکوکە سنووری شارەکەو عیراقی بەزاندووە بەتایبەت وەک ئەویش جەختی لێدەکاتەوە بەکۆمەلەچیرۆکی « حیلە حیلی ڕێبواران بەدەوری جیەاندا « وای کرد زۆر لەنووسەرانی لوبنانی قسە لەبارەی تێکستەکانیەوە بکەن.

هەر لەبارەی چیرۆکەکانیەوە ڕەخنەگری عیراقی شوجاع ئەلعانی لەووتارێکدا باس لەوە دەکات ئەم چیپرۆکنووسە بە هۆی چیرۆک و شانۆگەریەکانیەوە بۆتە یەکێک لەکۆڵەگە پتەوەکانی گروپی کەرکوکی ئەدەبی. لەدیدگایەکی ڕەخنەیش دەنووسێت «جەلیل لەبەشێکی چیرۆکەکانی بەرز ئەفرێت، بەتایبەت لەو چیرۆکانەی کە لەکاری ئەدیبە جیهانیە ناودارەکانەوە هەڵێنجراوە»

کەرکوک و جەلیل قەیسی تا مردن بەیەکەوەن

تا ئەو ڕۆژەی جەلیل قەیسی ئەمرێت نە کەرکوک ئەوی جێهێشتوەنە ئەو ڕۆژێک کەرکوک بەجێ دێڵێت بەو تێڕامانە شیعریەوە نووسەران وەسفی پەیوەندیی ئەو چیرۆکنووسە بە شار ئەکەن، چونکە ئەو ئەیزانی کوڕی شارە.. شاربوون خەسڵەتی تازەگەریەو چیرۆکیش لەهەناوی ئەو تازەگەریەوە هاتۆتە بوون هەڵبەت جێنهەێشتنی کەرکوک یەکێکە لەو پرسیارانەی لەخوێندنەوەی تۆبۆلۆژی بۆ ژیانی نووسەر ئاماژەی بۆ دەکرێت بەلای شاعیرو ڕەخنەگر دانا عەسکەر کەرکوک جینەهێشتنی خاڵی نیە لەپرۆسەی ئیبداعی بۆیە دەڵێت «جێنەهێشتنی کەرکوک هەروا کارێکی ئاسایی نیە، ئەگەر بەوردی ئاورێک لەچیرۆکەکانی بدەینەوە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتە کە گرنگی شوێن لەچیرۆکەکانی ئەم پیاوەدا تەنها شوێن وەک پێگەیەک بۆ ژیانکردن نیە، بەڵکو ئەم هاتووە شوێنی مووقەدەس کردووە، ڕەنگە هەموو ئەوە بزانین پێگەی شوێن لەچیرۆکدا چەند کاریگەریی هەیە»

شوجاع ئەلعانی وا وەسفی دەکات کەجەلیل و کەرکوک وەک دوو دەنکە بادەمی پاککراون.

عەسکەر ئەوانەبەهەڵە ناو دەبات پێیان وایە جەلیل پاڵەوانی سەر کاغەزە، چونکە بەبڕوای ئەوقسەکردن لەسەر شوێن لەسیاقی کاتەوە بەرجەستە دەبێت، «کاتیش بەدیوە سایکۆلۆجییەکەیەوە تەحەکووم بەئینسانبوون دەکات، لێرەوە دێینەسەر ئەوەی جەلیل قەیسی بەردەوام لەناو شوێن وکاتدا کەسێکی ونبوو بەمانا بوونەکەی وئامادەبە مانا ئینسانیەکەی ، بۆیە ناکرێئەم چیرۆکنووسەبە نائامادە لە قەڵەم بدرێ»

شار ئاماژەیەک بۆ ئەدەبی مۆدێرن

یەکێک لەخەسڵەتی مۆدێرنە لەناو تێکستی ئەدەبیدا ئامادەبوونی شارە بۆیە ئەو دەمەی پەیوەندیی شار و تازەگەری (مۆدێرنە) ئەبێتە خەسڵەتێکی ناسینەوەی کەرکوک ئەو دەمە بوونی گروپی کەرکوک دەبێتە حەتمیەتێکی مێژوویی بۆ ئەدەبێک لەهەناوی مۆدیرنە، مەحمود نەجمەدین باس لەکەرکوک دەکات وەک یەکێک لەشارە پێشکەوتووەکانی عیراق ودەڵێت «پەنجا ساڵ بەر لەئێستا کەرکوک یەکێک بووە لەشارە پێشکەوتووەکانی عێراق. لەڕووی ڕۆشنبیریی و ئەدەبیەوە کەرکوکی ئەو کاتەپایتەختی ڕۆشنبیریی بووە، لەو وێنانەشدا کەماونەتەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوەکەرکوک لەڕووی ژینگەو سروشتیشدا پاک وخاوێن بووە و مەڵبەندی بازرگانیش بووە» داخی ئەوەش دەخوات ئەم کەرکوکەی ئەمڕۆ هەرگیز ئەو کەرکوکەی ڕابردوو نیە تەنانەت لەبڕی پێشکەوتن لەئەمڕۆدا ناوی دەبات بەگەڕانەوە بەرەو دواوە دەڵێت «کەرکوک ئێستا پتر لەوێرانەیەکی گەورە دەچێت و باس کردنی گروپی کەرکوکیش خەونێکە. گەڕانەوەش بۆ سەردەمی ئەوان خەیاڵە»

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت گروپی کەرکوک خەونێکی هێناوەتە دی لەمیژووی ئەم شارەدا ئەمڕۆ حەسرەتی بۆ دەخوازرێت چونکە ئاستی پێشڤەچوونی تیا دەرکەوتووە نەجمەدین چیرۆکی جەلیل قەیسی بەیەکێک لەسیماکانی ئەو دۆخە ناو دەبات، دانا عەسکەریش لەبارەی چیرۆکی جەلیل وپەیوەندیی بەشارەوە بڕوای وایە ئەم چیرۆکنووسەشار وەک بەشێک لەبوونی خۆی تەوزیف دەکات و لەحیکایەتێکەوە شار دەگوازێتەوە بۆ حیکایەتێکی تر، دەڵێت «ئەم نووسەرە بەردەوام لەناو واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی شاردا پانتاییەکی بەربڵاوی بەرجەستەکردووە، بەدیوە ئینسانیەکەشیدا بەردەوام لەناو مەیلی کەرکوکی بووندا ڕەهەندە شاراوەکانی شار دەگەیەنێتەدونیاو دەورووبەر»

عەسکەر باس لەوەش دەکات جەلیل لەناو فەزای شار تووشی جۆرێک لەنامۆیی کوولتووریی و سیاسی بووە ئەوەش وای کردووە شار وەک ڕەهەندێکی شاراوە بەردەوام لای کەسێتی نووسەر فەزایەکی سایکۆلۆجی پێببەخشرێت، دەڵێت «جیاواز لەنووسەرانی تر جەلیل قەیسی بەردەوام بەفیکر، نەک بوون کەسێکی ئامادەبووە لەناو حیکایەت و بیرکردنەوەی کارەکتەرەکانیدا، هەرئەمەشە وای لەو کەسانە کردووە خوێندنەوەی جیاواز بۆ چیرۆکەکانی جەلیل قەیسی بکەن، لەراستیدا ئەم جۆرە تێروانینەش بۆخۆی سەرکەوتووی و دونیابینی ئەم نووسەرە دەخاتە ڕوو»

دەنگێکی ئەبسێردانەی گروپی کەرکوک

جان دەمۆ یەکێکە لەو شاعیرە ئەبسێردانەی ناو گروپی کەرکوک کە ئەدەبەکەی و کەسایەتیەکەی ئاوێتەی یەکتری دەبن ئەوەش وا دەکات محەمەد سابیر لەو دەمەی وەسفی پیاوێکمان بۆ دەکات کەبە بێباکی ومەستیەکانی دێتە گازینۆی منەوەرە سیمای کەسێکە وەک ئەو دەڵێت « کابرایەکی وەک سواڵکەر وابوو»

شانۆکاری عیراقیش د. صەلاح ئەلقەسەب بەهۆی نزیکی لەدمۆ وهەستکردن بەگرنگی ئەو دەنگەی ناو ئەدەبیات تێکستێکی شانۆی وێنەیی خۆی لەبارەی ژیانی ئەو دەنووسێت و ناوی دەنێت (جان دەمۆ وتەنیایی خۆر ئاوابوون) ئەو دەمەی لەبارەی جان پرسیاری لێدەکەین ئەو چاوەکانی پڕ ئەبن لەفرمێسک بەوەسفێک کەئاوێتەی ناو شیعرو تارماییەکانی شانۆی وێنەیی ناوی دەبات باس لەو ڕوانینە تایبەتیە دەکات ئەوەی جان ئەیبینی ئەوانیتر نەیانئەبینی بۆیە ناوی دەبات بەتارمایی گەڕۆک لەپانتاییەکی گەردوونی بەیەکداچوو کە تیایدا دیدگاکان لەسێدارە ئەدرێن مردنی جان بۆ قەصەب بەئەرشیفکردنی یادەوەری نیە بۆیە دەڵێت «تۆ ئێستاکە یادەوەری نیت.. وێنەش نیت ئەلبوم بتپارێزێت ویادگاریەکانت هەڵبگرێت.. تۆ ئامادەبوونیت ئامادەبوونی کولتوریی وژیاریی نیت تۆ دەیالۆگی تۆ مەزنتریت لەوێنە ووشکراوەکان لەتەواوی ئەو یادەوەرییانە مەزنتریت»

بەبڕوای ئەو شانۆکارە ئەو کاتەی دەمۆمان یاد دێتەوە ئەوە گەڕانەوەی یادەوەرییە ئەو یادانەی بەشێوەیەکی ڕۆشن بیرمان نایەتەوە لەخەون ئەچن وەک ئەو خەونانەی کاتێک لەخەو هەڵدەستین وەبیرمان نایەنەوە.

قەسەب دواجار لەبارەیەوە ووتی «جان دەمۆ تاکو ئێستاش ئەو تارماییەکە بە کێشوەرە چۆلکراوەکان تێئەپەڕین تەنیا جان دەمۆی ئیمبراتۆری تیا ئەبینین، بەدەوریا نەورەسەکان دێن وژنەکان بەرەو ڕووی دێن کەجان دەمۆ بەدوایان ئەگەڕێت»

ڕۆمانووسێک لەگروپی کەرکوک

زوهدی دادودی یەکێک لەنووسەرە دیارەکانی ناو گروپی کەرکوک بەتایبەت لەبواری چیرۆک و ڕۆماندا کاریگەری دیاری لەناو ئەو گروپەدا دەست نیشان کردووە تا ڕادەی ئەوەی کاریگەری ئەو تێکستانە لەئەدەبی عیراقیشدا ئاماژەی بۆ کراوە بەبۆچوونی هەندێک ئەو گۆشەگیریی وبێدەنگیەی ئەو نووسەرە بۆ

# و تێکستی شار



خۆی درووستی کردووە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سێسالەی کە ئەو تیایدا زیندانی کراوە.

ئەو نووسەرە دیارترین ڕۆمانەکانی بریتین لە (درێژترین سالْ , سەردەمی هەلاّتن، وەرچەرخانەکان) کە لەبنەڕەتدا سێینەیی دۆلّی کفرانە، سەباح ئیسماعیل (درێژترین سالْ) ی وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی و لەبارەی ئەو سێ تێکستەوە دەلّێت «نووسەر لەم سێینەیەدا باس لەدەڤەری گەرمیان بەتایبەتی وچەقی شاری کەرکوک بەگشتی دەکات، دەکرێت بلّێین رۆمانێکی مێژوویيە وجار جاریش بەفانتازیا مارکیزییەکەی لەڕووداوەمێژوویيەکان دوور دەکەوێتەوە، تا زیاتر بەواقیعەکەمان ئاشنا بکات، هەولّیداوە مێژوو بکات بەکەرەستەی ڕۆمانەکەی نەک ڕۆمانەکە بکات بەکەرەستە بۆ مێژوو، واتا لەپێناو ئایندەدا مامەلە لەگەلْ ڕابردوودا دەکات»

مۆزەخانەیەک بۆ گروپی کەرکوک

مۆزەخانەیەک نیە وەک ناوەندێکی تایبەت بەپاراستنی پرۆژەی بەئەرشیفکردنی بەرهەمەکانی ئەو گروپە کەوەک خەسلّەتی ناسینەوە و سیما ئەدەبیەکانی ئەم شارە بیبینین، چونکەگروپی کەرکوک توانی گۆڕانکاری لەچەندین ئاستی جیاوازدا بکات ئەوەش بۆ نەوەی داهاتوو وەک میراتێکی ئەدەبی ماوەتەوە نەک میراتێک بۆ دامەزراندنەوە چونکە دامەزراندنەوە بەبێ بوونی ئارگۆمێنت وخوێندنەوەی ڕەخنەیی ناتوانین زەمینەیەکی پتەو بۆ تازەگەری بخولّقێنین، نەجمەدین دەلّێت «کۆمەلّێک رۆشنبیری داهێنەربوون وئەدەبی عێراقیان دەولّەمەند کرد و کەرکوکی شەستەکانیش ەەر بەەۆی داهێنانەکانی ئەوانەوە پایتەختی شیعر و چیرۆک و شانۆبووە»



# رۆڵ و کاریگەری قاوەخانە لـ



**بورهان ئەحمەد**

زۆربەی ئەو داهێنانەی لە بوارەکانی ئەدەب و هونەردا کراون , یان ئەو ڕێباز و مەزهەب و ڕێچکە ئەدەبی وهونەرییانەی , کە پاشتر وەک قوتابخانەیەکی ئەدەبی یاخوود هونەری ناسراون , سەرەتا لە لایەن کەسان و گروپگەلێکەوە لەناو یانە و قاوەخانەو چاخانەکانەوە سەریان هەڵداوە , دوواتریش بوونە بە دەنگ و کاریگەرییان بەسەر ناوەندە ئەدەبی و کلتوری و فەرهەنگی وهونەرییەکانەوە بەجێهێشتووە , واتە دەکرێ بڵێین بە درێژایی مێژوو قاوەخانە رۆڵی گرنگ و کاریگەری لەمەدا بینیوەو دەبینێ , سوریالی ودادایییەکان لە پاریس , رووانگە و گروپی کفری , گروپی هەولێر , رەهەندییەکان , گروپی ناسرییە و گروپی یەکەم ودووەمی کەرکوک ..هتد ...زۆربەی ئەم گروپانە , قاوەخانە یەکەم شوێنی سەرهەڵدان و گردبوونەوەیان بووە , قاوەخانە ئەو شوێنە بچووکەی , کە هەموو جۆرە گفتووگۆ و دیالۆکێکی تیادا ئەنجامدراوە و دەدرێ , پاشتر ئەوانی فرێداوەتە دەرەوەی خۆی , لەو جێگا تەنگ و تە سکە دەربازی کردوون و بۆ جیهانێکی بەرینتروو جوگرافیایەکی فراوانتروو خەیاڵێکی گەورە و بەپیتتر دەستی گرتوون , تاکو لەوێدا جوانتر دونیا ببینرێ و رونتر روئیاکان بێنە زمان و دوورتریش بفڕن . (محەمەد شوکری ) لە یەکێک لە دیدارەکانی دەڵێت: ( قاوەخانە باشترین شوێن بووە بۆ من , لەوێدا بەچێژترین کاتم لە خوێندنەوەو نووسیندا بینیوە.)

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە شتێک قسەکردنە لەسەر گروپی یەکەمی کەرکوک و تیشک خستنە سەر هەندێ لایەنی درەوشاوەی ژیانی ئەدەبییانەی ئەو گروپەیە , بەڵام بەگوێرەی گروپی دووی کەرکوک , کە ئەسڵەن درێژکراوەی گروپی یەکەمن و (جان دەمۆ )ش بە پێشەنگی دووەم دادەنرێ , چونکە لەناو هەردوو گروپەکەدا ژیاوە و لە هەمووشیان بەتەمەنتر بووە , دەشێ قسەکردن لەسەر گروپی دووەم بۆ بابەت و دەرفەتێکی دی هەڵبگرین , ئەم گروپە , واتەگروپی یەکەم لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکاندا لە کەرکوک سەریانهەڵدا , ئەوان کۆمەڵێک لاوی خوێن گەرم وخەمخۆر بوون , دووای ئەوەی هەست بەگرنگی ئەدەب و رۆشنبیری لە ژیانی کۆمەڵگا و تاکەکاندا دەکەن , سەرەتا وەک چەند هاوڕێیەکی دڵسۆز و بە وەفای یەکتر دەرکەوتن , سەریان پڕبوو لە خەیاڵی گەورە و ئەندێشەی ڕەنگاوڕەنگ , ناووکی یاخی بوون و سەرکێشی لە خوێنیاندا تازە چەکەرەی کردبوو , بەتوێشووی نوێوە بۆ جیهانێکی نوێتر هەنگاوەکانیان دەسپێکرد , روحیان هەڵگری تازەگەری و خوێنیان مووتربەی ئینساندۆستی بوو , ئەوان جیهانیان بەجۆریکی تر دەبینی و بە ڕەنگیکی دی وێنایان دەکرد , لە هەنیەی هەر یەکێکیاندا ئەستێرەیەک دەدرەوشایەوە وەک ئەوەی نەیەوێت ئاوا بێت , لەیەک سات روخێنەر و بنیاتنەرەوە بوون , بۆخولقاندنی واقیعێکی تر و دونیایەکی جیاوازتر , هەر یەکێکیان ناتەباییەکی قوڵی لەگەل واقیعدا هەبوو , خەونێک کۆیدەکردنەوە سیحر و ئەفسوونێکی گەورەی لە گێڕانەوەدا هەڵگرتبوو , ئەوان لە ناو ژینگەیەکی فرە ئەتنی و کلتوورییەوە سەریانهەڵدا , یەکەمین هەنگاویان بۆ بەجیهانی بوون لە ناو یانەو چاخانەکانی کەرکوکەوە دەسپێکرد , چاخانەی (النصر ) ی بازنەیی یان خڕ , کە دەکەوێتە شەقامی کۆمارییەوە و نزیک بە بانکی رافیدەین , ئەو قاوەخانەیە زۆرترین کۆبوونەوە و گردبوونەوەکانی ئەوانی لە خۆ دەگرت , هەفتەی چەند جارێک لەوێدا یەکتریان دەبینی , بیرووبۆچوون وشیعروو چیرۆکیان بۆ یەکتر دەخوێندەوەو دەگۆڕییەوە , ئەم چاخانەیە بە وێنەی ئێستای چاخانەکانی (شەعب ) و (مچکۆ ) و (قاوەخانەی کەلتووری ) رۆژگارێک جێگاو سەنتەری کۆبوونەوەی ئەدیبان و شاعیران و نووسەران بووە لە شاری کەرکوک , بێجگە لەم چاخانەیە چاخانەیەکی دیکەش هەبووە و دەکەوتە هەمان شەقامەوە بەرانبەر بە سینەما سەلاحەدین , خاوەنی ئەم چاخانەیە کەسێک بووە بە ناوی خورشید چایچی , لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان بەپێی گێڕانەوەی مامۆستا موعتەسەم سالێی کۆمەلێک نووسەر وەک محەمەد موکری , زایر رۆژبەیانی , حوسین میسری , جەلیل زەنگەنە , عەلی کەریم , موعتەسەم ساڵەیی , مارف عومەر گوڵ , نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد , ئازاد ئەحمەد ئەسوەد , هەتا دووایی ... هاتووچۆی ئەم چاخانەیان دەکرد , بەڵام زۆر بەداخەوە هەردووچاخانەی ناوبراو لە ئەمرۆدا بایەخ و رۆڵیان نەماوەو , یەکێکیان بووەتە چاخانەیەکی ئاسایی شار و ئەوی دیکەیان جیگاکەی بووەتە شتێکی تروو بۆ مەبەستی بازرگانی بەکار دەهێنرێ , ئێستاکەش لەبری ئەودوو جێگایە چاخانەی (القاهرە ) , کە لە کۆتایی شەقامی کۆماریدایە و دەکەوێتە دیوی (ئەحمەد ئاغا)وە ونزیکەی سەد مەترێک لە چاخانەی نەسرەوە دوورە خەریکە وردە وردە شوێنی هەردوو چاخانەی ناوبراو دەگرێتەوە , هەندێک لە ئەدیب و نووسەران لەوێدا چاویان بەیەکتر دەکەوێ و بیروو بۆچوونیان دەربارەی چەمکی ئەدەب و ئەو تێکست و کتێبە تازانەی لەدونیای ئەدەبدا نووسراون دەگۆڕنەوە , من بۆ خۆم لەو چاخانەیەدا هەر ماوەی جارێک بەپێی پێویست لەگەڵ بەرێزان مامۆستا (فاروق مستەفا ) و (موئەید محەمەدقادر )چاومان بەیەکتر دەکەوێ و قسە لەسەر ناوەندی ئەەبی و هەندێ بابەتی تر دەکەین.

مێژووی سەرهەڵدان و ناووبانگی گروپی یەکەمی کەرکوک بەپێی بۆچوونی بەرێزان دکتۆر ( عەبدوڵڵا ئیبراهیم) و مامۆستا (فاروق مستەفا) دەگەڕێتەوە بۆ نێوان ساڵەکانی ( ١٩٦٤ _١٩٦٨ ) . کاتێک یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی جەلیل قەیسی لە خانەی ( نەهار )لە بەیروت چاپ و بڵاو کرایەوە , ئیدی لێرەوە سەرەتای خۆناساندن دەست پێدەکات , قەیسی بەیەکەمین کەسی ناو گروپەکە دادەنرێ , کە سنووری عێراقی بڕی و زووتر ناسرا , ئەو کات تەمەنی ئەو (٣٠ ) ساڵان بوو , لەکۆتایی ساڵەکانی نەوەتەکانی سەدەی رابردوودا وەختێک (عەبدولرەحمان جۆڵڵا ) ی پەیکەرتاش لە ماڵەکەی خۆیاندا لە گەڕەکی شۆریجە خەریکی ئەنجامدانی پۆرتەریتێک بوو بۆ جەلیل قەیسی , ئێواران بە ئیشتییاقەوە چاوەڕێی هاتنی جەلیل قەیسیمان دەکرد تاکو چەند کاژێرێکی جیاواز و پڕ سوودی لەگەڵدا ببەینە سەر , کە هەموو ئەو ساتانە بارگاوی بوون بە خۆشەویستی بەرانبەر بە ئینسان و شاری کەرکوک , ئێوارەیەکیان قەیسی باسی لە دەسپێکردن و سەرەتاکانی خۆی بۆ کردین لە دونیای نووسیندا , کە چۆن گۆڤار و ناوەندە ئەدەبییەکانی عێراق لە سەرەتادا گرنگییان پێنەداوە و بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەویان بڵاو نەکردۆتەوە , وەلێ پاشتر و بە ڕێکەوت لە ڕێی پێشبڕکێیەکی ئەدەبییەوە چیرۆکێکی لە گۆڤارێکی لوبنانیدا بڵاو دەبێتەوە و خەڵاتیش وەردەگرێ , ئیتر پاش ئەوە ئەو ناوەند و گۆڤارانە زوو زوو نامەیان بۆ ناردووەو داوای بابەتیان لێکردووە , ئەو لە شارێکدا ژیا , کە کۆکتێلێک بوو لە زمان و فەرهەنگی جیاواز , وەک زۆربەی ئەدیبانی نێو گروپەکەو کەسانی رەسەنی شارەکە دەیتوانی بە سێ چوار زمان لە بەرانبەرەکەی بگات , ئەو بەتەنیشت بیرە نەوتەکانەوە ژیا , دراوسێی باباگوڕگوڕ بوو , بۆ ماوەیەک لە کۆمپانیای نەوتی باکوور کاری کرد , دەشێ پەڵەو پنتکی ڕەشی نەوت بە سەر رووخساروو جل و بەرگەکەیەوە نیشتبێتەوە , دەشێ بۆنی نەوت وەکو زۆربەمان تەنگەنەفەسی کردبێ , بەڵام هەرگیز پەیڤینی نەوت نەیتوانی بچێتە خوێنییەوە , وەک ئەوەی لە ئەمرۆدا نەوت خەریکە تەواو دونیا فریو دەداو لەدووری هە زار میلەوە زۆرێکی سەراسیمە کردووە. کارە داهێنەرەکانی ئەو لە بواری کورتە چیرۆک و شانۆدا زۆر زوو ناسرا , کاردانەوەیەکی گەورەی بەسەر ناوەندی ئەدەبی عێراقی و عەرەبیدا هەبوو , هەر بۆیە لەگەڵ کۆمەڵێک ناوی تردا , کە لە شاعیر و چیرۆکنووسی شارەکە پێکهاتبوون لەکۆتایی شەستەکان بە ناوی گروپی یەکەمی کەرکوک دەناسرێن و لە سەرەتای حەفتاکانیش ئەم ناوە بەتەواوی جێگای خۆی



# ه مێژووی ئـەدەبـدا ..

دەکاتەوە و جێگیر دەبێت. ئەم ناو لێنانە یان نازناوە ئەدەبییە هەڵبژاردەی خۆیان نەبوو , بەڵکو لە لایەن ناوەندە ئەدەبی و میدیاکارەکانی شاری بەغداوە درایە پاڵیان. لەسەرووبەندی دروستکردنی پۆرتەریتەکەی قەیسیدا ئێواران بۆ ئەوەی لەشەقامە گشتییەکەی گەڕەکی شۆریجە وەک ڕێزگرتن لەو داهێنەرە گەورەیە ئەو بپەڕێنینەوە , یەکێکمان دەستمان دەگرت , چونکە ئەو لە ئێمە گەلێک بەتەمەنتر بوو , ئێمەش لە تافی لاویدا بووین , دووا ئێوارەیان , پاش تەواوبوونی پۆرتەرێتەکە پێی وتین ): ئەمە چەند ڕۆژە دەبینم ئێوە زۆر ئاگاداریم دەکەن و بە تەنگمەوە دێن , نا ئێمە دەبێ هەموومان ئاگامان لە یەکتری بێ و بەهۆڵی یەکترییەوە بین و گرنگی بە یەکتر بدەین ).

بەپێی ئەو وتار و لێکۆڵینەوانەی لە سەر گروپی یەکەم نووسراون ڕاو بۆچوونی جیاواز هەیە لەمەڕ ناوەکانی نێو گروپەکە , لەدانان و ریزبەندی و زیادوو کەم کردنیان و لە جێگۆرکێ کردن بەو ناوانە , لەهەندێ شوێندا ئەم ناوانە , (جەلیل قەیسی , فازل عەزاوی , موئەیەد راوی , سەرگۆن پۆلس , جان دەمۆ , یوسف سەعید و فاروق مستەفا ) وەک دامەزرێنەری گروپەکە دەستنیشانکراون , لێ لەهەندێ شوێنی تردا (سەلاح فایق و زوهدی داودی و محێدین زەنگەنە و ئەنوەر غەسانییان دەخرێتە سەر , لەهەندێ شوێنی دیکەشدا ناوگەلێکی تر خزاوەتە نێو گروپەکەوە. بەڵام ئەوەی مایەی هەڵوەستە و قسە لە سەر کردنە ئەو ڕێکەوتە جوانە بوو کە ئەوان لەسەری رێککەوتبوون , ئەوەش لە چوارچێوەی ئەو خوولیا ئەدەبییە رەنگی دابووەوە , کە ئەوان جیهانیان تیادا ناسیبوو , لەمیانەی ئەو ئارەزووەی بۆ تێکدانی دونیا و سەر لەنوێ بنیاتنانەوەی لە لای ئەواندا هاتبووە کایەوە , ئەو پرۆتۆکۆڵەی ئەوان ئیمزایان کردبوو بریتی بوو لەو خەیاڵە جوانەی بۆ ئەدەب و نوێکردنەوەی هەیانبوو , ئەو خەیاڵە تازەیە بووبووە سفرە و چەترێک هەموویان لە سەری و لە ژێریدا کۆبووبوونەوە , لەسەرەتادا هەندێکیان نازناوی ئەدەبی بۆ خۆیان دادەنێن , وەلێ پاشتر , دووای ئەوەی دونیا باشتر دەناسن دەسبەرداری ئەو نازناوانە دەبن , ئیدی خۆیان بە ڕۆڵەی شار دادەنێن , درک بەوەش دەکەن , کەشار هەڵگری هیچ خەسڵەتێکی خێڵگەری و عەشایرگەری نییە , بەتایبەتیش بۆشارێکی وەک کەرکوک کە پێکهاتەیەکی فرە زمان و فرە ئەتنی و کلتوری و ڕۆشنبیرییە ئەم نازناو دانانە تەواو ناکۆک و ناتەباو نەگونجاوە. لە بری ئەم دەستبەردانبوونە دەستپێوە گرتنێکی دی بە توندی لە لایاندا جێگای خۆی دەکاتەوە , دیدگایەکی تر لە تەماشایاندا دەخولقێ , ئەوەش بینینی بەهاکانی ئینسانە , تەنیا وەک ئینسانێکی ئازاد لە چوارچێوەی خەم و خوولیاو ئومێد و ئارەزووەکانی.

زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئەوان و گفتوگۆی ئاساییان بریتی بووە لە هەر سێ زمانەکەی شاری کەرکوک , واتە لە وتووێژی نێوانیان لە تورکمانییەوە کردوویانە بە کوردی و پاشتریش گۆریویانەتە عەرەبی و بە پێچەوانەوە , هەموویان بە هەر سێ زمانەکە توانیویانە لە یەکتر بگەن .بەدرێژایی مێژووی عێراق بارووددۆخی کارەسات ئامێزوو خوێناوی هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی هەمیشە ئەدیب و نووسەران , داناو ڕۆشنبیرەکانی وڵات بەجێبهێڵن و بکەونە ئەو دیو یادوەرییەکانەوە , بێجگە لە یوسف حەیدری , ئەوانی دی رێگای کۆچ و مەنفا هەڵدەبژێرن , بە وڵاتانی گوێ زەویدا بڵاودەبنەوە , جەلیل قەیسیش دەگاتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا , بەڵام پاش ساڵێک لە غوربەت دەگەڕێتەوە شاری کەرکوک و بۆ هەمیشە تیایدا نیشتەجێ دەبێ تا لە ساڵی ٢٠٠٦ بەیەگجاری چاو لەیەکدەنێ و کۆچی دووایی دەکات , ئەو عەشق و خۆشەویستە تایبەتەی قەیسی بۆ شاری کەرکوک هەیبوو پاڵنەری سەرەکی بوون بۆ گەڕانەوەی.

کاراکتەرەکانی نێو چیرۆک وشانۆگەرییەکانی هی سەردەمانی سۆمەری و بابلییەکان بوون , ئەوانی دەگەڕاندەوە نێو جادە و بانەکانی شاری کەرکوک و قەڵا دێرینەکەی , هەمیشە قارەمانەکانی نێو مێژووی دەهێنایەوە ئەم سەردەمە , ئازایەتی و جوامێری ئەوانی بیر خەڵک دەخستەوە , وەک ئەوەی تەنیا لەواندا وەفاداری و خۆشەویستی و پاکێتی مابێ , هەمیشە نزیک بە هەناسەکانی ئەوان دەژیا , قەیسی لەژیانی ئەدەبی خۆیدا کەسێکی دوورە پەرێز و تەریک بوو , چێژێکی گەورەی لە سەرمەدی و تەنیایی وەردەگرت , زۆر کەم تێکەڵ بە ئەوانی تر دەبوو , جگە لە چەند هاوڕێیەکی کەمی نزیکی خۆی نەبێ لە کەس نزیک نەدەبووەوە , لەنەوەتەکانی سەدەی رابردوودا زۆر درەنگ درەنگ , مانگێک یان دوو مانگ جارێک لە شەقامی کۆماری کەرکوکدا دەبینرا , ئەوەش بۆ کڕینی هەندێ گۆڤار وەک گۆڤاری (الاقلام ) , ئەو پیاسە کورتەی بە شەقامەکەدا دەیکرد , بە سڵاو و چەمانەوەیەک بۆ هەندێ نووسەرو ناسیاوی خۆی , بەبێ ئەوەی لەگەڵ کەسیاندا بوەستی , کۆتایی بەو پیاسە و گەشتە بچووکە دەهێنا , لە دووای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە لەگەڵ هەندێ هاوڕێی دێرینی خۆی چەند جارێک لە بۆنە و ڤیستیڤاڵە ئەدەبییەکاندا دەبینرا. گروپی یەکەمی کەرکوک بێجگە لەو هەموو داهێنانەی لە بواری ئەدەبدا ئەنجامیاندا , ئەوان هەڵگری کۆمەڵێک ئەدگار و خەسڵەتی جوانیش بوون وەک پاراستنی ئەو هاوڕێیەتییەی , کە لە سەرەتاوە پەیوەندییەکانی خۆیان لە سەر دامەزراندوو تاکو ئەمرۆکەش ئەستێرەکانی دەدرەوشێتەوە و رایەڵەکانی نەبچڕاوە , ئاگاداری هەواڵەکانی یەکترن و بە دووادا چونیان بۆیان هەیە , لە فلیپینەوە سەلاح فایق داوای ژمارە مۆبایلی مامۆستا فاروق دەکات , ئێستاکەش لە گروپەکەدا ئەوانەی لە ژیاندا ماون , ماوەی جارێک لە بەرلین کۆدەبنەوە و بۆن و بەرامەی یادوەرییەکانیان لە روخساری یەکتردا هەڵدەمژن , خاڵێکی پرشنگداری دیکەیان هەبوونی گیانی قبوڵکردنی رەخنە بووە لە یەکتر , کە بەو پەڕی راستگۆیی و نەرم و نۆڵییەوە لە یەکتریان قبوڵکردووە , لەم رووەوە هەبوونی ئەم گیانە پڕ لێبووردەیی و روحە کەیل بە نەوازشە هەندێجار گەیشتۆتە رادەی ئەوەی بابەت و بەرهەمی یەکتر بدڕێنن بەبێ ئەوەی بەرانبەرەکەی تووڕە ببێت و هەڵبچێ , وەک ئەوەی جان دەمۆ لەگەڵ زۆربەیاندا ئەمەی دەکرد.

بۆ بەراوورد کردنی ئەو جۆرە پەیوەندییە جوانانە لەگەڵ ئەوەی ئەمرۆدا ئێمە گەلێکجار پێویستمان بە گەڕانەوە هەیە بۆیان.

بۆنووسینی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە
١_ جماعه كركوك التتمات اللاحقه / چاپخانەی سەردەم ٢٠١١/ /فاروق مستەفا
٢ _ژمارە ٦٤ و ٦٨ ی گۆڤاری نەوشەفەق /گروپی یەکەمی کەرکوک / دکتۆر عەبدوڵلائیبراهیم

گۆڕینی بۆ کوردی / بورهان ئەحمەد





# بیرەوەریەکانی جەلیل قەیسی دەرب

**نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**

جەلیل قەیسی (١٩٣٧-٢٠٠٦) لە ئاستی ئەدەبی عێراقی و عەرەبیدا وەک چیرۆکنووس و شانۆنامەنووس ناسراوە، خاوەنی چوار کۆمەڵە چیرۆک و چوار کۆمەڵە شانۆنامەیە، جگە لە ژمارەیەکی زۆری ئەو چیرۆکانەی لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بلا□وی کردوونەتەوەو فریا نەکەوت لە کتێبێکدا کۆیان بکاتەوە و چاپیان بکات، دواتر سەرجەمی بەرهەمەکانی لە دوو بەرگدا لە دەزگای ئاراس لە هەولێر چاپ کران.

جەلیل قەیسی بەو پێیەی خەڵکی شاری کەرکووکە، شاری کەرکووکیش بەو پێیەی شارێکی فرە نەتەوەو فرە مەزهەب و فرە ئایینە، ئەم فرە ئیتنییە لە کەسایەتیی جەلیل قەیسی و لە چیرۆکەکانیشیدا رەنگی داوەتەوە، هەر چوار زمانەکەی شاری کەرکووکی زانیوەو دۆستایەتیی لەگەڵ هەر چوار نەتەوەکەی کەرکووکدا هەبوو. هەروەها بەوە ناسراوە کە سەر بە «گرووپی کەرکووک» بوو، گروپی کەرکووکیش بریتی بوون لە کۆمەڵێک نووسەری سەر بە ئیتنییە جیا جیاکان، کورد و تورکمان و عەرەب و ئەرمەن و مەسیحی بوون، ئەم گرووپە فرەیی رۆشنبیرییان لەو شارەدا دەنواند، جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینیان خستبووە لاوەو خەمی سەرەکییان ئەدەب و رۆشنبیری و داهێنان بوو، لەگەڵ یەکتردا بەهەر سێ زمانەکە قسەیان دەکرد، بەرهەمەکانیشیان رەنگدانەوەی ئەو هەستەیان بوو، بیری چەپڕەوی و خۆشەویستیی نەتەوەکانی شارەکەو داهێنان کۆی کردبوونەوە.

من لەساڵی ٢٠٠٤دا گفتوگۆیەکی دوورو درێژم بە زمانی عەرەبی لەگەڵ جەلیل قەیسیدا ساز کردو لە ژمارە ٦ی گۆڤاری (سردم العربی) وسایتی (ئیلاف)و زۆربەی سایتە عەرەبییەکاندا بلا□و کراوەتەوە، پاشان وەرمگێڕایە سەر زمانی کوردی و بە پێنج بەش لە رۆژنامەی ئاسۆ و پاشان لەگۆڤاری نەوشەفەقدا بلا□و کرایەوە، لەوێدا بەدرێژی باسی گرووپی کەرکووک دەکات.

من پرسیاری ئەم پرسیارەم لێکرد: تۆ ماوەیەکی زۆری ژیانت لەکەرکووکدا بەسەر بردووەو تا ئەمڕۆش بەو شارەوە گرێ دراویت. ئێوە لەشەستەکاندا گروپێکتان دروست کرد بەناوی «گرووپی کەرکوک» , زۆربەی ئەندامانی ئەو گروپە دواتر بیرەوەرییەکانی خۆیان نووسیوەتەوەو هەندێ لایەنی پەیوەندییەکانی ئەو گروپەیان ئاشکرا کردووە , تەنها تۆ وابزانم هیچ شتێکت لەبارەی گروپی کەرکووکەوە نەنووسیوە. ئایا بیرەوەریی تۆ لەگەڵ ئەو گرووپەدا چییە؟

-بەڵێ , من کوڕی کەرکوکم , هەر لەم شارەدا لەدایک بووم‌و گەورەبووم‌و کارم کردووە. من بەسەبرێکی رواقیی‌و سوکراتی لەم شارە شووم‌و نەرمەدا دەستم بەنووسین کرد. تەنها کەرکوکییەکی راستەقینە لەم شارە قەشەنگە تێدەگات , چونکە ئەم شارە لەکەمانچەیەک دەچێت کەسی نامۆ دەتوانێت تەنها لەسەر یەک ژێی کەمانەکە بژەنێت , بەلا□م کوڕی راستەقینەی کەرکوک خۆبەخۆ لەتێکڕای ژێیەکانی دەژەنێت‌و ئاوازێکی هارمۆنیی جوان بەرهەم دەهێنێت.

«گرووپی کەرکووک» بۆ ماوەیەکی زەمەنیی دوورو درێژ لەدنیای ئەدەبی ئەم شارەدا وەک مێژوویەکی رەونەقدار دەمێنێتەوە. بۆ نا..ئەم گرووپە زۆر شتیان بەم شارە بەخشی.. ئازیزم نەوزاد زەمەن مرۆڤ دەهێنێتە بوون بەلا□م مرۆڤ خۆی بەهایەک بەزەمەن دەبەخشێت. قەدەری ئێمە وابوو لەم شارەدا رووناکی ببینین.

من لەساڵی ١٩٥٩ دا (فازڵ عەزاوی)ی براو هاوڕێم ناسی.. ئاە.. بەداخەوە خەریکە لەم رۆژانەدا رۆشنایی یادەوەریم کز دەبێت , بەحوکمی زەمەن‌و بەشێوەیەکی دراماتیکی خەریکە یادەوەریم خامۆش ببێت , فازڵ عەزاوی پڕبوو لەحەماسێکی گەرم , هێزێکی رووناک لەرۆح‌و خەیاڵیدا هەبوو و خاوەنی چەندین خەونی جوان بوو , پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە لەسەر نان‌و ئاوی ئیرادەدا بژی. ئەو هەر وەکو میری شاعیرانی کورد شێرکۆ بێکەس کاتێ شیعر دەخوێنێتەوە وا هەست دەکەیت میرابۆی راستەقینەیەو وتارێکی ئاگرین پێشکەش دەکات. لەدەرەوەی شیعریشدا , فازڵ بەویقارێکی کەهنوتییەوە دادەنیشت‌و گوێی لە ئەوانی دی دەگرت , بەو بۆنەیەوە فازڵ گوێگرێکی زۆر چاکە , وشە رووناکەکان بەهێزێکی زۆرەوە کاریان تێدەکرد , ئەو وەکو شاعیرێک بەدوای ئاسمانێک لەجوانترین وشەدا دەگەڕا , فازڵ یەکێ بوو لەبەهرەدارە دەگمەنەکانی ناو گرووپی کەرکووک.

پاشان (موئەیەد راوی)م ناسی , ئەم پیاوە نموونەیەکی سەیر بوو لەرکەبەرایەتی‌و پێداگرتن‌و بێپەروایی‌و بێهودەیی , دەیویست دەست بەسەر هەموو شتێکدا بگرێت , وەک بڵێی بەخەباتێکی سیزیفییانەوە پاسپۆرتی مانەوەی لە بووندا بەدەست هێنابێت.. لەهەناوی ئەم پیاوەدا چاوگێکی ترسناکی پشێوی‌و شڵەژان هەبوو , زیاد لەجارێک بینیومە بەهۆی رکەبەرایەتییەوە , بەبێدەنگییەکی ڤانکوخییانە جگەرەکەی لەنێو لەپی دەستیدا دەکوژاندەوە , زەحمەت بوو بۆی لەگەڵ کەسانی دیکەدا خۆی بگونجێنێت , تەنانەت لەگەڵ ژیانیشدا.. هیچ کاتێکو بۆ یەک چرکەش بیری لەنێوبانگ نەکردەوە، ئەگەرچی بەهرەیەکی چاکیشی هەبوو، بەلا□م بێهودە ئەو بەهرەیەی سوتاند , زۆر گوێی بەکاری داهێنان نەدەدا , باوەڕی بەهونەر هەبوو بەلا□م ئەو باوەڕە خاڵی بوو لەهیوا. دەیزانی بەچاکی گفتوگۆ بکات بەلا□م کەمێک قورس‌و تیژبوو , لەکاتی توندبوونی قسەو گفتوگۆکاندا دەیزانی چۆن بەچەند وشەیەکی سیحراویی‌و بورکانئامێز وا لەکەسانی دی بکات بەهێمنی گوێی لێبگرن , ئەو پیاوێکی رەق‌و توند بوو و رەقییەکی ستالینیانەی هەبوو. بیرم دێت جارێکیان لەزیندان پێکەوە بووین، کاتێک هێنایانەوە بۆ ژوورەکەو پشتی خوێناوی ببوو بەهۆی لێدانی کێبڵەوە , ئەو لەو کاتەدا گۆرانیی دەووت (ئەمە گەواهییەکە بۆ راستی دەیڵێم) , لای ئەو هەموو ئازارەکان ناچیزە بوون. ئەم وشانەی شاعیری پورتوگالی ریکاردۆ رینیس بەسەر موئەیەددا دەگونجێت: (هێشتا لەژیاندام‌و گوێ بەکەس نادەم، من هەمووان ناچاری بێدەنگی دەکەم، ئەوەی قسە دەکات منم).

جارێکیان موئەیەد راوی پێی وتم: جەلیل , دەمەوێ گەنجێکی ئاشووری قۆزو بەهرەدارت پێ بناسێنم کە شیعر دەنووسێت , ئەو کوڕە گەنجە ناوی (سەرگۆن پۆڵس)ە , ئێوارە وەرە بۆ لام لەوێ دەیبینیت.. ئێوارە چووم بۆ لای , بەلاوێکی قۆزو رێکپۆشی ناساندم زۆر لەئەکتەری ئەمریکی کۆچکردوو گریگۆری بیک دەچوو , ئەگەرچی لەفزەکانی ئاشوری بوون بەلا□م بەعەرەبییەکی جوان قسەی دەکردو هەندێ وشەی وای بەکاردەهێنا لەگوێی مندا نامۆ بوون. ئەم گەنجە پڕ بوو لە خۆشەویستی، ئامادەبوو خۆی بکات بەقوربانی، لەپێناوی ئەوەی لەتەک عاشقانی ژیاندا بوەستێت , باوەڕێکی زۆری بەخۆی‌و بەژیان هەبوو , هەردوو دەستەکانی بەهەمان روونیی زمانی قسەیان دەکرد , واتە بەدەستەکانی گوزارشتی لەتوانایەکی ئیحایی جوان دەکرد. حەماسەتی بۆ شیعر دەگەیشتە حەماسەت‌و ئارەزوویەکی سۆفییانە. کاتێکیش لەبارەی ییتس‌و ئیزرا پاوەندو ئیلیۆت‌و ئۆدن‌و بۆدلێرو لۆرەنس قسەی دەکرد , بەکۆمەڵێ وشەی ئاگرینەوە دەدوا بەجۆرێک کاریگەرییەکی زۆری لەسەر گوێگرەکانی هەبوو. ئەویش دیسان لەزەتی لەئازار وەردەگرت‌و دەیووت ئازار شتێکی موبارەکە، بەتایبەتی ئەو ئازارانەی لەرزینت تیا دروست دەکات. سەرگۆن لەبەرامبەر بیری ناچیزەو گفتوگۆی ئەمبریقی‌و نەزۆکدا برۆکانی لێک دەداو تووڕە دەبوو و شوێنەکەی جێدەهێشت , لەراستیدا سەرکۆن رۆحێکی گەشەکردو و پڕ لەحەماس‌و ئیرادەو پڕ لەوزەی هەبوو.

بەلا□م (جان دەمۆ) , شتێکی تر بوو , لەدوای مردنی لەرۆژنامەی (بهرا)ی ئاشووریدا بابەتێکم لەسەر نووسی. ئەو دواهەمین کەس بوو کەتوانی لەخەمۆکییەکەی چاک بێتەوە. بێگومان ئەم پیاوە کەسێکی بەهرەداربوو , بەلا□م هاوکات کەسێکی نائومێدو بێپەرواو هەمیشە مەست‌و ئاوارەو بوهیمی بوو , نەیتوانی سوود لەنیعمەتی بەهرەکەی خۆی وەربگرێت , هەروەکو نەیتوانی سوود لەدەوڵەمەندیی‌و چڕیی مێرگی رۆحە بێکۆتاییەکەی ببینێ , دیسان نەیتوانی سوود لەو خەیاڵەی خۆی وەربگرێ کەبەراستی هەندێ جار خەیاڵێکی فراوانی بێ کەنارو بێ سنوور بوو , من بۆ ماوەی پترلە بیست ساڵ لەگەڵیدا ژیام‌و بێهودە هەوڵم دەدا بیخەمە سەر رێگەی راستی بەهرە جوانەکەیەوە. بەلا□م بۆ یەکجاری کۆچی کردو لەپاش سی ساڵ ژیان لەدنیای ئەدەبدا تەنها «ئەسمال» ەکەی بۆ جێهێشتین.

(ئەنوەر غەسان)یش یەکێ بوو لەوانەی هاتە ناو گرووپەکەوە. گەنجێکی هێمن‌و پتەو و چالاک بوو، لەدنیای کارکردندا پراگماتیزمێکی راستەقینە بوو. کەسێکی دیکەی وەکو ئەوم نەبینیوە کە لەگەڵ مەسەلە فیکرییەکاندا ئەوەندە بەسەبرو خۆگر بێت. چەند چیرۆکێکی جوانی نووسی‌و دەکرا ببێت بەچیرۆکنووسێکی باش ئەگەر ولا□تی جێنەهێشتایە. ئەو زۆرکەم دەینووسی‌و بگرە وازی لەنووسین هێنابوو و باوەڕی وابوو ئەو نەفتالینەی دەتوانێت نووسینەکانی نووسەر لەفەوتان بپارێزێت , بریتییە لەهێزی بەهرە. ئەو هەمیشە بەشێوازێکی ئیدیالی، راستیی دەووت. قەت گوێم لێنەبووە خۆی وەک شارەزایەک دەربخات‌و فشەبکات. ئەو پەرۆشی گێڕانەوەی حەقیقەت بوو.



هەر لەو کاتانەدا خوا لێخۆشبوو (یوسف حەیدەری)م ناسی، لەدوکانی برا زێڕینگەرەکەمدا سەری لێدام , ئەو برایەم لەساڵی ١٩٦٣ دا بەهۆی کاری سیاسییەوە بۆ ماوەی پانزە ساڵ حوکم دراو ئیتر ناچاربووم خۆم کاروباری دوکانەکە بەڕێوەببەم. یوسف حەیدەری هات بۆ لام‌و رۆمانێکی نەجیب مەحفوزی بەدەستەوەبوو , خۆی پێ ناساندم‌و منیش بەگەرمی تەوقەم لەگەڵدا کرد. یوسف حەیدەری لەو جۆرە کەسانە بوو کە هەر دوای دە دەقیقە لەیەکترناسین ئیتر رەسمیاتی نەدەهێشت‌و دەستی دەکرد بەگاڵتەو قسەی خۆش‌و سوعبەت‌و نوکتە. حەیدەری لەو یەکتربینینەدا بەهێمنی‌و بەناسکی باسی نووسین‌و خوێندنەوەکانی خۆی بۆ کردم. بەردەوام لەدوکان سەری لێدەدام. خاوەنی رۆحێکی پڕ لەگاڵتەوگەپ‌و رووخۆشی بوو و بێ پەردە قسەی دەکردو نوکتەی حەیابەرەی دەووت , لەهەمانکاتدا پیاوێکی زۆر عاتیفی بوو , ئەو سۆزە گەرمەی زۆرجار بەسەر نووسینەکانیدا زاڵ دەبوو و هەندێجار تێکی دەدان. من چەندین جار ئەو قسە جوانەی رۆماننوسی فەرەنسی «ئەندرێ جید» م بۆ دووبارە دەکردەوە کە دەڵێ: «بەسۆزێکی گەرم ئەدەبێکی خراپ دروست دەکەین». یەکێ لەسەلبیاتەکانی حەیدەری ئەوە بوو کە زۆر کەللەڕەق بوو و تەنها سواری سەری قسەکانی خۆی دەبوو. سەرباری ئەوەی رۆحێکی جوان‌و رووخۆشی هەبوو و پیاوێکی تابڵێی دڵپاک بوو , بەلا□م هەندێجار زۆر توندو پەڕگیر بوو.

یوسف حەیدەری یەکێ بوو لە دڵپاکترین کەسانی گرووپەکەمان کە بەداخەوە زوو بەجێی هێشتین , لەرۆژنامەی (الپوره)دا ماتەمینییەکی گەرمم بۆ نووسی. ئەو ئازایانە بەرگەی ئازارە جوانەکانی ژیانی گرت. جان دەمۆ و موئەیەد راوی بەرامبەر بەخێزان زۆر بێپەروا بوون‌و خۆیان لەکۆتی خێزان‌و خێزانداری رزگار کردبوو. کەچی یوسف حەیدەری باوکێکی زۆر جوان‌و باش بوو و عاشقی خێزانەکەی خۆی بوو.

دواجار (سەلا□ح فایەق)یش هاتە نێومانەوە. ئێمە هەرهەموومان، جگە لەسەلا□ح‌و یوسف، ئینگلیزیمان دەزانی , بەئینگلیزی رۆمانمان دەخوێندەوەو بەدوای ئەدەبی تازەدا دەگەڕاین، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر نووسینەکانماندا هەبوو. ئێمە ئەوسا بەرێگەو شێوازێکی چاک دەستمان کرد بەنووسینی شیعرو چیرۆکو شانۆنامە، بەچەشنێک نووسینەکانی ئێمە بووە شوێنی سەرنجڕاکێشانی نێوەندی ئەدەبیی بەغدا , ئەوان لەبارەی ئێمەوە دەیانووت (ئەم کۆمەڵە گەنجە وەکو ئینگلیزەکان دەنووسن.. نووسینەکانیان سەیرو ئاڵۆزو، هاوکات تازەشن..).

نەوزاد گیان گرووپی کەرکووک ئەمانە بوون. بەلا□م سەبارەت بەنووسینی بیرەوەرییەکانی خۆم لەگەڵ ئەو گرووپەدا , ئەوا لەو باوەڕەدام ئەگەر بتوانم‌و کاتیشم هەبێت ئەوا بەرنامەیەک بۆ خۆم دادەنێم‌و سەرقاڵی نووسینی ئەو بیرەوەرییانە دەبم.



# ـــــارەی "گروپی کەرکوک"







# گروپی کەرکوک : رامان و بەرئەنجامەکانی



ن / هشام قەیسی
و / بورهان ئەحمەد

بەرمەبنای دیاردەیەکی داهێنەرانەی جیاوازە لەسەر هەردوو ئاستی پێکهاتەیی و شرۆڤەیی، بەپێی ئەو ئامانجەی کە ئەدیب تێکۆشان و هەوڵی بۆ دەدا، لە خودی داهێنانەوە سەرچاوەی گرت و سەریهەڵدا، ئەگەر نوێنەرایەتی هاوچەرخێتی کردبێ و سیما و خەسڵەتەکانی ئازادی و تازەگەری وینا کردبێ، کەواتە لە پرۆسەی گۆرانکارییەکاندا کە لەگەڵ رۆشناییەکانی ئینساندا بگونجێ وەرچەرخانی هێنایە ئاراوە، لە وەرچەرخانەکانی شوێنیشدا. لەناوەندی قەرەباڵغی و کردەی بزاڤی مێژوودا، لەبەرانبەر ئەو چاکەکاری و هەڵە و گوناهانەی بەسەرییەوە کەڵەکە بووە، ئەو گرووپە هیچ ناکۆکییەکی لەگەڵ کۆن و دێریندا نییە، بەبێ روئیا و رامانیش دۆستایەتی تازەگەری ناکات، بەڵکو پەیوەندیگەلێکی نوێی دۆزییەوە و ئاشکرای کرد و بنیاتی ناو خولقاندی بەهاوتەریب لەگەڵ رەهەندێکی زۆرتردا، ئەمەش بریتییە لە کۆی دەستکەوتە دوا بە دوای یەک هاتووەکانی لە رەوتی دەوڵەمەندایەتی مرۆڤایەتی لە وەرچەرخانەکانیدا، کەواتە لەدیمەن و وێناکردنی گروپەکەدا، جوینەوە و دووبارە بوونەوە نییە، خاوەنی پێوەر و بەهاکانی خۆیەتی، هەروەها هەڵگری بەڵگەنامە و دەلالەتەکانی خۆیەتی، ئەمەش لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندی و هاوڕێیەتییە جوانەی لە نێوانیاندا بەرجەستە بووبوو: فازل عەزاوی، ئەنوەر غەسانی، سەرگۆن پۆلس، موئەیەد راوی، جان دەمۆ، سەلاح فایق، جەلیل قەیسی، یوسف حەیدەری، ئەمەش، لە میانەی ئەواندا، دامەزراندن و داهێنان بوو، کە لەرێی ناسین و دۆزینەوەی رێرەوە جیدی و راستەکاندا ئاشکرا بوو، دوور لە شێوازگەری و میکانیزمی، لە بەرانبەر ئەو هەموو پرسیارانەی کە دەکران وەڵامی داهێنەرانەی خۆی هەبوو، نوێبوونەوە لە لای ئەواندا بووبووە راستییەکی بەڵگەدار، گیانباز و سەرکێشانە نووقمی قووڵاییەکان دەبوون، لەپێناو سەرسامیشدا هەڵدەقولانەوە، ئەم سیفات و خەسڵەتانەش لەم گروپە بوێر و رۆشنایی بەخشەدا بەرچاومان دەکەوێ، هەروەها بەپشت بەستن بە مەعریفەیەکی چڕ شیعریان بەرهەم دەهێنا و رووداوگەلێکی هەمەچەشنەی گەرم و گوڕ چالاکییەکانی ئەوانی لە رووی هونەرییەوە دەوڵەمەندتر کرد و پڕیشی کرد لە پرۆسەی خەلق و داهێنان. سکون و جێگیربوونیان هەڵبژارد، خەمی گەورەیان ئینسان بوو، بە دیدێکی کراوە و کاریگەر مامەڵەیان لە گەڵ ژیاندا دەکرد، کە دووبارە بوونەوە و رووخاندنی تێدا نەبوو. بەروئیایەکی قووڵ و جوانییەکی باڵاوە لە ناو رووبەرەکانی مامەڵەکردندا لە شەستەکانەوە تاکو ئەمرۆکە نووقمی نێو رامانەکان بووبوون، هەر بۆیە ئەمە گۆرانکارییەکی هۆشمەندانەیە لە بزاڤی ئەدەبی ئینسانیدا.

=بەرهەمی جۆرا و جۆری شاعیران و نووسەرانی گروپەکە لە جیناسە جیاوازەکانی ئەدەبدا، کە بەڵگەیەکی مرۆیی دەوڵەمەندە و بەرەو جیهانی لەمیانەی درکپێکردنێکی شارستانیدا هەنگاوی ناو خۆی ناساند. ئەمەش بیبلۆگرافیای کتێبە چاپکراوەکانی گروپەکەیە .

یەکەم / لەبواری شیعردا :

ا – فازل عەزاوی : (١٣ ) کۆمەڵە شیعری بەچاپ گەیاندووە , لەوانەش :- سڵاو ئەی شەپۆل سڵاو ئەی دەریا ١٩٧٤ — درەختە رۆژهەڵاتییەکە ١٩٧٦ — گەشتەکان ١٩٧٦ —پیاوێک بەرد دەهاوێتە نێو بیرێکەوە ١٩٩٠ — هەڵکشان تا کانی ١٩٩٣ — لە کۆتایی گشت کۆچەکان ١٩٩٤ — لەهەموو بیرێکدا یوسفێک دەگری ( بەزمانی ئنگلیزی ) ١٩٩٧ — پەپوولەیەک لەرێگایدا بەرەو ئاگر ١٩٩٨ — لەئاهەنگێکی سیحراویدا , خوڵقێنەری موعجیزەکان ( بە ئنگلیزی ) .

ب — سەرگۆن پۆلس : شەش کۆمەڵە شیعری چاپ کردووە لەوانەش : گەیشتن بەشاری کوێ ١٩٨٥ — ژیان لە نزیک ئەکرۆپۆلدا ١٩٨٨ , چرا هەڵگرەکە لەشەوانی گورگەکاندا ١٩٩٦ — ئەگەر لەکەشتییەکەی نوحدا نووستبووی ١٩٩٨ – شایەتحاڵەکانی کەنار ١٩٩٧ — لەوێدا بزری و تاریکی خودی و ئەوان . کۆمەڵە شیعر، وەرگێڕان

دەسنووسی ئەم کۆمەڵە شیعرانەی هەیە

وەستانی روحی کەون، کۆمەڵە شیعر، وەرگێڕان

سواڵکەری چەقۆکان — کۆمەڵە شیعری هەڵبژاردە – بە ئنگلیزی

مەزنییەکی تری سەگەکەی هۆز – ٢٠٠٨ پاش کۆچکردنی

کۆچ لە ئاشورەوە بەرەو وڵاتانی شتەکۆتاییەکان – قەسیدەیەکە

ج — موئەیەد راوی — ئەم کۆمەڵانەی چاپ کردووە –ئەگەرەکانی روونی، وەهمی شار، وەهمی شوێن.

د — ئەنوەر غەسانی — زمانەکانی عێراقی بەچاپ گەیاندووە

ە — جان دەمۆ – کۆمەڵە شیعری دێرینەکان

و — سەلاح فایق , ٥ کۆمەڵە شیعری چاپ کردووە: – بارمتەکان ١٩٧٥ , ئەو وڵاتانە ١٩٧٨ , رێگایەک بەرەو دەریا ١٩٨٣ , کۆمەڵەیەک بە ئنگلیزی ١٩٧٩ , دابڕان و خەونەکان ١٩٨٤

دووەم / لە بواری چیرۆک و رۆمان و شانۆگەریدا

١ — فازل عەزاوی : مەخلوقە جوانەکانی فازڵ عەزاوی , رۆمان ١٩٦٩

قەڵای پێنجەم /رۆمان ١٩٧٢

دوا دەیناسور /رۆمان ١٩٨٠

شارێک لە ژیلەمۆ / رۆمان ١٩٨٩

دوایین فریشتە / رۆمان ١٩٩٢

کۆمیدیای تارماییەکان /رۆمان ١٩٩٦

پێوەلکان / رۆمان ٢٠٠١

فرۆکەکان بەرز دەفڕین / کۆمەڵە چیرۆک ١٩٧٤

بەگوریسێک نیشتنەوە بۆ ئەبەدییەت / چیرۆک ١٩٨٩

٢ — جەلیل قەیسی : حیلە بە دەوری جیهاندا , چیرۆک /١٩٦٨

زلێخا دوورییەکە نزیکتر دەبێتەوە / چیرۆک / ١٩٧٤

لە بەلەمێکدا / چیرۆک / ١٩٨٥

مەملەکەتی تیشکدانەوەی / چیرۆک / ١٩٨٩

گیڤارا گەڕایەوە دەرگاکانتان بکەنەوە / شانۆنامە /١٩٨٣

شانۆگەرییەکان / ١٩٧٩ / شانۆنامە

برووسکەی نێو گەردی یادوەری / شانۆگەری / ١٩٩٣

٣ —یوسف حەیدەری : ئەم کتێبانەی چاپ کردووە

کاتێک دەریا وشک دەکات / کۆمەڵە چیرۆک / ١٩٦٩

پیاوێک شار رقی لێدەبێتەوە / رۆمان / ١٩٦٩

زمانی بزمارەکان / چیرۆک / ١٩٦٨

شەقامەکانی شەو / کۆمەڵە چیرۆک ١٩٩٢/

٤ سەرگۆن پۆلس: ژورێکی چۆل / کۆمەڵە چیرۆک / ١٩٩٦

٣ — لە بواری وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەدا :

فازل عەزاوی : رێزدار فەخامەتی دەیناسور / وەرگێڕان ١٩٩٥

ئاسمان و زەوی / وەرگێڕان / ١٩٩٦

مێشکی لینین / وەرگێڕان / ١٩٩٨

ژیانم لەگەڵ بیکاسۆدا

٢ — سەرگۆن پۆلس : کتێبی پەیامبەری جبران / وەرگێڕانی بۆ عەرەبی

دەریای شەکەتی / لێکۆلیتەوە

ئەفسانەو خۆڵ /سەرگوزشتە

٣ — موئەیەد راوی : سەردانی لینین / حەوت زنجیرەیە / دەق

شوێنی یەکەم .

ئەمە شوێن و ساڵی لەدایک بوون و نیشتەجێبوونی هەندێک لە ئەندامانی گروپەکەیە:

١- فازل گەلۆ عەزاوی لە ١٩٤٠ لە کەرکوک لەدایک بووە , ئیستا نیشتەجێی ئەلمانیایە.

٢- موئەیەد جەمیل شوکری راوی، ١٩٣٩، کرکوک، نیشتەجێی ئەلمانیا.

٣- ئەنوەر مەحمودسامی غەسانی، ١٩٣٩، کەرکوک، کۆستاریکا

٤- سەرگۆن پۆڵس، ١٩٤٤ ، حەبانییە، لە ساڵی ١٩٥٦ هاتۆتە کەرکوک، پاشان چووەتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە سان فرانیسکۆ لە ساڵی ٢٠٠٧ کۆچی دوایی کردووە .

٥- جان دەمۆ، ١٩٤٩، کەرکوک، ئوستراليا، لە ٢٠٠٣ کۆچی دوایی کردووە

٦- سەلاح فایق، ١٩٤٥، کەرکوک ، فلیپین

٧- جەلیل خەلیل قەیسی،١٩٣٧، کەرکوک ، لە ساڵی ٢٠٠٦ لە کەرکوک کۆچی دوایی کردووە .

٨- یوسف ئیبراهیم حەیدەری، ١٩٣٣ کەرکوک، لە ساڵی ١٩٩٣ لە بەغداد کۆچی دوایی کردووە.







# جاندەمۆ و سەرگۆن پۆڵص لەکەرکوکەوە بۆ رۆژئاوا

**رانانی: مەحمود**

ئەم کتێبەی (شاعران من کرکوک- جان دمو سرکون بولص) نوری بترس کاری کۆکردنەوە و ئامادەکردنی بۆ کردووە و لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی رۆشنبیریی کلدانییە، لەعەینکاوە. کتێبەکە لەدووتوێی ٣٤٩لاپەڕەدایە. ناوەرۆکی کتێبەکە لەدووبەش پێکدێت و بەشی یەکەم لەبارەی شاعیر جاندەمۆوەیە و بەشی دووەم لەبارەی شاعیر سەرگۆن پۆڵسەوەیە. جگە لە چەند دیدارێک کە لەگەڵ جاندەمۆ و سەرگۆن پۆڵصدا سازکراوە سی و پێنج بابەت و وتار لەبارەی ئەم دووشاعیرەوە نووسراوە و لەم کتێبەدا کۆکراوەتەوە و بابەتەکان لەبارەی ئەزموونی شیعری و ژیان و یادگاری ئەو دووشاعیرەن. لەو نووسەر و رەخنەگرەعێراقیانەی کە لەنێو ئەم کتێبدان و بەباتەبەشداریان کردووە بریتین لە (د.بهنام عەتائەڵلا- عەبدوەزان- صاڵەح کازم- ئەحمەد عەبدولحوسێن — فاتیمە موحسین- د.زەینەب هادی حەسەن- عەبدولقادر جەنابی —محەمەدعەباس- سەعدی یوسف- حوسێن عەلی یونس- توفیق تەمیمی- یونادم بنیامین- ئازاد ئەحمەد- فەیسەڵ جاسم- حەمزە مستەفا — سەلاح قەسەب- هیشام قیسی- د. عەبدوڵلائیبرایم- عەلی حەسەن فەواز- فاروق مستەفا- حەسەن شامی- ماجید سامەرایی و.......هتد..)

بابەتەکانی نێو ئەم کتێبە لەبارەی شێوازی نووسینی هەردووشاعیرەوەیە، لەبارەی عەبەسیت و کاریگەری سوریالیزمەوەیە لەشیعری جاندەمۆدا. جاندەمۆ لەشیعرەوە یاخیبوونی بەرپاکرد. لەمەیخانەکانەوە شیعری نووسی، شیعری یاخیبونی نووسی. جان ئینگلیزییەکی باشی دەزانی و ئەو ئینگلیزی زانینە و خوێندنەوە پێی وای کرد کە رۆشنبیریی جان دەمۆ فراوان بێت، نەک جاندەمۆ بگرە زۆرینەی ئەندامانی گروپەکە بەهۆی کۆمپانیای نەوتەوە ئینگلیزیان دەزانی و پێیان دەخوێندەوە ودەقی ئەدەبی بیانیان پێ وەردەگێڕا. جگە لەوەش زمانی نەتەوەکانی کەرکوک تورکمانی و کوردی و عەرەبی یان باش دەزانی و هەموویان زمانی یەکتریان دەزانی، هەربۆیە ئەندامانی ئەو گروپە ئاگاداری ئەدەب و رۆشنبیری دونیای سەردەمەکەی خۆیان بوون و هەر ئەو کاتە جاندەمۆ و سەرگۆن پۆڵص شیعری ولیم ستانلی میروین یان دەخوێندەوە و وەریاندەگێڕایە سەر زمانی عەرەبی، میروین ئەو شاعیرە ئەمریکییەیە کە تا ئەمڕۆش لەنێوەندی رۆشنبیریی ئێمەدا شتێکی ئەوتۆی لەبارەوە نەوتراوە و نەناسراوە و شیعرەکانی وەرنگێڕدراوەتەسەر زمانی کوردی.

جاندەمۆ و سەرگۆن پۆڵص لە زاکیرەی ئەدەبیەکانی عێراق و عەرەبی دوو ناوی درەوشاوەن، سەدان بابەتیان لەبارەوە نووسراوە و چەندەها لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەزموونی شیعریی ئەم دووشاعیرەوە نووسراوە، ئەو بابەتانەی لەم کتێبەدان بەشێکن لەو نووسین و وتارانەی کە لەسەر ئەم دووشاعیرە نووسراون. کە باس لە ئەزموونی شیعریی و ژیان و سەرهاتی ئەو دووشاعیرە دەکەن.

جاندەمۆیەکێکە لەشاعیرانی گروپی کەرکوک و ئەم شاعیرە لەکەرکوک لەبنەماڵەیەکی مەسیحی لەدایکبووە و لەکەشی کەرکوکداژیاوە و پاشان رووی لەبەغدا کردووە و لەوێشەوە بۆ لوبنان و پاشان بۆ ئوستورالیا و دواویستگەشی مردن بووە لەتاراوگە. ژیانی جاندەمۆ بەسەرخۆشی و لە سووچی پەراویزیدا بووە، لەپەراوێزخراوەکان بووە و هەمیشە دوووربووە لەچاوی کامێرا و رۆژنامەکانەوە بەسەرخۆشی لە مەیخانەکاندا شیعری نووسیوە، جان دەمۆ لەخۆوە شیعری نەنووسیوە و لەخۆوە وشەی ریز نەکردووە. ئەڵبەتە کەسێکی سەرخۆشبووە و لەسەعلوکەکان بووە بەڵام دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین کە زمان زان بووە و بەئینگلیزی و بەعەرەبی خوێندویەتێوە و دەقی ئەدەبی وەرگێڕاوە. جان دەمۆ لەو کەشە ترسناکەی رۆژگاری بەعسییەکاندا دەبوو هەر بەوشێوەیە بکات و لە کەوڵی شێتایەتیدا یاخیبوون بەرپابکات. و شیعری ئەو لە نائاگاییدا گوزارشت بوو لە ئاگایی. شاعیر سوریالییانە شیعری نووسی و سوریالییانە ژیا و بەکاریگەری شاعیرانی سوریالی رۆژئاوا توانی تازەگەری لەشیعردا بکات و هەر وەکو هاوڕێکانی لەگروپی کەرکوک توانی داهێنان بکات و شیعری عێراقی دەوڵەمەند کرد.

هەرچی سەرگۆن پۆڵصە لەشیعردا گرنگی بەگێڕانەوەدا و لەشیعرەکانیدا کاری لەسەر گێڕانەوەی رووداوەکان دەکرد و زاکیر شیعری دەنووسیوەوە. پۆڵص شاعیری کەرکوک و رۆژانی رابردووی کەرکوک بوو و یادە وەرییەغەمگینەکانی نیگارکردووە. سەرگۆن پۆڵص لە حەبانییە لەدایکبووە و پاشان چووەتەکەرکوک و دوای ئەوەش رووی لەلوبنان کردووە و لەوێشەوە بۆ ئەمریکا و دوا ئەوەش بۆ ئەڵمانیا و بەرئەنجام لە تاراوگە و دوور لەکەرکوک وەکو جاندەمۆ سەری نایەوە. ئەم دووشاعیرە وەکو هاوڕێکانیان لەگروپی کەرکوک کاریگەرییان هەبووە لەسەر ئەدەبی عێراقی و توانیان داهێنان بکەن. لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبیش ناو و ناوبانگیان وەک داهێنەرەکانی ئەدەبی عێراقی شەستەکان بڵاوبووە. ئەم داهێنەرەگەورانە هەمیشە دووربوون لەچاوی کامێراوە و یاخیبوون لە سیستەمی دەسەڵات و شێوە و ستایلی نووسینی پێشووتر بۆیە هەم لەدەسەڵات یاخی بوون و هەم لە دەبیاتی کۆن. ئەم دوو شاعیرە وەک دوومرۆڤی مەسیحی کەرکوک لەنێو گرووپەدابون و لەساڵانی ژیانیان لەکەرکوکدا توانیان داهێنان بکەن و دەقی داهێنەرانە بنووسن. هەربۆیە کەرکوکی شەستەکان پایتەختی رۆشنبیریی و داهێنان بوو و ئەم داهێنەرانە کەرکوکیان بەدونیای ئەدەبی عەرەبی ناساند. تێکڕای ئەندامانی ئەم گروپە کە کورد و مەسیحی و عەرەب و تورکمان بوون و دیالۆگیان دەکرد و هاوڕێی وهاودەمی راستەقینەی یەکبوون بەبێ ئەوەی گوێ بدەن بەبابەتی نەتەوە و ئاین. ئەوەی سیاسەتی بەعس لەو شارەدا کردی ئەمان لەنێو خۆیاندا هەڵیانوەشاندەوە و سەلماندیان ئەوە سیاسەتێکی نادروستە و ئەوان سەلماندیان کە ئەو نەتەوانە دەتوانن وەک برا بەیەکەوە بژین. ئەوانەش کە لەم کتێبەدا بەنووسن و بابەتی رەخنەیی لەبارەی ئەم دووشاعیرەوە نووسیویانە نووسەرانی کورد و مەسیحی و عەرەب و تورکمانن. جاندەمۆ و سەرگۆن پۆڵصیش دووشاعیری مەسیحی بوون و رێزیان لەهەموو نەتەوەکانی تری شارەکە گرتووە وئەندامانی دیکەی گروپەکە مە هەریەک لەنەتەوەیەکبوون هەموو هەربەو جۆرە بیریان دەکردەوە و ئەوان کێشەی نەتەوەییان دروست نەدەکرد و بەردەوام بیریان لە ئاشتەوایی زیاتر و دۆستایەتی زیاتردەکردەوە لەنێوان نەتەوەکانی تر. بیریان لەداهێنان دەکردەوە، هەربۆیە کەرکوکی شەستەکان تا حەفتاکانی سەدەی رابردوو شاری شارستانییەت و ئەدەب و رۆشنبیری و ئاشتیخوازی بوو. مەڵبەندی ئەدەب و هونەر و رۆشنبیری و تەنانەت بازرگانیش بوو. بەڵام کەرکوکی ئەمڕۆ شارێکی وێرانە و مەڵبەندی کوشت وبڕ و کاولکردن و تەقینەوەیە! هەرچی نەتەوەکانی شارەکەشە ناتوانن وەک رابردوو بژین و دۆستی یەکبن. ئەڵبەتە هەوڵی جیدی دەدرێت بۆ گەڕانەوەی کەرکوک بۆ ساڵانی رابردوو، بەڵام کەرکوک لەهەموو روویەکەوە کاولبووە. بەهۆی ئەو بناغە شەڕانگێزییەوە کە بەعس سی چل ساڵە دایناوە، شەڕێکی مەترسیدار هەیە و نەتەوەکانی کەرکوک ناتوانن بە یەکەوەبژین، تۆیی فیتنە و دووبەرەکی و دەستی دەرەکی و سیاسەت و دەستی تیرۆر وای کردووە ئەو شارە بەردەوام لەشەڕدابێت و لەدوای رووخانی بەعسیشەوە لەدووهەزارسێ وە تا ئەمڕۆ شەڕی ناخۆ لەنێو هاوشارییەکانی ئەو شارەدابەردەوامە و هەرچی رۆشنبیرەکانی ئەمڕۆی شارەکەشە ناتوانن چارەسەری ئەو کێشانەبکەن. ئەڵبەتە هەوڵی جیدی دەدرێت و رۆشنبیرەکان هەوڵ دەدەن پەیوەندی نەتەوەکان بگێڕنەوە بۆ سەردەمی پێش هاتنی بەعسیەکان بەڵام ئەوە هەر وا ئاسان نییە وکاری زیاتری دەوێت. هێزی لێبوردەیی و ئاشتیخوازی دەوێت تا کەرکوک ببێتەوە بە سەنتەری رۆشنبیری و ببێتەوە بە شاری شارستانی و رۆشنبیرەگەورەکانی عێراق، تا وەک جاری جاران کەرکوک ببێتەوە بەمەڵبەندی رۆشنبیریی.












# جەماعەتەکەی کەرکوک

خاوەنی ئیمتیاز
د. فواد مەعسوم

سەرنووسەر
ستران عەبدوڵڵا

سەرپەرشتیار
مەحمود نەجمەدین

نەخشەساز
هێمن ئیبراهیم

رۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەریدەکات 21th Year No: 5875 Mon. 10 / 9 / 2012